ئۆتیزم و خێزان

رەحمان عەلی

چاپی دووەم

2014

ئۆتیزم وخێزان

رەحمان عەلی

٢٠١٤

چاپی دووەم

- ناوی کتێب: نۆتیزمو خێزان
- نووسەر: رەحمان عەلی
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- پێداچوونەوەی چاپی دووەم: د. ئەفرام محمد حسن
- بەرگ و دیزاین: گۆران جەمیل
- ساڵی چاپ: چاپی دووەم ٢٠١٤
- چاپخانە: چاپخانەی هاوار
- سەرپەرشتی چاپ: کۆمەڵەی نۆتیزمی کوردستان – لقی سلێمانی
- تیراژ: ١٥٠٠ دانە
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

ژمارەی سپاردنی (١٢٦٤)ی ساڵی (٢٠١٣) پێ دراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

وَنُنَزِّلُ مِنْ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ وَلا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلاَّ خَسَاراً

(٨٢) سورة الإسراء.

صدق الله العظيم

پێشکەش

- ئەم دیارییە بچووکە پێشکەشە:
- بەمندالآنی ئۆتیزم پێش هەموو کەس.
- بەو دوو مرۆڤەی تا دەمرم لەبیریان ناکەم، هەرچەندە لێم دوربن (دایکم و باوکم).
- بەهاوسەرەکەم‌و هەردوو کچەکەم (ئیلیان‌و لەیان).
- بەهەموو ئەو کەسانەی خزمەتی مندالآنی ئۆتیزم دەکەن.

ڕەحمان عەلی

سوپاس و پێزانین

- سوپاسی ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO) و کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستان کە ئەرکی چاپی دووەمیان گرتە ئەستۆ.

- سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم، کە هاوکارییان کردم لە بەچاپگەیاندنی ئەم بەرهەمە.

- سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم. کە ئۆتیزمیان پێ ناساندم. تا بتوانم بچووکترین خزمەتیان پێ بکەم.

ڕەحمان عەلی

ناوەرۆک

ژ	بابەت	لاپەڕە
١	پێشکەش	٤
٢	سوپاس و پێزانین	٥
٣	پێشەکی چاپی دووەم	٨
٤	لە بری پێشەکی	١٠
٥	بەشی یەکەم	١٣
٦	ئۆتیزم چیە؟	١٤
٧	نیشانەکانی ئۆتیزم	١٦
٨	دەستنیشان کردن	٢٧
٩	جیاوازی نێوان منداڵی ئۆتیزم و منداڵی ئاسایی	٣٧
١٠	گەشەی سروشتی منداڵ	٤٠
١١	جۆرەکانی تێکچوونی گەشەی گشتی	٤٦
١٢	هۆکاری ئۆتیزم	٥١
١٣	مێژووی ئۆتیزم	٥٤
١٤	ڕێژەی توشبووان	٥٦
١٥	چارەسەری ئۆتیزم	٥٨
١٦	سەرچاوەکان	٧٧
١٧	بەشی دووەم	٧٩
١٨	ئۆتیزم و خێزان	٨٠

١٩	کاریگەری ئۆتیزم لە سەر خێزان	٨٤
٢٠	فێرکردنی منداڵی ئۆتیزم	٨٩
٢١	گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی فێرکردن	٩٣
٢٢	هەڵسەنگاندنی منداڵی ئۆتیزم	١٠٣
٢٣	دروست کردنی پەیوەندی	١٠٧
٢٤	ئۆتیزم و ژینگەی دەروە	١١٠
٢٥	ئۆتیزم و وێنە	١١٣
٢٦	ئۆتیزم و قوتابخانە	١١٦
٢٧	پلان و بەرنامە	١٢٠
٢٨	ئۆتیزم و یاری کردن	١٢٥
٢٩	گەشەکردنی توانایڕۆژانەلەڕێگەی چالاکییەوە	١٣٠
٣٠	بەکارهێنانی ناوی شتەکان	١٣٤
٣١	ئۆتیزم و بەهەرمەندی	١٣٨
٣٢	ئۆتیزم و دەربڕین	١٤٠
٣٣	ئۆتیزم و خۆشەویستی	١٤٣
٣٤	ئۆتیزم و ... پاداشت و سزا	١٤٦
٣٥	هەندێ ڕێنمایی بۆ خێزان	١٥١
٣٦	کورتەیەك لە سەر نووسەر	١٥٥

پێشەکی چاپی دووەم

کاتێك چاپی یەکەمی کتێبی (ئۆتیزم و خێزان)م خستە بەردەستی خێزانی منداڵانی ئۆتیزم، زۆر خۆم بە بەختەوە زانی بەتایبەت کە زۆر خێزان پەیوەندی پێوە کردم و دەستخۆشیان لێ ئەکردم، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەوڵ بدەم کاری باشتر ئەنجام بدەم و خزمەتی زیاتر بکەم، بە تایبەت چاپی دووەمی ئەم کتێبە.

لە چاپی یەکەمی ئۆتیزم و خێزاندا کە کۆمەڵێك بابەتی توێری و مەیدانمان خستبووە روو بۆ خێزانەکان، توانیمان لە چاپی دووەمدا کۆمەڵێك بابەتی بۆ زیاد بکەین، وەك ئەو بەرنامە و پرۆگرامانەی بۆ منداڵی ئۆتیزم بە کار دێت.

ڕەنگە چاپی یەکەمی کتێبەکە تۆزێك خێرایی پێوە دیار بێت، ئەمەش بە هۆی زەرورییەتی ئەو کتێبە بوو وەك سەرچاوەیەك بۆ خێزانی منداڵانی ئۆتیزم لەو کاتەدا، بەڵام لە چاپی دووەمدا توانیمان ئەو کەم و کوڕیانە چاك بکەین.

بۆچی ئۆتیزم و خێزان؟ مەبەستم لە کتێبە ئەوەیە کە خێزان بە پلەی یەکەم سوود وەربگرێت، چونکە خێزان هاوکاری یەکەمی منداڵی ئۆتیزمە، پاشان سەرەتای پەیوەندی و پێشکەوتنی منداڵی ئۆتیزم لە خێزانەوە دەست پێ دەکات، بۆیە

دەبێت بەردەوام خێزان پڕ چەك بێت لە زانیاری و بەرنامەکانی ئۆتیزم، بە تایبەت کە لە وڵاتی ئێمەدا هێشتا نەتوانراوە سەنتەرەکان بە شێوەیەك بێت کە سەرجەم منداڵانی ئۆتیزم لە خۆ بگرێت و خزمەتیان بکات.

داواکارم لە خوای گەورە ئەم کتێبە سوودێکی باش بە خێزانی منداڵانی ئۆتیزم و پسپۆران و ڕاهێنەرانی منداڵانی ئۆتیزم بگەیەنێت، لە هەمان کاتدا ئەم کتێبە هاندەرم بێت بۆ توێژینەوە و بابەتی زیاتر لە پێناو خزمەتی زیاتری منداڵانی ئۆتیزم.

ڕەحمان عەلی

سلێمانی / ٢٠١٤

لەبری پێشەکی

بۆ ماوەی حەوت ساڵ وەك پسپۆری کۆمەڵایەتی لەدەزگای چاکسازی (بەندیخانە) بەهەموو بەشەکانییەوە کارم کردوە، خزمەتی ئەو کەسانەم کردوە، کە سەرپێچی یاساییان کردبوو، بەڵام خۆشبەختانە دواجار خۆمم لەم بەشە دۆزییەوە، واتا بەشی ئۆتیزم، ئەگەر کەس بەزیادڕەوی نەزانێت، ئەوە دەڵێم لەتەمەنمدا ئەوەندە خۆم بەبەختەوەر نەزانیوە، تا ئەو کاتەی خزمەتی ئەم منداڵانەم کردوە، بەتایبەت کاتێك دڵی خێزانێك خۆش دەکەین و پێی ڕادەگەیەنین، منداڵەکەتان ئەمرۆ ئەو کارەی ئەنجامدا، ئەو خۆشییە لەچاوی ئەو خێزانانەوە بەدی دەکەین، بەڵام زۆر بەداخەوە کە ڕەنگە نەمانتوانی بێت، دڵی هەموو خێزانەکانی ئۆتیزم وەك یەك خۆش بکەین، ئەمە زۆر دلگرانی کردوم لەمیانەی کارەکەمدا، بەڵام ئەو ئومێدەم هەیە، ڕۆژێك لەڕۆژان خوای گەورە یارمەتیمان بدات، کە بتوانین دڵی هەموو خێزانەکان وەك یەك خۆش بکەین.

زۆر هۆکارو فاکتەر پاڵنەرهەبوون بۆ ئەم توێژینەوەیە، گرنگترینیان نەبوونی یان کەمی سەرچاوەی کوردی لەسەر ئۆتیزم (خود تەنیایی) بوو، چی بۆ توێژەران و ڕاهێنەران، چی بۆ خێزانەکان، ئەکرێت بڵێم مەبەستی سەرەکی لەم

توێژینەوەیـەدا خێزانـە، چـونکە کاتێـك بـەخێزانێك دەوترێـت منداڵەکـەتان ئـۆتیزمی لەگەڵدایـە، ئـیتر ئـەو خێزانـە تووشـی دڵتەنگیو خەمباری دەبێت، ڕەنگە زۆر خێزان مانای ئەو وشەیە نـــەزانێت، یـــان هەنـــدێ خێـــزان یەکـــسەر پەنادەبـــەن بـــۆ (ئینتەرنێت)و لەسەر ئەم بابەتە شت دەخوێننـەوە، بـەڵام ئـەی ئەگـەر خێزانێـك لەلادێیـەك منـداڵێکی ئـۆتیزمی هـەبوو و نەخوێنـدەواریش بـوو؟ ئەمـە کێـشەی گەورەیـە، چـونکە هێـشتا ئێمە نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی کاتێك بەخێزانێك دەوترێت منداڵەکەت تووشـبووە بـەئۆتیزم، ئـیتر کەسـێکی پـسپۆر هـەبێت ئۆتیزمی بۆ شی بکاتەوەو ڕێگەچارەکانی بۆ باس بکات، تەنانەت ڕەنگـە هەنـدێ پزیـشکی بـەڕێز کـە بـە خێزانێـك دەڵێـت منداڵەکـەت نـەتوانێت هـەموو لایەنـەکانی بـۆ شـیبکاتەوە و چارەسەرەکانی بۆ باس بکات, بۆیـە هەنـدێ خێـزان دەیگێڕنـەوە کاتێك پزیشکێك ئاگاداری کردونەتەوە کە منداڵەکەیان ئۆتیزمی لە گەڵدایە, لە پزیشکەکەیان پرسیوە چی دەرمانێکی پـێ بـدەین باشە, چونکە نەزانینی ئەو حاڵەتەو ڕوننەکردنەوەی بۆ خێـزان کێـشەیەکی گەورەیـەو خێـزان دەخاتـە بازنەیـەکی داخـراوەوە, بۆیە هیوادارم ئـەم کتێبـە هاوکـاری خێزانـە بـەڕێزەکان بکات و سوودی لێ ببینن لە خزمەت کردنی منداڵەکەیاندا.

لـەم پێـشەکییە کورتـەدا دەمـەوێت ئـەوە بڵـێم، ڕەنگـە ئـەزموونی ئێمـە لـەم بـوارەدا نەگەیـشتبێتە ئـەو ئاستەی، کـە لێکۆڵینەوەیـەك یـان نووسـینێك لەسـەر ئـەم بابەتـە ئـاڵۆزە بنووسین، بەڵام نەبوونی سەرچاوە بـەزمانی کوردیو نـەبوونی کەسـانی پـسپۆر لـەم بـوارەو کێـشەی خێـزان لەبەدەسـتهێنانی زانیـاریی لەسـەر ئـۆتیزم پاڵنـەرێکی سـەرەکی بـوو، بـۆ ئـەوەی هەوڵ بدەین لە ئێستادا هیچ نەبێت کارێك بکـەینو ئـەم کتێبـە وەك ڕێبەرێك لەبەردەستی خێزاندا بێتو سوودی لـێ ببینێـت، بـەڵام لێـرەدا ئـەوە دەڵـێین، بـەهۆی ئـاڵۆزی حاڵـەتی ئـۆتیزمو لەیەکنەچوونی منـداڵانی ئـۆتیزم لەیـەکتر، بۆیـە مـەرج نییـە، هـەموو خێزانـەکان وەك یـەك سـوود لـەم کتێبـە ببیـنن، بـەڵام دڵنیـام خێزانـە بـەڕێزەکان بـەجۆرێك لـەجۆرەکان سـوودی لـێ دەبینن، داواکارم لەخوای گەورە هاوکاری ئـەو خێزانـە بەڕێزانـە بکاتو شیفای منداڵەکانیان بدات، ئێمە دەزانین ئەو خێزانانە لە چ بـارودۆخێکی دەروونیـی خراپـدا دەژیـن. هیـوادارین ئـەو کەسـانەی سـوود لـەم کتێبـە دەبیـنن هیـوای سـەرکەوتنمان بـۆ بخوازن و دوعای خێرمان بـۆ بکـەن، ئەگـەر سوودیان لێ نـەبینی ئەوە هیوادارین بمانبوورن.

رەحمان عەلی

بەشی یەکەم

- ئۆتیزم چییە؟
- نیشانەکانی ئۆتیزم
- دەستنیشانکردنی ئۆتیزم
- قۆناغەکانی دەستنیشان کردنی حاڵەتی ئۆتیزم
- جیاوازی لە نێوان منداڵی ئۆتیزم و منداڵی ئاسایی
- گەشەی سروشتی منداڵ
- جۆرەکانی تێکچوونی گەشەی گشتی
- هۆکاری ئۆتیزم
- مێژووی ئۆتیزم
- ڕێژەی تووشبووان
- چارەسەری ئۆتیزم
- سەرچاوەکان

ئۆتیزم چییە

ئۆتیزم ـ خود تەنیایی (التوحد) وەك هەر زاراوەیەكی تر چەندین پێناسەی هەیە، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی ئەم حاڵەتە لەهەموو دونیاو بەهۆی گرنگیدانی زیاتری زانایان بەم حاڵەتە، بۆیە هەر كەسەو بەپێی بیروبۆچوونی خۆی پێناسەی كردوە:

ئۆتیزم (وشەیەكی یۆنانییە بەمانای دابڕانو گۆشەگیری دێت) (حسن، ٢٠١٢، لاپەڕە ٢٤٠).

(ئۆتیزم: بریتییە لەتێكچوونێكی ئاڵۆز لەپێشكەوتندا، لەسێ ساڵی یەكەمی تەمەنی منداڵدا دەردەكەوێت لەئەنجامی تێكچوونی فەرمانەكانی مێشكو دەمارەكان) (الاحمد، ٢٠٠٥، لا ١٣).

پێناسەی كۆمەڵەی ئەمریكی بۆ ئۆتیزم ـ ١٩٩٩

كۆمەڵەی ئەمریكی بۆ ئۆتیزم (١٩٩٩) بەم شێوەیە پێناسەی ئۆتیزم دەكات (بریتییە لەتێكچوونی گەشە كە لەسێ ساڵی یەكەمی تەمەنی منداڵدا دەردەكەوێت، لەئەنجامی تێكچوونە دەمارییەكان كە كار دەكاتە سەر فەرمانەكانی مێشكو لەئەنجامدا كار دەكاتە سەر زۆر لایەنی گەشەو دەبێتە هۆی

کـەمی پەیوەنـدیی کۆمەڵایـەتی، کـەمی پەیوەنـدیی زارەکـیو نـازارەکی، ئـەم منداڵانــە وەڵامدانــەوەیان بـۆ شـتەکان زیـاترە لەوەڵامدانەوەیان بۆ کەسەکان، ئـەم منداڵانـە تێکدەچن بەهـەر گۆڕانکارییـەك کـە لەژینگـەدا ڕووبـدات، ڕەفتـارێکی جەسـتەیی دووبارەیـــان هەیـــە، یـــاخود بـــەردەوام هەنـــدێ ڕســـتە دووبارەدەکەنەوە) (سلیمان، ٢٠٠٧، لا ١٢).

لەئەنجامی ئەو پێناسانە دەتـوانین بـەم شـێوەیە پێناسـەی ئـۆتیزم ـ خـود تـەنیایی بکـەین: بریتییـە لەتێکچوونی گەشـەی هەمــە لایەنــەی مێـشك، کـە کـار دەکاتــە سـەر کـارو فـەرمانو چـالاکییەکانی مێـشك، لەسـێ سـاڵی یەکـەمی تەمـەنی منداڵـدا دەردەکــەوێتو لەســێ بــواری ســەرەکییدا کێــشە بــۆ منــداڵ دروستدەکات، ئەو سێ بوارەش بریتییە لە:

١. نەبوون یان لاوازی پەیوەندیی زارەکیو نازارەکی.

٢. نەبوونی یان لاوازی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی.

٣. ڕەفتاری دووبارەو یەك ڕێچکەیی.

ئـەو سـێ خاڵـەی سـەرەوە، سـێ نیـشانەی سـەرەکی منـداڵی ئۆتیزمە بە پێی ڕێبەری دەستنیشان کردنی حاڵەتی ئۆتیزم، کە بە (DSM٥) ناسراوە, بەڵام لەهەمان کاتدا چەندین نیـشانەی تر هەیە، کە لەمنداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر جیاوازە.

نیشانەکانی ئۆتیزم

ئــۆتیزم ـــ خــود تــەنیایی جیــاوازە لەگەمئەندامــە جەســـتەییەکان ، چــونکە کەموکوڕییــەکان لەمێــشکدایەو بەهەڵسوکەوت دەردەکـەوێت, یـان لـە گـەڵ تەمـەن و گەشـەدا دەردەکەوێت، بۆیە زانایان چەند نیـشانەیەکی سـەرەکیان دانـاوە بۆ جیاکردنـەوەی منـداڵی ئـۆتیزم لەمنـداڵانی ئـاسـایی، بێگومـان ئـەم نیـشانەش بەئاسـانی بـۆ پـسپۆران دەرناکـەوێت، پێویـستە دەستنیشانکردنی حاڵەتی ئۆتیزم لەلایەن لیژنـەیەکی پـسپۆڕەوە بێت، لێرەشـدا هێشتا ئاسـان نییـە بـۆ لیژنـەیـەك، کـە بتوانێـت بەخێرایی بڕیاربدات، کە ئەو منداڵـە حاڵـەتی ئۆتیزمـە یـان نـا، چـونکە زۆر حاڵـەتی تـر هەیـە، کـە ڕەنگـە نیـشانەکانی لەگـەڵ ئـۆتیزم لەیـەك بـچن، وەك حاڵـەتی تێکـچوونی گەشـەی گـشتیی دیاری نـەکراو، کە زۆربەی نیشانەکانی لەئۆتیزم ئەچێت.

بەشێوەیەکی گشتی نیشانەکانی ئۆتیزم لـەدوای (١٨) مـانگی تەمـەنی منداڵـەوە دەردەکـەوێت، بـەڵام زیـاتر لـەنێوانی (٢ ـ ٣) ساڵی بەڕوونیو ئاشکرا دەردەکـەون، ئـەم گرفتانـە لەسـێ بـواری سەرەکیدا ڕوودەدات:

١. گفتۆگـۆ (ئاخـاوتن): واتـا منـداڵی ئـۆتیزم نـاتوانێ پەیوەندیی لەڕێگەی قسەکردنەوە دروست بکاتو بەقسەکردن گوزارشت لەپێداویستییەکانی خۆی بکات.

٢. پەیوەنـدیی کۆمەڵایـەتی: منـداڵی ئـۆتیزم ناتوانێـت پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوتەمەنی خۆیدا دروست بکات، بۆ نموونە کە یارییەکی بەگروپ دەکەن، هەر منداڵێك بۆ خۆی یـاری دەکـات، بـێ ئـەوەی بەشـداری هاوڕێکـانی بکـات، یـان وەڵامدانەوەی نییە لەکاتی بانگکردن بەناوی خۆیەوە.

٣. گرفـت لـەبواری ڕەفتـاردا (هەڵسوکەوت): واتـا ڕەفتـاری دووبارەو یەك ڕێـچکەیی، ئـیتر ئـەو ڕەفتـار بـریتی بێـت لـەیاری کردنێکـی نادروسـت بەیارییـەك، یـان خولانـەوەو جولەیـەکی دووبارە (حسن، ٢٠١٢، لاپەڕە ٢٤٠).

نیشانە سەرەکییەکانی ئۆتیزم ـ خود تەنیایی

بە پێی پێوەری (٥ DSM)ی ئەمریکی سێ نیشانەی سەرەکی بۆ ئۆتیزم دانراوە, ئەگەر دوو نیشانە لەو سێ نیشانەیە بوونی هەبوو, ئەوە ناوترێ ئەو منداڵە حاڵەتی ئۆتیزمی لە گەڵدایە, ئەوە پێی دەوترێ هەندێ لە نیشانەکانی ئۆتیزمی لە گەڵدایە, واتا دەبێت ئەو سێ نیشانەیە لە یەك کاتدا بوونی

هەبێت، بەڵام مەرج نیە ئەو سێ نیشانەیە لە هەموو منداڵاندا وەك یەك بێت، بەڵكو لە منداڵێكەوە بۆ منداڵێكی تر جیاوازە، بە شێوەیەكی گشتی ئەو سێ نیشانەیە ئەمانەی خواردوەن:-

١- نەبوون یان لاوازی پەیوەندیی زارەكی و نازارەكی (ئاخاوتن - گفتوگۆ):

لاوازی لەگوزارشتی زمانەوانی یان دواكەوتن لەقسە یان بەكارنەهێنانی پەنجەی ئاماژە، واتا هەندێ منداڵی ئۆتیزم - خود تەنیایی لایەنی ئاخاوتنی (قسەكردن)ی لاوازە، یان بەهیچ شێوەیەك بوونی نییەو تەنانەت زمانی ئامازەش بەكارناهێنێت، ئەو منداڵانەی قسەدەكەن، هەندێ جار وشەی سەیر بەكاردێنن، كە هیچ مانایەكی نەبێت، یاخود وشەیەك یان ڕستەیەك دووبارە دەكەنەوە، كە گوێیان لێ بووە، یان هەندێ جار پڕوپاگەندەیەكی تەلەفیزیۆنی دووبارە دەكاتەوە، یاخود كێشەیان هەیە لە بەكارهێنانی جێناوەكاندا، بۆ نموونە لەبری ئەوەی بڵێت (دەمەوێت ئاو بخۆمەوە) دەڵێت: حەسەن دەیەوێت ئاو بخواتەوە (سایتی فەرمی د.رابیە الحكیم http://www.childguidanceclinic.com)، یاخود بەپێچەوانەوە كە شتێكی پێویست بێت، بەشێوەی پرسیار دەریدەبڕێت، بۆ نموونە دەڵێت (ئاو دەخۆیت)، یان هەمان

ڕستەی بەرامبەر دووبارە دەکاتەوە، منداڵی ئۆتیزم ـ خود تەنیایی تێکچوون یان تەنگەژەیەکی هەیە لەتێگەیشتنی بۆ زمان، بۆیە لەگوزارەشتەکانی دەموچاو تێناگەن (الاحمد، ٢٠٠٥، لاپەڕە ٣٢ و ٣٣).

منداڵی ئاسایی لەتەمەنی ١٨ مانگیدا دەتوانێت بەپەنجە ئاماژە بۆ شتێکی تایبەت بکات، دەتوانێت بەئاماژەو هەندێ وشە گوزارشت لەهەڵچوونەکانی بکات، بێگومان ئەمەش پەیوەندیی چاوی لەگەڵدا دەبێت، بەڵام منداڵی ئۆتیزم ـ خود تەنیایی ئەم توانایەی نییەو گوزارشتەکانی دەموچاوی لەگەڵ دەربرینی هەستەکانی ناگونجێت، ئاماژەکانی لەگەڵ قسەکانی ناگونجێت (سلیمان، ٢٠٠٧، لاپەڕە ٢٤).

هەندێ جار منداڵی ئۆتیزم ـ خود تەنیایی وشەیەك بەکاردێنێت، بەڵام ئیتر بۆ ماوەی هەفتەیەك یان مانگێك نایڵێتەوە یاخود بەپێچەوانەوە بەبەردەوامی دەیڵێتەوە، هەندێ پیت لای منداڵی ئۆتیزم دەربڕینی قورسە. لە ٥٠٪ منداڵانی ئۆتیزم ـ خود تەنیایی توانای قسەکردنیان هەیە، بەشێوەیەك کە نیمچە تێگەیشتراو بێت. سەرەڕای ئەوەی کێشەیان هەیە لەگەڵ توانای زمانەوانی، بەڵام هەندێکی کەم لەمنداڵانی ئۆتیزم

ـ خودتەنیایی گەشەدەکەن لەپیتو ژمارەی نووسراودا (سلیمان، ۲۰۰۷، لاپەڕە ۲۷).

ئەو منداڵانەی فێری قسەکردن دەبن، دەبینین زۆر جار لەمانای وشەو ڕستەکان تێناگەن، بۆیە کە پرسیارێکی ئاراستە دەکەی هەمان پرسیاری تۆ دووبارە دەکاتەوە، بەهەمان دەنگو بەهەمان بەرزو نزمی دەنگ، یان هەندێك جار دوادەکەوێت لەوەڵامدانەوە، ڕەنگە دوای چەندین کاتژمێر هەمان پرسیار دووبارە بکاتەوە. منداڵی ئۆتیزم ـ خود تەنیایی گوزارشتی دەم و چاوی نییە وەك منداڵی ئاسایی، ئەگەر ئەو گوزارشتانەش هەبێت، ئەوە ناتوانێت لەکاتی خۆیداو لەجێی خۆیدا دەری ببرێت، ئەمەش بەپەیوەندیی نازارەکی دادەنرێت. (الجلبی، ۲۰۰٤، لاپەڕە ۳۵).

بەشێوەیەکی گشتی هەردوو پەیوەندیی زارەکیو نازارەکی لای منداڵی ئۆتیزم ـ خودتەنیایی بوونی نییە یان لاوازە، واتا ئەو منداڵانەی قسەدەکەن، قسەکردنەکەیان وەك منداڵێکی ئاسایی نییە، ئەمەش بەنیشانەیەکی سەرەکی لەنیشانەکانی ئۆتیزم ـ خودتەنیایی دادەنرێتو منداڵی ئۆتیزم لەمنداڵی ئاسایی جیادەکاتەوە، بۆیە لەکاتی ڕاهێناندا دەبێت گرنگی زیاتر

بەلایــەنی زمــان بــدرێت، بەتایبــەت دوای ڕاهێنــانی لایەنــە سەرەکییەکان، وەك توانستەکانی ڕۆژانە.

٢- نەبوون یان لاوازی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی:

مەبەســت لەپەیوەنــدیی کۆمەڵایــەتی گونجــانی منــداڵی ئۆتیزمــە لەگــەڵ دەوروبــەردا، ئــەم پەیوەندییــەش لای منــداڵ لەتەمەنێکی ساواییدا دروستدەبێت، بەتایبەت لەکاتی شیرپێدانی منــداڵ لەلایــەن دایکــەوە، بــەڵام ئــەم پەیوەندییــە لای منــداڵی ئۆتیزم ـ خود تەنیایی بوونی نییە یان لاوازە.

. بـۆ نموونـە لەتەمـەنی منداڵیـدا، شیرخواردن لەمـەمکی دایـك ڕەتدەکاتـەوە، کـە ئەمـەش نیشانەیە بـۆ ڕەتکردنـەوەی پەیوەندیی لەگەڵ دایك.

. کاتێـك کەسـێك دەیـەوێت، هـەڵیبگرێت، دەسـت نابـاتو وەڵامدانەوەی نییە.

. نەبوونی بزەی سەر لێو لەتەمەنی منداڵیدا. (مصطفی، ٢٠٠٨، لا ٢٧).

. نەبوونی پەیوەندی یـان نـەبوونی ئارەزوو لەپەیوەنـدی کردن لای منداڵی ئۆتیزم ـ خود تەنیایی بەمنداڵانی هاوتەمـەنی خـۆی، یـاخود پاشەکـشەکردن لەبەسـتنی هاوڕێیـەتی، پاشـان

بەکارنەهێنانی زمان لەپەیوەندیکردن بەکەسانی ترەوە (ارونز و جیتنس، بێ ساڵی چاپ، لا ٣٥). منداڵی ئۆتیزم لەدروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئەو کەسانەی خزمەتی دەکەن (واتا خێزان) سەرکەوتوو نابێت، بۆیە کاتێکی زۆر بەتەنیایی بەسەر دەبات، دەبینین لەهەموو تێکەڵبوونێك لەگەڵ دەوربەر دوور دەکەوێتەوە، هەندێ جار تووڕە دەبێت، کاتێك کەسێك بیەوێت لەگەڵی تێکەڵ ببێت، ناتوانێت لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری بکات، ناتوانێت هاوسۆز بێت لەگەڵ بیروبۆچوون‌و هەستی دەوروبەری، ناتوانێت هاوکاریی پێشکەش بکات، ناتوانن گفتوگۆ دروستبکەن (محمد، بێ ساڵی چاپ، ٣٣ و ٣٤). لێرەشەوە گرنگی پەیوەندیی زارەکی‌و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەوەدا دەردەکەوێت، کە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن‌و بەنەبوونی یەکێك لەو دوو پەیوەندییە، ئەوە ئەوی تر ناتەواو دەبێت، بۆیە پێویستە لەڕاهێناندا پەیوەندیی کۆمەڵایەتی‌و تێکەڵکردنی منداڵانی ئۆتیزم ـ خود تەنیایی بەهەند وەربگیرێت‌و ئیشی لەسەر بکرێت.

٣-هەڵسوکەوتی دووبارەو یەکرێچکەیی:

ڕەفتاری دووبارەو یەکرێچکەیی یەکێکی ترە لەنیشانە سەرەکییەکانی ئۆتیزم ـ خود تەنیایی، بۆ نموونە جووڵەی

دووبارەی لەش باڵەفڕکە یان سەرخولانەوە یاخود خولانەوە بەدەوری خۆی، بێ ئەوەی هیلاك بێت یان یاری کردن بەدەستەکانی (النجار، ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٦).

دووبارەکردنەوەی یارییەکی تایبەت تا ماندوو دەبێت، یاری کردنەکە بەشێوەیەکی یەکڕێچکەیی دەبێت، لەچوارچێوەیەکی تایبەتو بەهەموو شێوەیەك دژی گۆڕانکاری دەوەستێت، یان هەندێ جار تەنها یاری بەبەشێکی یارییەکە دەکات (الاحمد، ٢٠٠٥، لاپەڕە ٤٤).

منداڵی ئۆتیزم ـ خود تەنیایی وەك منداڵی ئاسایی بۆ شتی تازە ناگەڕێت، بەشێوەیەکی سروشتی یاری لەگەڵ شتەکاندا ناکات (سلیمان، ٢٠٠٧، لاپەڕە ٢٨). بێگومان ئەم ڕەفتارە دووبارەو یەکڕێچکەیە لەپەیوەندیی کۆمەڵایەتیو پەیوەندیی زارەکیو نازارەکی دووری دەخاتەوە، لەهەمان کاتدا کێشەی بۆ دروستدەکات لەگەڵ دەوروبەرو دەبێتە گرفت لە بەردەم پرۆسەی فێرکردندا.

هەندێ کەس زیاتر لەنیشانەیەك بۆ منداڵی ئۆتیزم دادەنێن، یان منداڵی ئۆتیزم مەرج نییە، تەنها ئەو سێ نیشانەیەی سەرەوەی هەبێت، هەندی نیشانەی هەڵسوکەوتی تر هەیە، کە منداڵی ئۆتیزمی پێدەناسرێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا مەرج نییە، ئەو نیشانانە لەهەموو منداڵانی ئۆتیزم وەك یەك

بێـت، گـرنگترین ئـەو نیـشانە هەڵـسوکەوتیانە، ئەمانــەی لای خوارەوەیە:

١- یـاریکردنی یەکرێـچکە، نـەبوونی خـەیاڵ لەیاریکردنـدا، بەکارنەهێنانی یاری داهێنان یان داهێنان ناکـات لـە یاریکردنـدا، یاریەکانی یاری دووبارەو یەکرێچکەیە.

٢- نەبوونی تێڕوانین بەچاو (سەیرکردنی بەچاو).

٣- دژی گۆڕانکارییـەکان دەوەسـتێت، کاتێـك هـەوڵ بـدرێت، گۆڕانکارییەك لەیارییەکەیدا بکرێـت، یـان ڕێنمـایی بکرێـت، زۆر بەتوندی توورە دەبێتو ڕەتی دەکاتەوە.

٤- گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی، تێکەڵبوونو مامەڵەکردن لەگەڵ خێزانەکەیو کۆمەڵگا ڕەتدەکاتەوە، حەزنەکردن بەباوەشکردنی.

٥- یـاریکردن بەتـەنهاو حـەز نـەکردن بـەیاریکردن لەگـەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی. یاریکردن بەشێوەیەکی سـەیرو یـاریکردن بەبەشێکی بچووکی یارییەکە (واتە گـەر یـاری بکـات ئۆتـۆمبیلی منداڵان بکات، تەنها یاری بەتایەکانی دەکاتو دەخولێنێتەوە).

٦- سستی یان جوڵەیەکی زۆر بەبێ ئامانج.

٧ - پشتگوێخستنی دەوروبەر بەشێوەیەك، کـە گومـان بکـەن نابیستەو توانای قسەکردنی نییە.

٨- بێدەنگیەکی تەواو یان هاوار کردنو گریـانێکی بـەردەوام بەبێ هیچ هۆیەك.

٩- پێکەنینێکی بێ هۆ.

١٠- نەبوونی سەیریکردنی چاو بۆ دەوروبەر.

١١- قورسی لەتێگەیشتن لەزمانی ئاماژەو کێشە لەتێگەیشتن لەشتە بینراوەکان .

١٢ - دواکەوتنی هەستەکانی (دەستلێدانو بۆنکردنو تامکردنو بیستنو بینین).

١٣- هەستنەکردن بەسەرماو گەرما .

١٤- ترس لەدەنگی بەرز.

١٥- ترس یان نەترسان (لەمەترسییە ڕاستەقینەکان).

١٦ - کێشەی سۆزداریو کێشە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەردا. (الاحمد، ٢٠٠٥، لاپەڕە ١٨).

منداڵی ئۆتیزم لەڕووی جەستەییەوە، هیچ کەموکوڕییەکی نییە، کە لەمنداڵی ئاسایی جیای بکاتەوە (سلیمان، ٢٠٠٧، لاپەڕە ١٧)، ئەو نیشانانە نەبێت، کە لەمامەڵەکردنو ڕەفتاری ڕۆژانە دەردەکەوێت. زۆر نیشانەی تر هەیە، کە منداڵی ئۆتیزم لەمنداڵی ئاسایی جیابکاتەوە، بۆ نموونە (منداڵی ئۆتیزم ناتوانێت داوای هاوکاری بکات لەکەسانی تر لەکاتی ئازار یا لەکاتی پێویستدا، واتا لەکاتی کەوتنو ئازار بەرکەوتن ناڕوات بۆ لای دایكو باوکی تا ئاگاداریيان بکاتەوە (الاحمد، ٢٠٠٥،لاپەڕە١٩).

واتا منداڵی ئۆتیزم ـ خودتـەنیایی وەك منـداڵی تـر پەیوەنـدیی زارەکـیو نـازارەکی نییـە، لەهـەمان کاتـدا ناتوانێـت پەیوەنـدیی کۆمەڵایەتی لەگـەڵ هاوتەمـەنی خۆیـدا دروست بکـات، ڕەفتـاری دووبارەبوونـــەوە زۆر ڕەفتـــار دەگرێتـــەوە، ئـــەم ڕەفتـــارەش لەمنـداڵێکی ئۆتیزمـەوە بـۆ منـداڵێکی تـر دەگـۆڕێ، بـۆ نموونـە هەندێ منداڵ خـو بەیاریکـەوە دەگرێـتو بـۆ هـەر کـوێ بـڕوات، دەبێـت ئـەو یارییـە لەگـەڵ خۆیـدا ببـات، یـاخود خووڵانـەوەو جوڵەیـــەکی زۆر ، بێگومـــان چـــەندین ڕەفتـــاری هەیـــە، کـــە بەڕەفتاری دووبارە ناودەبرێت.

جگە لەو نیشانانەی سەرەوە باسمان کرد، چەندین نیشانەی تر هەیە، کـە منـداڵی ئـۆتیزم جیادەکاتـەوە لەمنـداڵانی تـر، یـان بەشـێوەیەکی گـشتی دەتـوانین بڵـێین، منـداڵی ئـۆتیزم کێـشەی لـەپێنج هەستەکەیدا هەیـە، کـە زیـاتر خێـزان بـەدی دەکـاتو دەتوانێت پەنجە بخاتە سەر خاڵە لاوازەکانی.

دەستنیشانکردنی ئۆتیزم

دەستنیشانکردنی حاڵەتی ئۆتیزم جیاوازە لەحاڵەتەکانی تری کەمئەندامی، چونکە حاڵەتی ئۆتیزم لە حاڵەتە عەقلیە ئاڵۆزەکانە، بۆیە پێویستە بەچەند قوناغێك ئەم حاڵەتە دەستنیشان بکرێت، کە دەبێت لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە بێت، ئەمەش وای کردوە، ئۆتیزم بەئاسانی دەستنیشان نەکرێتو پسپۆڕانی بواری منداڵان لەم ڕووەوە کێشەی گەورەیان هەبێت، هەر بۆیە هەندێ جار دەستنیشانکردنی منداڵێك بەحاڵەتی ئۆتیزم ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت.

لەوڵاتانی ڕۆژئاوا دوای تەمەنی (١٨) مانگی منداڵی ئۆتیزم دەستنیشان دەکرێت، ئەوەش بەگرتنبەری چەند ڕێگایەك یاخود چەند تاقیکردنەوەیەك، کە لەجیهاندا پشتی پێدەبەسترێ بۆ دەستنیشانکردنی حاڵەتی ئۆتیزم هەردوو تێستو پێوانەکاری (ADIو ADOS) و پێوانە چات بۆ ١٨ مانگی دانراوە (سایتی فەرمی، د.رابیە الحکیم www.childguidanceclinic.com).

قۆناغەکانی دەستنیشان کردنی حاڵەتی ئۆتیزم

٭ دەستنیشانکردنی پزیشکی: وەرگرتنی چەندین زانیارییە دەربارەی منداڵ، لەکاتی بوونی لەسکی دایكو کاتی لەدایکبوونو گەشەو جووڵەی.... هتد دەگرێتەوە، پاشان ئەنجامدانی چەند شیکارییەك، کە پزیشك دەستنیشانی دەکات، هەروەها هێلکاری مێشكو تیشکی ڕەنینی مغناتیسی مێشك.

٭ ڕەفتار: ئەمەش بەتێبینی کردنی ڕەفتاری ڕۆژانەی منداڵەکە چی لەناو خێزاندا یان لەسەنتەرێکی تایبەت، یان هەر جێگایەك کە ئەو منداڵە تێیدا دەبێت.

٭ حاڵەتی دەروونی: ئەمەش بەبەکارهێنانی کۆمەڵێك پێوەر لەڕووی درك پێکردنو لایەنی کۆمەڵایەتیو هەڵچوونو گونجانی لەگەڵ دەوروبەردا.

٭ هەڵسەنگاندنی پەیوەندی: هەڵسەنگاندنی پێنج هەستەکە دەگرێتەوە، هەڵسەنگاندنی ماسولکەی بچووكو ماسولکەی گەورەو بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی دروست.

٭ هەڵسەنگاندنی لایەنی زانستی: تواناکانی پێش قوتابخانە وەك (ناسینی ڕەنگەکان، پیتەکان، شێوەکان)، تواناکانی قوتابخانە (وەك خوێندنەوەو ژماردن)، تواناکانی ڕۆژانە وەك (نانخواردن، جل لەبەرکردن، چوونە توالێت W.C).

⋆ هەڵسەنگاندنی وەزیفی: ئەمەش لەڕێگەی کۆمەڵێک ئەزموونی مەنهەجی، تێبینی، هەڵسەنگاندن، گفتوگۆ لەگەڵ دایك و باوك، ئەمەش بۆ گەیشتن بەهەڵسەنگاندنی تواناکانی پەیوەندی. (سلیمان، ٢٠٠٧ ، لاپەڕە ٥٥ — ٥٧).

ئەمەو هێشتا لەدونیادا دەستنیشانکردنی ئۆتیزم ئاسان نییە، لەزۆر وڵاتدا دەستنیشانکردن نزیکەی شەش مانگ یان زیاتر دەخایەنێت، لەئیستاشدا لەکوردستان دوو لیژنەی سەرەکی هەیە، ئەوانیش لەشارەکانی هەولێر سلێمانییە، کە بریتییە لە(پزیشکێکی دەروونیو پزیشکێکی منداڵانو تویژەرێکی دەروونیو تویژەیکی کۆمەڵایەتیو مامۆستای پەروەردەی تایبەت). هەر چەندە دەستنیشانکردنی منداڵی ئۆتیزم کەموکوری تێدایە لەکوردستاندا، بەڵام توانراوە، کەم تا زۆر ئەو منداڵانە دەستنیشان بکەن، کە گومانی ئۆتیزمیان لێ دەکرێت، ئەمەش هاوکارە بۆ ئەوەی کە بێگومان ئەو منداڵانە دواکەوتنیان هەیەو پێویستیان بەڕێنماییو چارەسەر هەیە، ئەگەر ئۆتیزمش نەبن، ئەمەش وادەکات خێزان هەنگاوی پێویست بنێت بۆ هاوکاری کردنی منداڵەکەی.

پێوەری دەستنیشان کردنی حاڵەتی ئۆتیزم

Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders, Fourth Edition(DSM٤)

لە سەرەتای دۆزینەوە یان ناونانی حاڵەتی ئۆتیزم چەندین پێوەر دروست بوو بۆ دەستنیشان کردنی ئەم حاڵەتە, لە زۆر وڵاتدا پێوەری تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ دەستنیشان کردن, پێوەری (DSM٤) گرنگترین پێوەرە کە لە زۆربەی وڵاتان پشتی پێ دەبەسترێ و بۆ دەستنیشان کردنی حاڵەتی ئۆتیزم بە کاردێت, ئەم پێوەرەش لە پێوەری یەك دەستی پێکرد و ئێستاش پێوەری چوار ئەو پێوەرەیە کە بە کار دێت بۆ دەستنیشان کردن, ئەم پێوەرە چەند ساڵ جارێك کۆمەڵێك گۆڕانکاری بە سەردا دێت و بە شێوازێکی نوێوە دەخرێتە بەر دەستی پسپۆران بۆ دەستنیشان کردنی حاڵەتی ئۆتیزم.

ڕێبەری دەستنیشان کردنی حاڵەتی ئۆتیزم (DSM٤) لە لایەن ڕابیتەی پزیشکی دەروونی ئەمریکیەوە دانراوە, بە پێی ئەم ڕێبەرە ئۆتیزم یەکێکە لە شێوەکانی تێکچوونی گەشەی گشتی, (١٦) شانزە پێوەر دانراوە بۆ دەسنیشان کردنی ئۆتیزم, لە سێ بواری سەرەکییدا:

١- لاوازی لە چەندێتی و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی.
٢- لاوازی لە چەندێتی و چۆنێتی پەیوەندیکردن و بەردەوام بوون.
٣- بایەخدان چالاکی دووبارە (خطاب/٢٠٠٥/لاپەڕە ٥٣-٥٦)

بە پێی ڕێبەری دەستنیشان کردنی ئۆتیزم (DSM٤)دەبێت بە لایەنی کەم شەش نیشانەی لەو نیشانانەی خوارەوە هەبێت, دەبێت لە کۆی (١٢) خاڵ بەلایەنی کەمەوە (٦) نیشانە یان شەش خاڵ لە منداڵدا هەبێت بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی کە ئایە ئۆتیزمە یان نا, بەڵام دەبێت لەو شەش نیشانەیە بەلایەنی کەم (٢) نیشانەی لە خانەی (A) بێت و (١) نیشانەش لە لە خانەی (B)و (١) نیشانەی لە خانەی (C), واتا نابێت کۆی ئەو شەش نیشانەیە تەنها لە دوو خانە بێت, ئەگەر هاتوو منداڵێك شەش نیشانەی لە (A,B) هەبوو ئەوە ڕەنگە حاڵەتێکی تری لە گەڵدا بێت نەك ئۆتیزم (حسن/٢٠١٢/لاپەڕە ٢٤٤) و (خطاب/٢٠٠٥/لاپەڕە ٥٥-٥٦)

خشتەی پێوەری (DSM٤) بۆ دەستنیشان کردنی حاڵەتی ئۆتیزم:

	نیشانەکان			
A	لاوازی لە چەندێتی و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی	بەڵێ	نەخێر	نازانم
١	ئایە گرفتی دەربڕینەکانی دەم و چاو،باری جەستە، ولام نەدانەوەی سۆز بەرامبەر پێکەنینی یان توڕەبوونی دایك هەیە؟			
٢	ئایە گرفتی هەیە لە دروست کردنی پەیوەندی لە گەڵ هاوتەمەنەکانیدا ؟			
٣	ئایە کەمی بایەخدان و هەوڵدانی هەیەلە بەشداری کردن لە یاریدا (نەتوانینی هێنانی یارییەك یان داوا کردنی یان ئیشارەت کردن بۆ یارییەك ؟)			
٤	ئایە کەمی یان نەتوانین گۆڕینەوەی هەست و سۆزی هەیە لە گەڵ چواردەوردا ؟			
B	لاوازی لە چەندێتی و چۆنێتی پەیوەندیکردن و بەردەوام بوون	بەڵێ	نەخێر	نازانم
١	ئایە دواکەوتن یان لاوازی توانای گفتوگۆی (نەتوانینی جێگرتنەوەی بە بەکارهێنانی شێوازیکی تر) هەیە؟			
٢	ئایە لە حاڵەتی توانینی قسە کردندا ناتوانێت دەستپێشخەری بکات و بەردەوام بێت لە گفتوگۆ؟			
٣	ئایە دووبارەکردنەوەی هەمان ووشە یان ڕستە (دەشێ زمانی تایبەت بێت بە خۆی) هەیە ؟			
٤	ئایە گرفتی هەیە لە گۆڕانکاری لە یارییەکان و لە ئاسایی کردنەوەی کەسانی ترو گرفت لە یاری کردن لە گەڵ هاوەڵەکانیدا؟			

C	بایەخدان چالاکی دووبارە	بەڵێ	نەخێر	نازانم
١	ئایە خۆ ماندووکردن بە یاریەکی دیاری کراوە یان یاری کردن بە یارییەك بە شێوەیەکی زۆر سنوردار و ناسروشتی و جەختکردنەوە لە سەر چەند بارەکردنەوەی هەیە؟			
٢	ئایە بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکاری لە یاری و کەل و پەلی تایبەتی خۆی دەفر(دەوری) یان کەوچك یان پەرداغ هەیە؟			
٣	ئایە چەند بارە کردنەوەی جوڵەی لەش بەتایبەتی پەلەکان,			
٤	ئایە سوربوون لە سەر بایەخدان بە بەشێکی بچووکی ئەو یارییە هەیە ؟			
	کۆی گشتی /			

(حسن/٢٠١٢ / لاپەڕە ٤٤٥-٤٤٦) ژمارەی خاڵی کۆکراوەی سەرەوە ڕێژەی ئۆتیزم لای منداڵ دەردەخات, ئەوەش لە نێوان (توند, مام ناوەند, سادە) ئەم سێ جۆرەش لە خەسڵەت و نیشانەکاندا لە یەك جیاوازن و بە پێی ئەو ڕێژەییە دەبێت بەرنامە بۆ منداڵی ئۆتیزم دابنرێت و مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت.

زۆر جار کێشەی گەورە دێتە ڕێگەی پسپۆڕان و پزیشکی تایبەت بە منداڵان یان پزیشکی دەرونی لەدەست نیشان کردنی منداڵی ئۆتیزم, ڕەنگە هەندێ جار لیژنەی پسپۆڕیش بە هەڵەدا بچن لە دەستنیشان کردنی حاڵەتی ئۆتیزم, ئەمەش هۆکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ئۆتیزم بە ئاسانی دەرناکەوێت و زۆر جار نیشانەکانی لە گەڵ هەندێ حاڵەتی تردا تێکەڵ دەبێت, یان دەتوانین بڵێین

زۆر حاڵەت هەیە کە ڕەنگە لە هەندێ نیشانە لە ئۆتیزم بچێت بەڵام ئۆتیزم نیە, ئەمەش لە زۆر جێگادا روو دەدات چونکە ئۆتیزم بە حاڵەتێکی (نادیار-غامض) ناو دەبرێت.

١- بێدەنگی (قسە نەکردنی هەڵبژێردراو- الصم الاختیاری- Elective Mutism) لەم حاڵەتە منداڵ قسە کردن و پەیوەندی لە گەڵ دەوروبەردا لە هەندێ کات رەت دەکاتەوە.

٢- قورسی یان گرانی پەیوەندی سۆزداری (صعوبات الارتباط العاطفی- Attachment Disorder) لەم حاڵەتدا منداڵ ناتوانێت گەشە بە پەیوەندیە عاتفیەکانی لە گەڵ دایك و باوکدا بدات, ڕەنگە بە هۆی هەندێ کێشەی خێزانەوە بێت وەك کەمی سۆزو خۆشەویستی لە لایەن دایك و باوکەوە.

٣- قورسی یان گرانی زمانی گەشەیی (صعوبات اللغة النمائیة- Developmental Language Disorder) گەشەی زمان لای منداڵ دوادەکەوێت و کاریگەری دەبێت لە سەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

٤- بیرکۆڵی (العوق العقلی- Mental Handicap) حاڵەتە عەقلّیەکان- ژیرییەکان جۆریان زۆرە کە لە هەندێ نیشانەدا لە حاڵەتی ئۆتیزم دەچن.

٥- هەندێ ڕەفتاری ڕێچکەیی کە لە ئۆتیزم دەچێت (انماط سلوکیة شبیهة بالتوحد- Autism Like) بە تایبەت حاڵەتی ئۆتیزمی نا ڕێچکەیی (التوحد غیر النمطي – Atypical Autism) ئەم حاڵەتەش پێش سێ ساڵی تەمەنی منداڵ دەرناکەوێت، بە پێچەوانەی حاڵەتی تەنگەژەیی ئەسپێرجەر کە لە رویی زمان و توانا عەقلییەکانەوە تاڕادەیەك کێشەی نیە، بەلاّم کێشەی لە پەیوەندی و تێکەڵ بوونی کۆمەلاّیەتییدا هەیە.

٦- هەندێ حاڵەتی تر هەیە کە لە هەندێ نیشانە و خەسڵەتدا لە ئۆتیزم دەچن، ئەو حاڵەتانەش بریتیە لە:

A- کۆنیشانەی ڕێت (متلازمة ریت - Retts Syndrome) ئەم جۆرە تووشی کچ دەبێت، بریتیە لە هەندێ کێشەی دەماری (عصبیة) لە نیشانەکانی یاری کردن بە دەست و پەنجەکان بە شێوەیەکی نامۆ.

B- گەڕانەوەی گەشە(انتکاس النمو- Disintegrative Diorder) لەم حاڵەتەدا منداڵ بەرەو دواوە دەروات دوای

ئەوەی زۆر بە سروشتی گەشەی کردبوو، واتا لە زۆربەی تواناکاندا بەرەو دواوە دەڕوات لە بری ئەوەی بۆ پێشەوە بڕوات و گەشە بکات.

C- گرانییەکانی فرە جوڵەیی دووبارە (صعوبات الفرط الحركي التكراري- Hyperkinetic Disorder with Sterotypies) فرە جوڵەیی لای منداڵ دەبێتە هۆی کەمی هۆشداری و نەتوانین لە ئەنجامدانی کارو چالاکی، کە بەردەوام لە جوڵەدایە. النجار/٢٠٠٦/ لاپەڕە ٦٠,٦١)

ڕەنگە زۆر حاڵەتی تر هەبن لە حاڵەتی ئۆتیزم بچن، ئێمە لێرەدا ئاماژەمان پێ نەدابێت، بەڵام ئەوەی گرنگە پسپۆڕان و ڕاهێنەران بیزانن ئەوەیە هەموو ئەو حاڵەتانە بە خاوەن پێداویستی تایبەت دادەنرێت و پێویستی بە مامەڵە و بەرنامەی تایبەت هەیە.

جیاوازی نێوان منداڵی ئۆتیزم و منداڵی ئاسایی

لەم خشتەیەدا جیاوازی لە نێوان منداڵی ئۆتیزم و منداڵی ئاساییدا دەخەینە ڕوو لە ڕووی گەشەو پەیوەندی (واتا زمان) و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دۆزینەوەی ژینگە واتا گەران بە دوای دەوروبەردا و شتەکاندا

خشتەی جیاوازی نێوان منداڵی ئۆتیزم و منداڵی ئاسایی

منداڵی ئۆتیزم	منداڵی ئاسایی
پەیوەندی ١-لە پەیوەندی چاو دور دەکەونەوە ٢-وەك نابیستە دەردەکەون ٣-گەشەی زمانیان هەیە لە ماوەیەکی کەمداو لە پڕێکدا لە قسە کردن دەکەون	پەیوەندی ١-لە دەموچاوی دایکیان دەکۆڵنەوە ٢-دەنگەکان بەبەردەوامی دەیانورژێنن ٣-بەردەوام وشەی تازە فێر دەبن و گەشە دەکەن لە بەکارهێنانی ڕستە
پەیوەندی کۆمەڵایەتی ١-بەشێوەیەك هەڵسوکەوت دەکەن کە درك بە هاتن و ڕۆشتنی کەسەکان	پەیوەندی کۆمەڵایەتی ١-دەگرین کاتێك دایکیان یە جێیان بهێڵێت , لە کەسە نامۆکان دەترسن

نەکەن ٢-هێرش دەکەنە سەر کەسەکان بێ ئەوەی بیانورژێنن یان شەڕیان پێ بفرۆشن ٣-وەك ئەوەی لە شوێنێکی داخراو بن لە کۆمەڵگە, بۆیە تێکەڵ بوون لە گەڵیاندا قورسە.	٢-تورە دەبن کاتێك برسیان دەبێت یان هیلاك دەبن ٣-دەموچاوە ناسراوەکان دەناسنەوە و دوای دایکیان دەکەون.
دۆزینەوەی ژینگە ١-لە سەر یەك جوڵەو یەك چالاکی بەردەوام دەبن ٢-جوڵەو چالاکی سەیر ئەنجام دەدەن وەك جوڵاندنەوە و یاری کردن بە دەستەکانیان و چەپڵەلێدان ٣-یاری لە ڕێگەی تام کردن و بۆن کردن دەدۆزنەوە ٤-درك کردن بە سوتاندن و شوێنی بەرکەوتن دەرناخەن, ڕەنگە بە گاز گرتنی توند ئازاری خۆیان بدەن	دۆزینەوەی ژینگە ١-بە هیلاکی لە چالاکییەکەوە بۆ چالاکییەکی تر دەڕۆن ٢-جەستەیان بە کاردێنن بۆ گەیشتن بۆ جێگایەك یان شتێك ٣-یاریەکان دەدۆزنەوە و یاری پێ دەکەن ٤-بە دوای خۆشییدا دەگەڕن و هەست بە ئازار دەکەن

(نصر/٢٠٠٢/ لاپەرە ٦١,٦٢)

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە منداڵی ئۆتیزم لە یەك لایەندا کێشەی نیە, بە پێچەوانەوە لە زۆر لایەن کێشەی هەیە, وەك پەیوەندی, پەیوەندی کۆمەڵایەتی, یاری خەیاڵی, درك پێکردن .... تادوای, بەڵام ئەو خاڵانەی لە سەرەوە بۆ منداڵی ئۆتیزم

دانراوە مەرج نیە هەمووی لە منداڵێکی ئۆتیزمدا کۆ ببێتەوە و هەبێت, یاخوا مەرج نیە هەموو ئەو خاڵانە وەك چۆن ئاماژەی پێکراوە بوونی هەبێت, ڕەنگە بە شێوەیەکی جیاواز لە منداڵێکدا هەبێت, بۆیە نابێت خێزان بە بینینی ئەو خاڵانە یەکسەر بڕیار بدات کەوا منداڵەکەی حاڵەتی ئۆتیزمی هەیە, ئەو بەراودە تەنها بۆ ئەوەیە جیاوازی بکرێت لە نێوان منداڵێکی ئاسایی و منداڵێکی ئۆتیزم, بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو جیاوازییەوە بتوانرێت هاوکاری منداڵی ئۆتیزم بکرێت.

گەشەی سروشتی منداڵ

منداڵ لە گەڵ تێپەڕبوونی تەمەن هەموو لایەنەکانی گەشە دەکات, واتا تەنها لە رووی جەستەییەوە گەشە ناکات, بەڵکو لە لایەنی هەستیاری و زمان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و زۆر لایەنی تر گەشە دەکات, بەلاّم منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەم روەوە کێشەیان هەیە, هەندێ منداڵ لە رووی جستەییەوە گەشەی دوا دەکەوێت, هەندێ منداڵ لە لایەنی کۆمەڵایەتی و زمان و توانای رۆژانە و... هتد دوا دەکەوێت, ئەمەش گرفتێکی گەورەیە کە تووشی خێزان دەبێت, چونکە ئەم دواکەوتنانە زۆر جار خێزان بە هەڵەدا دەبات, بۆ نموونە دواکەوتنی زمان زۆر جار ئەو حاڵەتە لای خێزان دروست دەکات کە ئەو منداڵە ئاساییە و هیچ کێشەیەکی نیە و تەنها زمانی قسە کردنی دوا کەوتووە, ئەمە و چەندین بیرکردنەوەی تر کە دەبێت هۆی درەنگ دەرکەوتن و دەستنیشان کردنی حاڵەتەکە, بۆیە لێرەدا گەشەی ئاسایی منداڵ دەخەینە روو تا خێزان بزانێت

منداڵەکەی لە چی لایەنێکەوە دواکەوتووە, یان خێزان دەتوانێت لە هەڵسەنگاندنی منداڵەکەیدا بزانێت منداڵەکەی لە چ ئاستێك یان چ تەمەنێك دایە, چونکی زۆر جار تەمەنی ئاسایی منداڵ لەگەڵ تەمەنی عەقڵیدا جیاوازی هەیە, ئەم خشتەیەی خوارەوە گەشەی ئاسایی منداڵ دەردەخات:

تەمەن	هۆشی و هزری	پەیوەندی	گەشەی جوڵەیی	گەشەی کۆمەڵایەتی	چاودێری خود
لە تەمەنی لەدایک بوونەوە تا ٣ مانگ	-وڵامدانەوەی دەبێت بۆ دەنگە تازەکان -سەیری جوڵەی دەستەکان دەکات -سەیری خەڵك و شتەکان دەکات	-دەندەنە دەکات و دەنگ دەر دەکات -زەردەخەنەی دەبێت بۆ دەنگی دایکی	-دەست و قاچی دەجوڵێنێتەوە - شت دەگرێت یان هەڵی دەدات -چاودێری جوڵەی دەستەکانی دەکات	-چێژ لە یاری و باوەش دەبینێت -پەیوەندییەکی چاوی کورت دروست دەکات لە کاتی شیر خواردن	- دەم دەکاتەوە بۆ شووشەی شیر یان مەمکی دایکی و شیر دەخوات
لە ٣-٦ مانگ	-درك بە دایکی دەکات -دەگاتە شتەکان	-سەری دەجوڵێنێتەوە بۆ دەنگ و قسەکان -دەست دەکات بە گڕوگاڵ -لاسایی دەنگەکان دەکاتەوە -گریانەکانی چەند جۆرێك دەکات	-سەرو سنگی بەرز دەکاتەوە -لە شتەکان دەدات لە کاتی یاری کرندا	-تێبینی کەسە نامۆکان و شوێنەتازەکان دەکات -گوزارشت لە خۆشی و گرژی یان بێزاری و ڕق دەکات -حەز بە یاری جەستەیی دەکات	-خواردنی ساوایی بە کەوچك دەخوات - دەگاتە شوشەی شیرەکە و دەیگرێت
لە ٦-٩ مانگ	-لاسای ئاماژە سادەکان دەکاتەوە -وڵامدانەوەی دەبێت بۆ ناوی خۆی	- برگەیەك دەنگ دەردەکات کە هیچ مانایەکی نیە -دەنگ بە کار دێنێت تا ئاوڕی لێ بدنەوە	-گاگوڵکێ دەکات - بە پاڵپشتی شتەکان دەوەستێت -چەپڵە لێ دەدات -شتێك لەم دەست دەگوازێتەوە بۆ ئەو دەست	-یاری چاوشارکێ دەکات -چێژ لە منداڵانی تر دەبینێت -لە ئاماژەکان	-خواردن قوت دەدات - بە یارمەتی ئاو لە کوپ دەخواتەوە

له ۹-۱۲ مانگ	-یاری تۆپێن یان هەندێ یاری سادە دەکات -دەجولێتەوە تا بگاتە ئەو شتانەی باو و خۆشەویستە لای -سەیری وێنە دەکات لە کتێبدا	-بە دەستی ئاماژەی خواحافیزی دەکات. -دەوەستێت کاتێك پێی دەوترێ (نا) - لاسایی دەنگە تازەکان دەکاتەوە	-بە دەست گرتن بە دیوارو کورسیەکان دەروات(ڕێگا دەکات) -بە قەڵەم ڕەساس یان قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ هەندێ نیشانە دەکات -بیر لەو شتانە دەکاتەوە کە لەبەر چاوی وون دەبن	-بە دەنگێکی بیستراو پێدەکەنێت لە کاتی یاریدا -هەندێ شت پێشی شتێکی تر دەخات (ویستراوتر- تفضیل) -وەڵامدانەوەی هەیە بۆ گۆڕانکاری لە مەزاجی دەوروبەردا	-بە پەنجەکانی خۆی نان دەخوات - خۆی بە پەرداخ ئاو دەخواتەوە
له ۱۲-۱۸ مانگ	-لاسایی دەنگ و ئاماژەی -ئاماژە دەکات بۆ ئەو شتەی کە دیەوێت یان حەزی لێیە	- دەست دەکات بە بەکارهێنانی ووشە -هەندێ فەرمانی سادە جێبەجێ دەکات -سەری دەجولێنێتەوە وەك ئاماژەیەك بۆ ڕەتکردنەوە	- بە تەنها بە قادرمەدا سەردەکەوێت - قالبەکان کۆ دەکاتەوە	-دووبارە کردنەوەی کارێك پێدەکەنێت - گوزارشت لە هەڵچوونەکانی دەکات وەك ترس یان تورە بوون -ماچی کەسانی تر دەکاتەوە یان باوەشیان پێدا دەکات کاتێك ماچی بکەن یان باوەشی پێدا بکەن بە تایبەت دایك و باوك	- دەجولێتەوە بۆ ئەوەی دایکی بە ئاسانی جلەکانی لە بەر بکات -دایکی ئاگادار دەکاتەوە ئەگەر داپیپەکەی یان جلی ژێرەوەی تەڕ بوو

لە ۱۸-۲٤ مانگ	-بەشەکانی جەستەی دیاری دەکات -ئاوڕ دەداتەوە بۆ هەندێ دەنگی نیقاعی -ئاماژە بۆ وێنەکانی ناو کتێب دەکات و ناوی وێنەکان دەزانێت	-دوو ووشە بە کار دێنێت بۆ وەسفی کردار -ئاماژە بۆ خۆی دەکات بە ناوی خۆی	- باز دەدات -شت هەڵدەدات و دەیگرێتەوە -لاپەڕەکانی کتێب لاپەڕە لاپەڕە هەڵدەداتەوە -پەنجەکانی بە کار دێنێت	- دەگرێت کاتێک دایکی بەجێیبهێڵێت -بە ئاسانی هیلاک دەبێت - ئاگاداری منداڵانی تر دەبێت	-بە تەنها دەرگا دەکاتەوە -یەبێ هاوکاری جلەکانی دادەکەنێت -بەرگ یان سەری شت دەکاتەوە
لە ۲٤-۳٦ مانگ	-دەتوانێ شێوەکان و بابەتەکان بخاتە سەر یەک - لەزەت لە وێنەکانی ناو کتێب دەبینێت -خۆی دەناسێتەوە لە ئاوێنەدا -تا ژمارە ۱۰ دەژمێرێت	-بەشداری دەکات لە سرودو گۆرانی -هەندێ رستە بە کاردێنێت کەلە سێ ووشە پێک هاتبێت -لە یەک کاتدا دوو فەرمان جێبەجێ دەکات	-ڕادەکات و شەق لە تۆپ دەدات -دەڕوات و باز دەدات -هێڵی ڕاست و ڕێک دەکێشێت -مورووەکان ڕێکدەخات	-واخۆی دەردەخات کە یاری دەکات -خۆی لادەدات لە بارودۆخی مەترسیدار -دەستپێشخەری یاری دەکات -هەوڵدەدات پابەند بێت بە ڕۆڵی خۆیەوە	-بە کەوچک نان دەخوات -توالێت (W.C) بە کار دێنێت بە بێ هاوکاری

(شبكة تحدي مرض التوحد بالعالم العربي http://www.autismarabia.com وەرگیراوە)

منداڵی ئۆتیزم تەنها لە یەك لایەنەوە دواناکەوێت, بەڵکو لە زۆر لایەنەوە دوادەکەوێت, وەك (زمان-پەیوەندی کۆمەڵایەتی- ڕەفتار- گرنگیدان بە خۆد- تادوای) ئەمەش گرفتێکی گەورەیە بۆ خێزان و پسپۆرانی بواری ئۆتیزم.

کێشەیەکی گەورەی منداڵی ئۆتیزم ئەوەیە کە نایەکسانییەك هەیە لە گەشەکردنیدا, بۆ نموونە کە تەمەنی دەگاتە پێنج ساڵی, ئەگەر هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت, ڕەنگە لە ڕووی زمانەوە لە تەمەنی نۆ مانگی یان زیاتر یان کەمتر بێت, بەڵام دەبینین لە ڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتیەوە ڕەنگە لە تەمەنی دوو ساڵی یان زیاتر-یان کەمتر بێت, بە هەمان شێوە بۆ هەموو تواناکانی تر, ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە بۆ خێزان و پسپۆران و ڕاهێنەران, چونکە دەبێت بەرنامەکان بە پێی گەشەی منداڵەکە بێت, واتا دەبێت لە ڕووی زمانەوە وەك منداڵێکی تەمەن (٩) مانگ مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت و بەرنامەی بۆ دابنرێت, بەڵام لە ڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتیەوە دەبێت وەك منداڵێکی (٢) ساڵی مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت و بەرنامەی بۆ دابنرێت, بە هەمان شێوە بۆ تواناکانی تر, بەڵام دەبینین منداڵێکی بیرکۆڵ بۆ نموونە کە دواکەوتنی هەیە هەیە لە گەشەدا, لە هەموو لایەنەکان لە یەك ئاستدایە, بۆ نموونە ئەگەر هاتوو منداڵێکی

بیرکۆڵ تەمەنی (٧) ساڵ بوو, ڕەنگە لە ڕووی زمان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و توانای ڕۆژانەوە لە یەك ئاست بێت و لە منداڵێکی تەمەن (٣) ساڵ بچێت.

لەم خشتەیەدا خێزان دەتوانێت تێبینی منداڵەکەی بکات و بزانێت لە هەموو لایەنەکانەوە منداڵەکەی لە چ ئاستێکدایە, بەمەش دەتوانێت سوود لە بەرنامەکان ببینێت و بەرنامەی بۆ دابنێت بە پێی تەمەنی گەشەکەی.

جۆرەکانی تێکچوونی گەشەی گشتی (PDD) Pervasive Developmental Disorders

لێرەدا هەندێك جۆر دەخەینە روو که به تێکچوونی گەشەی گشتی ناو دەبرێت, هەندێك پسپۆر پێیان وایه ئەمه جۆرەکانی ئۆتیزمه, بەڵام له راستیدا ئەمه جۆرەکانی تێکچوونی گەشەی گشتییه که ئۆتیزمیش جۆرێکه لەم جۆرانه, جۆرەکانی تێکچوونی گەشەی گشتی (اضطرابات النمو الشامل) بریتین له:

١- تەنگەژەی رت – اضطراب الرت (Rett)

٢- ئەسپێرجەر – الاسبرجر (Asperger)

٣- تەنگەژەی ئۆتیزم – اضطراب التوحد (Autistic Disorder)

٤- تەنگەژەی پاشەکشەی گەشەی منداڵی- اضطراب الطفولي الانحلالي (Childhood Disintegrative Disorder)

٥- تەنگەژەی گەشەی گشتی دیاری نەکراو- اضطراب النمائية الشاملة غير محددة (Atypical

(Developmental Disorder Pervasive

(الاحمد ، ٢٠٠٥ ، لا ٢٤).

١-تەنگەژەی رت (ئەم حاڵەتە تەنها تووشی کچان دەبێت، لەم حاڵەتەدا منداڵ لەتەمەنی (٦-١٨) مانگی بەئاسایی گەشەدەکات، دواتر دایكو باوك تێبینی گۆڕانکاریی لەرەفتاری منداڵەکەدا دەکەن لەگەڵ گەڕانەوەی بەرەو دواوە، یان تەنها لەهەندێ توانای وەرگیراو بەتایبەت بەهرەی جووڵەی گەورەو ڕۆشتن، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ کەمی توانای قسەو بیرکردنەوەو بەکارهێنانی دەستەکان، هەروەها منداڵ هەندێ جووڵەو ئاماژەی بێ دووبارە دەکاتەوە، ئەمەش بە کلیلی دەستنیشان کردن دادەنرێت) (الاحمد، ٢٠٠٥، لا ٦٦).

٢-ئەسپەرگەر سیندرۆم (syndrom Aspergaer) جۆری ئەسپیرجەر یەکێکە لەتەنگەژە یان تێکچوونە پێشکەوتنەکان (اضطرابات التطورية)، تۆزێك درەنگتر نیشانەکانی دەردەکەوێت، نیشانەکانی لەم بوارانە بەدی دەکرێت (کەمی توانا کۆمەڵایەتییەکانو قورسی لەمامەڵەی کۆمەڵایەتیو کەمی هۆشداری (الترکیز)، گرنگی دانیان بەهەندێ شتی تایبەت

دەبێتو توانایەکی زیرەکی سروشتیان هەیە) (الاحمد، ٢٠٠٥ ، لا ٦٧).

٣-**تەنگەژەی ئۆتیزم-التوحد**: لەم حاڵەتەدا منداڵ کێشەی لە پەیوەندی زمان و دروست کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە گەڵ هاوتەمەنیدا هەیە, هەر وەها کێشەی ڕەفتاری یەك ڕێچکە و دووبارە هەیە, لە هەمان کاتدا ناتوانێت خەیاڵی هەبێت لە یاری کردندا.(النجار/ ٢٠٠٦/لاپەڕە ١٤)

٤- **تەنگەژەی منداڵی گەڕاوە** (اضطراب الطفولی التراجعی) (Disorder Disintegrateve Childhood)، ئەم حاڵەتە زۆر بەکەمی ڕوودەدات، پێش دە ساڵی تەمەن دەردەکەوێت، منداڵ لەم جۆرە لەزۆر لەتواناو ئەرکەکاندا دەگەڕێتەوە وەك جووڵەو توانای چوونە سەر ئاو و پەیوەندیی زارەکیو کۆمەڵایەتی. (سلیمان، ٢٠٠٧، لا ٣٨ و ٣٩).

٥- **تەنگەژەی گەشەی گشتی دیاری نەکراو**(Disorder Pervasive) (ئەگەر هاتو نیشانەکانی دوای ئەوە هات، کە منداڵ لەدوو ساڵی یەکەم بەئاسایی گەشەی کردو بەرەو پێش ڕۆیشت، نیشانەکانی پێش ١٠ ساڵی تەمەن دەردەکەوێت،

بەتایبەت کاتێك تێبینی دەکرێت لەزۆر ئەرك دا بەرەو دواوە دەڕوات وەك توانای جوولەو خۆ تەرکردنو توانا زمانەوانیو کۆمەلایەتییەکان (الاحمد، ٢٠٠٥، لا ٦٩)

بەلام پسپۆرو زانایان ئۆتیزم پۆلێن دەکەن بە سەر چوار کۆمەلەی جیاوازدا, ئەو کۆمەلانەش بریتیە لە :

١-کۆمەلەی پۆلێن نەکراو (المجموعة الشاذة - Atypical Group)

٢-کۆمەلەی خودتەنهایی سادە (المجموعة التوحدية البسيطة- Moderately Autistic Group)

٣-کۆمەلەی خودتەنهایی مامناوەندی (المجموعة التوحدية المتوسطية- Moderately Autistic Group)

٤-کۆمەلەی خودتەنهایی توند (المجموعة التوحدية الشديدة- Severely Autistic Group), (المغلوث,٢٠٠٦, ص٤٨-٤٩).

سەبارەت بە شێوەکانی ئۆتیزم لە نێوان توند و مام ناوەند و سادە دا بە پێی کۆ کردنەوەی خالەکان دەبێت لە خشتەی دەستنیشان کردنی ئۆتیزمدا (DSM٤) کە دەبێت لە کۆی (١٢) نیشانە بەلایەنی کەمەوە (٦) نیشانەی تێدا بێت, لە سەرەوە بە وردی باسمان لەو دەستنیشان کردنە کردوە.

هۆکاری ئۆتیزم

هــەموو نەخۆشــییەك یــان حاڵــەتێکی دەروونــی یــان کۆمەڵایەتی بێ هۆکار نییە، بێگومـان ئـۆتیزمیش وەك هـەموو ئەو حاڵەتانە کۆمەڵێك هۆکـارو فاکتـەری هەیـە، کە کار دەکاتـە سەری، بەڵام بەهۆی تـازەی و ئـاڵۆزی حاڵـەتی ئـۆتیزم بەبـەراود بەحاڵەتو نەخۆشییەکانی تر تـا ئێـستا بەتـەواوەتی هۆکارەکـان نــەزانراون، هەرچــەندە زانایــان هەنــدێ هۆکاریــان دانــاوەو لێکۆڵینەوەش بەردەوامە، بەتایبەت لەئەمریکاو ئەوروپادا.

هەنـدێك لـەو هۆکارانـەی کـە تائێـستا زیـاتر ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت، وەك هۆکـار بـۆ حاڵـەتی (ئـۆتیزم ـ خـود تـەنیایی) بریتین لەم هۆکارانە:-

١. هۆکـاری بۆمـاوەیی: مەبەسـت لـەبۆماوەیی ئەوەیـە، کـە لەخێزانــدا کەســێك یــان زیــاتر لەکەســێکیان هــەلگری جــۆرە جینـاتێکن کـە کـەموکورتی تێدایـەو لـەکاتی گواسـتنەوەی بـۆ نەوەکانی تر ئەگەری تووشبوون بۆ نەوەکانی تر زیاددەکات.

٢. تووشبوونی منداڵ بەهەنـدێ فـایرۆس لـەکاتی بوونیـدا لەسکی دایك، ئەم فایرۆسە تووشـی دایـك دەبێـت وەك سـیرۆژەی ئەڵمانی (الحصبة الالمانية).

٣. بەکارهێنانی دایک بۆ هەندێ داو دەرمان لەکاتی دووگیانیدا، وەك دەرمانی پەرکەم (الصرع).

٤. کەمی لەڕێژەی فیتامینات، بەتایبەت (ترشی فۆلیكو فیتامینی بیو فیتامینی أ ، هـ ، ج)و ئاسن گرنگترینیان (زنكو ماغنسیومو سیلینیۆم). (مصطفى، ٢٠٠٨، لاپەڕە ٣٣ تا ٣٥).

بەڵام زانایان ژینگەیان وەك هۆکارێك پشتگوێ نەخستوە، کە کار دەکاتە سەر ئۆتیزم ـ خود تەنیاییو زیاتر ئاڵۆزی دەکات، لەهەمان کاتدا کەمی شارەزای دایكو باوك هۆکارێکی ژینگەیی ترە، کە کار دەکاتە سەر ئاڵۆزی ئۆتیزم ـ خود تەنیایی (محمد، بێ ساڵی چاپ، لاپەڕە ٢٥ و ٢٦).

زۆر لێکۆڵەر وەك گریمانە هۆکارییان بۆ ئۆتیزم داناوە، چونکە تائێستا هیچ لێکۆڵنەوەیەك نەیتوانیوە، لە ٪ ١٠٠ ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکات، بۆیە ئەو هۆکارانە دەخەینە ڕوو:

١. هۆکاری بۆماوەیی: (بوونی ئاڵۆزیو تێکچوونێك لەفەرمانەکانی دەزگای ناوەندی دەمار) (نوریو دزەیی، ٢٠٠٨، لاپەڕە ٧)، زۆر لەو لێکۆڵینەوانەش تا ئێستا نەگەشتونەتە هیچ بەڵگەیەك، کە ڕۆڵی دایكو باوك دەربخات لەکاریگەرییان لەبوونی منداڵی ئۆتیزم. (الاحمد، ٢٠٠٥، لاپەڕە ١٥).

٢. زەبرو فشار لەکاتی لەدایکبوون بەتایبەتی لای چەپی مێشك.

٣. تووشبوونی دایك بەنەخۆشی سورێژە لەکاتی دوو گیانیدا.

٤. نەبوون یان کەمی ئۆکسجین لەکاتی لەدایکبووندا، واتا منداڵ لەکاتی لەدایکبوون ئۆکسجینی تەواوی بۆ نەڕۆشتبێت. (نوری و دزەیی، ٢٠٠٨، لاپەڕە ٧ - ٩).

لێکۆڵینەوەکان تا ئێستا بەردەوامیان هەیەو بەدوای هۆکارو چارەسەری حاڵەتی ئۆتیزمدا دەگەڕێن، ئەمەش بە هۆی زیادبوونی ڕێژەی ئۆتیزم لە هەموو دونیا, ئەوەی تائێستا بوون هەیە زیاتر وەك گریمانە دانراوە, چونکە توێژینەوەیەك نیە لە ئێستادا توانیبێتی لە سەدا سەد هۆکاری ئۆتیزمی دۆزیبێتەوە, هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانراوە چارەسەری گونجاو بۆ ئۆتیزم بدۆزرێتەوە.

مێژووی ئۆتیزم

ئۆتیزم ـ خود تەنیایی وەك هەموو حاڵەتێك مێژوویەكی هەیە، ئەم زاراوەیە بۆ یەكەم جار لەلایەن (لیۆكانر)ەوە بەكارهات (حسن، ٢٠١٢، لاپەڕە ٢٤٠). لەساڵی ١٩٤٣ واتا لەچلەكانی سەدەی ڕابردوو (لیۆكانر) یەكەم كەس بوو، كە وشەی ئۆتیزمی بەكارهێناو لیستێكی دانا بۆ ئەو نیشانانەی كە منداڵی ئۆتیزمی پێ جیادەكرێتەوە، بەڵام لەساڵی ١٩٤٤ (هانز اسبیرجر) جۆری ئەسپیرجری بۆ جۆرەكانی ئۆتیزم زیادكرد (ارونز و جیتنس، بێ ساڵی چاپ، لا ١٠)، زانایان لەسەر لێكۆڵینەوە لەحاڵەتی ئۆتیزم ـ خود تەنیایی بەردەوامبوون، لەساڵی ١٩٨٠ (DSM III) بلاوكرایەوەن وەك پێوەرێك كە جیاوازی كرد لەنێوان شیزۆفرنیا (كەرتە ژیری)و ئۆتیزم ـ خود تەنیایی (الجلبی، ٢٠٠٤، لا ١٢)، لەساڵی ١٩٩٤ (DSM IV) وەك پێوەرێك بۆ دەستنیشانكردنی ئۆتیزم دانرا، لەكاتێكدا لەساڵی ١٩٩٢ (ICD ١٠) وەك پێوەرێك كاری پێ دەكرا، ئەم دوو پێوەرەش بەرێكی تازە دەكرێتەوە (ارونز- جیتنس، بێ ساڵی چاپ ، لا ٣٣).

ئۆتیزم ـ خود تەنیایی تایبەت نییە بەكۆمەڵگەیەكەوە، تووشی دەوڵەمەندو هەژار دەبێت، تووشی ڕەش پێستو سپی

پێست دەبێت، تووشی دانیشتووی شارو لادێ دەبێت، تووشی منداڵی موسوڵمان و منداڵی مسیحی و منداڵی یەهودی دەبێت, ئەمەش وای کردوە، کە لەهەموو دونیا بەرێژەیەکی بەرچاو زیادبکاتو هەموو ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوای بگرێتەوە .

ڕێژەی تووشبووان

ئـــۆتیزم ـــ خـــود تـــەنیایی وەك هـــەموو حاڵـــەتو نەخۆشییەکانی تر لەزیادبووندایە، لەهەندێ حاڵەتو نەخۆشی زیاتر بڵاودەبێتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی سەرسوڕمانی زانایانی ئەم بوارە، بەتایبەت کە تا ئێستا هۆکارەکان لە ٪ ١٠٠ نەزانراوە .

ســـەنتەری پزیـــشکی لەشـــاری دیترویتـــی ئـــەمریکی لەبڵاوکراوەیەکیدا ئەوەی ڕاگەیاندوە، کە ڕێژەی ئۆتیزم ـ خود تەنیایی لەڕێژەی (داون) زیاترە لەڕووی بڵاوبوونەوە. (محمد، بێ ساڵی چاپ، لا ٢٨).

هـەروەها کۆمەڵـەی ئـەمریکی بـۆ ئـۆتیزم (١٩٩٩) ڕێـژەی بڵاوبوونـەوەی ئـۆتیزم لەئـەمریکا بـە ٠٦،٠ ٪ دەستنیـشانکردوە، لەیابان لەنێوان ١٣،٠ ٪ بۆ ١٦،٠٪ دایـە (محمد، بـێ سـاڵی چـاپ، لا ٣١)، بـەڵام ئامارەکـان بـەردەوام لەگۆڕانکاریدایـە، بـۆ نموونـە هەنـدێ جار بۆ ١٠٠٠٠ کـەس ٧٥ حاڵـەت دادەنرێـت، کـە گومـانی تووشبوونی بـەئۆتیزم لـێ بکرێـت، کوڕان لەکچان زیـاتر تـووش دەبـن، بـۆ نموونـە تـا کـچێك تووشـی ئـۆتیزم بێـت، ئـەوە لەبەرامبـەردا چوار کوڕ تـووش دەبێـت، هـەروەها ئامـاژە بـەوە دەکرێت، لەئێستادا لـە ٨٨ منـداڵ یـەك منـداڵ تووشـی ئۆتیزم ـ

خود تەنیایی ببێت لەئەمریکا (سایتی فەرمی، د. رابیە الحکیم http://www.childguidanceclinic.com).

وەك باسمان کرد، لەئێستا ئۆتیزم ـ خود تەنیایی یەکێکە لە حاڵەتە باوەکانو ڕێژەی بڵاوبوونەوەی ڕۆژ بەڕۆژ لەزیادبوونە، بۆیە ئەو ئامارانەی ئەمرۆ دەخرێنە ڕوو، جیاوازە لەو ئامارانەی هەفتەیەکی تر دەخرێنە ڕوو, چونکە ئەو ئامارە نوێیانە بەردەوام گۆڕانکاری بە سەردێت, ئەمەش بە هۆی نادیاری ئامارەکان, بۆیە هەر ڕێکخراوێك یان دەزگایەك ژمارەیەك دادەنێت بۆ چەند سەدێك یان چەند هەرزارێك, بەڵام لە رووی زیاتر تووشبوونی کوڕان لە کچان هەموو ئامارەکان وەك یەك ئاماژە بەوە دەکەن کە کوڕان زیاتر تووشی ئۆتیزم دەبن, بێ ئەوەی توانیبێتیان ئەو هۆکارانە بخەنە روو کە کوڕان زیاتر تووش دەبێت، لەئێستاشدا زیاتر لە ٧٠٠ حاڵەتی ئۆتیزم لەکوردستاندا هەیەو چەندین منداڵی تر هەیە کە چاوەڕوانە لیژنەی پزیشکی بیبینێتو دەستنیشانی بکات، بەوەی ئۆتیزمە یان ئۆتیزم نییە، کۆمەڵەیکی تایبەت هەیە بەخێزانی منداڵانی ئۆتیزم بەناوی (کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستان).

چارەسەری ئۆتیزم

تا ئێستا زانایان نەگەیشتونەتە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئۆتیزم، کە بۆ هەموو منداڵان وەك یەك بگونجێت، هەموو ئەو چارەسەرانەش باسی لێوەدەکرێت، تا ئێستا نەبووەتە چارەسەری ١٠٠ ٪ ، بەڵام تەنها چارەسەر کە بۆ هەموو منداڵانی ئۆتیزم وەك یەك بگونجێت، ڕاهێنانو مەشق پێکردنی منداڵانی ئۆتیزمە بەپرۆگرامو بەرنامەی تایبەت (نوریو دزەیی، ٢٠٠٨، لا ١٠). هەندێ جار ئەو بەرنامانە بەدەستێوەردانی پێشوەخت ناودەبرێت، ئەمەش لەتەمەنێکی زۆر منداڵی منداڵدا دەست پێدەکات بەگرتنەبەری چەند بەرنامەیەکی جیهانی، کە لەزۆربەی وڵاتاندا بەکاردێت، وەك بەرنامەی (تیتش) کورتکراوەی <u>Treatement and Education of Autistic and Related Communication Handicapped Children (TEACCH)</u>

ئەم بەرنامەیە بەمانای چارەسەرو فێرکردنی منداڵانی تووشبوو بەئۆتیزمو منداڵانی هاوشێوەی منداڵانی ئۆتیزم لەڕووی پەیوەندییەوە دێت، ئەم بەرنامەیە بۆ تەمەن (٣ تا ١٨ ساڵ) دەبێت، تەنها لایەنی زمانو ڕەفتار ناگرێتەوە، بەڵکو بەرنامەیەکی گونجاوە بۆ تاکە کەس، کە بەپێی پێداویستی

منداڵ دانراوە (سلیمان، ٢٠٠٧، لا ٧٧ و ٧٨). مەرج نییە، هەموو ڕێگەو شێوەکانی چارەسەرکردن بۆ هەموو منداڵانی ئۆتیزم وەك یەك بگونجێت، بۆیە شێوازی بەرنامەکان لەلایەن خێزان‌و پسپۆرانەوە جۆراوجۆرە، بەڵام ڕەنگە هەموویان یەك ئامانجیان هەبێت، بەشێوەیەکی گشتی شێوازەکان ئەم بوارانە دەگرێتەوە (گۆڕینی ڕەفتار، ڕێگەی دروستکردنی زانستی، دەرمان، چارەسەری گوتن، چارەسەری پیشەیی و .... هتد) (الاحمد: عبد الجلیل/ سەرچاوەی پێشوو/ لا ١٠٩).

هەروەها بەرنامەی (پێکس) واتا سیستەمی ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندی بەوێنە، بەرنامەیەکی گرنگە، کە لەگەڵ منداڵی ئۆتیزم بەکاردێت، بەکارهێنانی وێنە لەگەڵ منداڵی ئۆتیزم، زۆر توانای فێر دەکات لەژیانی ڕۆژانەیدا. (محمد، بێ ساڵی چاپ، لا ٩).

چارەسەی پرۆتۆکۆڵ دان یەکێکە لەچارەسەرە باوەکانی حاڵەتی ئۆتیزم، بەڵام ئەم چارەسەرەش نەبووەتە چارەسەرێکی گشتی بۆ منداڵانی ئۆتیزم، چارەسەرکردن بەپێی پرۆتۆکۆڵ دان ئەم شتانە دەگرێتەوە:

- بەدواداچوونی سیستەمێکی خواردنێکی دیاری کراو، لەگەڵ خواردنی تەواوکارییەکان.

- چارەسەرکردنی ڕیخۆڵەکان لەبەکتریا.
- پاککردنەوەی لەش لەکانزا قورسەکان.
- دوورکەوتنەوە لەو خواردنانەی کە دەبنە هۆی هەستیاری لای منداڵ. (مصطفى، ٢٠٠٨، لا ٧٢).
- ژووری ئۆکسجینی پەستێنراو.

بەشێوەیەکی گشتی چارەسەر زیاتر لایەنی ڕاهێنان دەگرێتەوە لەسەنتەرێکی پسپۆڕو تایبەت بەمنداڵی ئۆتیزم، بۆ ڕێککردنەوەی ڕەفتارو ڕاهێنانی منداڵ لەسەر ماسولکەی بچووك‌و ماسولکەی گەورەو هۆشداری‌و پەیوەندی دەس‌و چاوو ڕاهێنان لەسەر قسەکردن‌و لایەنی هەستیاری، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، ڕاهێنانی منداڵ لەسەر هەر پێنج هەستەکەو تواناکانی ڕۆژانە، کە منداڵی ئۆتیزم کێشەی لەو لایەنانە هەیە, لە گەڵ گەشەپێدانی لایەنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان.

بێگومان لە گەڵ زیادبوونی ڕێژەی ئۆتیزم لە هەموو جیهاندا, وایکرد زانایان و پسپۆران لە هەوڵدا بن بۆ دۆزینەوەی بەرنامەی گۆنجاو بۆ ڕاهێنانی منداڵانی ئۆتیزم, ئەمەش وای کرد چەندین بەرنامە دابنرێت و بە کار بێت بۆ ڕاهێنانی منداڵانی ئۆتیزم, بەڵام مەرج نیە سەرجەم ئەو بەرنامانە وەك یەك سەرکەوتوو بووبێتن لە ڕاهێنانی منداڵانی ئۆتیزم, هەندێ

لەو بەرنامانە دەخەینە ڕوو کە ئێستا بوونەتە بەنامەی جێهانی و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بە کاردێت, ئەو بەرنامە جیهانیانەی بۆ ڕاهێنانی منداڵی ئۆتیزم بە کاردێت بریتیە لەم بەرنامانەی لە خوارەوە هاتووە:-

١-بەرنامەی (لۆڤاز)ی رەفتاری – هەڵسوکەوت (Applied Behavior Analysis) شیکاری رەفتاری جێبەجێکار:-

بەرنامەی لۆڤاز, یان بە بەرنامەی شیکاری رەفتاری جێبەجێکار ناو دەبرێت (ABA), ئەم بەرنامەیە ساڵی (١٩٧٨) لە لایەن کەسێکەوە دانراوە بە ناوی (لۆڤاز) کە مامۆستای پزیشکی دەرونی بوو لە زانکۆی (لوس انجلوس) بەرنامەکەش بە ناوی خۆیەوە ناو ناوە.

لەم بەرنامەیەدا توانا قورس و ئاڵۆزەکان دابەش دەکرێن بۆ هەندێ توانای سوك و ئاسان کە منداڵی ئۆتیزم لە توانایدا هەبێت جێبەجێی بکات, بۆیە هەڵسەنگاندێك بۆ تواناکانی منداڵی ئۆتیزم دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو توانانە دیاری بکرێت کە پێویستە بۆ باش کردنی رەفتارو تواناکانی, دواتر بەرنامەیەکی دەستێوەردا (تدخل) ڕێکخراو دادەنرێت بۆ ئەوەی منداڵەکە لە تواناییدا هەبێت بە بێ هاوکاری و پشت بەستن بە

کەس خۆی چالاکییەکان ئەنجام بدات, لێرەدا هەوڵ دەدرێت ڕەفتاری لاسایی کردنەوە (تقلید) لای منداڵی ئۆتیزم گەشە بکات, ئەمەش بە شێوەی مەرج دەکرێت, واتا دەبێت منداڵی ئۆتیزم لە بەرامبەر ڕەفتاری باش پاداشت بکرێت, ئەمەش دەبێتە هۆی بەرەو پێشچوون و لاسایی کردنەوە و دوبارە کردنەوەی ئەو ڕەفتارە, بە هەمان شێوە گرنگی بە لایەنی خستنە سەر یەك و توانای کۆمەڵایەتی و پەیوەندی دەدرێت لای منداڵی ئۆتیزم, دەبێت بەلایەنی کەم هەفتانە نزیکەی (٤٠) کاتژمێر بە پێی ئەم بەرنامەیە ئیش لە گەڵ منداڵی ئۆتیزمدا بکرێت, بۆیە ئەم بەرنامەیە لە رووی تێچوونەوە بە بەرنامەیەکی قورس دادەنرێت بۆ خێزان, بەڵام لە رووی سەرکەوتنەوە لە زۆربەی وڵاتان بە کار دێت و یەکێکە لەو بەرنامانەی کە سەرکەتوو بووە (سایتی فەرمی اطفال الخليج ذوي احتياجات الخاصة – www.gulfkids.com) , بە بۆچوونی ئەم بەرنامەیە دەتوانرێت کۆنترۆڵی ڕەفتاری منداڵی ئۆتیزم بکرێت لە ڕێگەی زانینی ژینگەوە, هەر وەها کۆنترۆڵ کردنی ئەو فاکتەرو هۆکارانەی دەبنە هۆی ڕەفتارەکە, چونکە هەموو ڕەفتارێك پاڵنەرو هۆکاری خۆی هەیە.

(المغلوث/٢٠٠٦/لاپەڕە ١٣٢)

ئەم بەرنامەیە تەنها بۆ منداڵانی ئۆتیزم نیە, بەڵکو بۆ ئەو منداڵانەش دەگونجێت کە کێشەی ڕەفتاریان هەیە, بە هەمان شێوە بۆ ئەو منداڵانەی جوڵەی زۆر و کەمی هۆشداریان هەیە(فرط الحركة وتشتت الانتباه).

ڕەفتاری باش دەبێت پاداشت بکرێت و ڕەفتاری هەڵەو نابەجێش دەبێت سزا بدرێت, ئەمەش دەبێت هۆی زیاد بوونی ڕەفتارە باشەکەو بەرەو پێشچوونی.

کەی دەبێت پاداشتی ڕەفتاری باش بکەین؟ دەبێت پاداشتەکە چۆن بێت؟ ئەمە و چەندین پرسیار هەیە کە دەبێت خێزان و پسپۆران و ڕاهێنەران بیزانن بۆ ئەوەی پاداشتەکە سوودی هەبێت و بەراستی ببێتە هۆی بەرەو پێشوونی منداڵەکە.

١- دەبێت پاداشت ئامادە بێت و یەکسەر دوای ڕەفتارە باشەکە بدرێت بە منداڵەکە, واتا نابێت دوابخرێت بۆ کاتێکی نادیار.

٢- دەبێت پاداشتەکە بەڕێژەیەکی کەم بێت نەك منداڵەکە زوو تێر ببێت لە پاداشتەکە و ئیتر واز لە ڕەفتارە باشەکە بێنێت, دەبێت ئەو پاداشتە بەرامبەر بێت بەو ڕەفتارە باشە.

٣- دەبێـــت دوای هـــەموو وڵامدانەوەیـــەك یـــان ڕەفتارێـك منداڵەكـە پاداشـت بكرێـت, دوای ماوەیـەك دەكرێت منداڵەكە لـە بەرامبـەر چـەند وڵامدانەوەیـەك یان چەند ڕەفتارێك پاداشت بكرێت.

٤- دەبێت بـزانین چ جۆرە پاداشـتێك دەدەیـن بـە منداڵەكە, واتا دەبێت ئـەو پاداشـتە گرنگـی هـەبێت لای منداڵەكە, ئەگینا وڵامدانـەوەی نابێـت, لـە هـەمان كاتـدا واباشە تەنها یـەك جـۆر پاداشـت نـەبێت, بـەڵكو جـۆراو جۆر بێت.

٥- باشـتر وایـە لـە گـەڵ پاداشـتی مـاددی پاداشـتی مەعنوی-كۆمەڵایەتی هەبێت, وەك (هاندان- ماچ كـردن- لە ئامێزگرتن- تادوای) بەڵام دەبێت لەم حاڵەتدا لایەنە هەستیارییەكانی منداڵ بە هەند وەربگیرێت.

٦- ناكرێـت ئـەو پاداشـتە بكرێـت بـە بـەرتیل (ڕەشوە), واتا بۆ بێدەنگ كردنی منداڵەكە لە گریان یان توڕبوون پاداشت بكرێت.

٧- تـا چـالاكییەكە یـان ڕەفتارەكـە یـان ئـەو داواكارییـەی كـە داوا كـراوە جێبـەجێی نـەكات ناكرێـت پاداشت بكرێت.

٨- واباشـترە منداڵەکـە لـە هەنـدێ حاڵەتـدا خـۆی ئازاد بکرێت کە پاداشتەکە هەڵببژێرێت.

٩- باشترە هەندێ جار پاداشـتەکە نـەزانرو بێـت و لـە پرێکـدا بـۆ منداڵەکـە ئاشـکرا بکرێـت, بـە تایبـەت ئەگـەر ئـەو پاداشـتە لای منداڵەکـە مانـاو بایـەخێکی تایبەتی هەبوو.

١٠- دەبێـت ئـەو ڕەفتـارە نـاو بنرێـت کـە پاداشـت دەکرێت, ئەمەش ئاسان کاری دەکات بـۆ منداڵەکـە کـە بزانێت ئەو ڕەفتارە چیە کە پاداشت دەکرێت. (سایتی فـەرمی – شـكبة تحـدي مـرض التوحـد فـي العـالم العربي- http://www.autismarabia.com)

بێگومـان بـۆ پێـچەوانەی هـەموو ئـەو ڕەفتارانـەش دەکرێـت منداڵ سزا بدرێت, سزاش جۆری زۆرە, گرنگترین ئەو سزانانەش ڕاگرتنی پاداشت و قەدەغە کردنی ئەو یاری و خواردنانەیە کە وەك پاداشت بە کار دێت و لای منداڵەکە گرنگە.

لە کاتی ئەنجامـدانی چالاکیدا, بۆنموونـە کاتێـك منداڵەکـە لـە سـەر کورسـی دانیـشتووە بـۆ ئەنجامـدانی چالاکی کـە ئەنجامـدا پاداشـت وەردەگرێـت, ئەگـەر هـاتوو ویـستی جێگاکـەی بـە جێبهێڵێـت ناکرێـت بـە دەنگێکـی بـەرز ئاگـادار بکرێتـەوە و

بترسێت, بەڵکو ڕێگە چارەی تر هەیە کە دەبێت بدۆزرێتەوە بۆ بەرکارهێنانی لە گەڵ منداڵەکە, ڕەنگە منداڵی ئۆتیزم نەتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان کاتی یاری و کاتی ئەنجامدانی چالاکییەك یان فەرمانێك, بۆیە دەبێت فێر بکرێت چۆن فەرمانەکان جێبەجێ دەکات و گوێڕایەڵ دەبێت, دەبێت پاداشتەکە مەرجدار بێت, بۆنموونە دەبێت منداڵەکە بۆ ماوەی (٢٠) خولەك دابنشێت پاشان پاداشت دەکرێت, بەڵام ڕەنگە ئەمە بۆ منداڵانی بچووك قورس بێت, بۆیە دەبێت هەنگاو هەنگاو ئەم کارە ئەنجام بدرێت. (زمام/٢٠٠٨/لاپەڕە ٧٠-٧٢)

٢-تیتش

Treatement and Education of Autistic and Related Communication Handicapped Children (TEACCH)

چارەسەرو پەروەردەکردنی منداڵانی ئۆتیزم و کێشەکانی پەیوەندی لە یەك چوو: ئەم بەرنامەیە لە ساڵی ١٩٧٢ لە لایەن دکتۆر (ئەریك شوبلر) دانراوە، یەکەم بەرنامەی پەروەردەی تایبەتە بە منداڵانی ئۆتیزم، دواتر لە لایەن (کۆمەڵەی ئۆتیزمی ئەمریکیەوە) وەك یەکەم بەرنامە پشتی پێ بەسترا, ئەم بەرنامەیە بۆ هەموو تەمەنەکانی ئۆتیزم دەگونجێت, واتا لە

(٨ مانگیەوە تا ٥٥ساڵی) بە مەرجێك دەستنیشان کرابێت, بە ئۆتیزم یان بە هەر جۆرێکی تری تێکچوونی گەشەی گشتی, (الشامی/٢٠٠٤/لاپەرە ٣٣و٣٤)

ئەم بەرنامەیە (تیتش)بریتیە لە فێرکردنی ڕێکخراو، ئەمە پرۆسەیەکی تەواو کارییە بۆ دەستێوەردانی چارەسەری بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت, ئەم بەرنامەیە گرنگی دەدات بە ژینەکەی دەوروبەری منداڵ کە ژینگەیەکی ڕێکخراو و روون و زانراو بێت, بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەم ژینگە ڕێکخراوەدا منداڵ دەتوانێت پێشبینی بکات بۆ داهاتوو چی رودەدات, کەمتر دادەمێنێت, ئەمەش کێشەکانی رەفتار کەم دەکاتەوە و زیاتر هەست بە سەر بە خۆی و بروابوون و پشت بە خۆ بەست دەکات (زمام/٢٠٠٨/لاپەڕە ٦٧)

ئەم بەرنامەیە بۆ منداڵانی ئۆتیزم و ئەو منداڵانە بە کار دێت کە کێشەی زمان و پەیوەندی یان توانای کۆمەڵایەتیان هەیە, بە پێی ئەم بەرنامەیە بە وێنە ژینگەیەکی ڕێکخراو بۆ منداڵی ئۆتیزم ڕێکدەخرێت, چونکە منداڵی ئۆتیزم حەزی بە رۆتینە, لە هەمان کاتدا توانای چاوی بەهێزە, بە پێی توانا کانی بەرنامەی بۆ ڕێکدەخرێت, وێنەی بۆ دادەنرێت لەو جێگانەی کاتەکانی تێیدا بە سەر دەبات, ئەمەش بە مەبەستی ڕێنمای

بوونی بە شێوەیەکی گونجاو, ئەو وێنانەی بە کار دێت دەکرێت وێنەی فۆتگرافی بێت, یان وێنەی دروستکراو بێت, ئەمەش بە پێی تواناو زیرەکی منداڵی ئۆتیزم دەگۆڕێت, بۆ نموونە وێنەی (W.C), وێنەی مێزو کورسی, کە ئاماژەیە بۆ دانیشتن و چالاکی, بەم شێوەیە هەموو خشتەی ڕۆژی بۆ دەکرێت بە وێنە (سایتی فەرمی دکتۆرە رابیە الحکیم www.childguidanceclinic.com).

ئەم بەنامەیە تەنها لە ماڵ بە کار نایەت, بە پێچەوانەوە دەبێت لە هەموو ئەو جێگانە بە کار بێت کە منداڵی ئۆتیزمی تێدایە, وەك سەنتەری تایبەت بە منداڵی ئۆتیزم, بەلام لە هەموو حاڵەتێکدا خێزان ڕۆڵی تەواو دەبینێت لەم بەرنامەیەدا(الشامی/٢٠٠٤/لاپەرە ٣٣و٣٤)

بۆ چی ژینگەی ڕێکخراو بۆ منداڵی ئۆتیزم پێویستە؟

منداڵی ئۆتیزم لە ژینگەیەکی ئاساییدا کێشەی زۆری هەیە, ئەو کێشانەش وای لێدەکات بەردەوام هەست بە دڵەراوکێ و ترس بکات, ئەمەش وا دەکات بەردەوام ڕەفتاری دووبارەی هەبێت, ئەم بەرنامە ڕێکخراوە هەرچەندە ڕۆتینی بۆ دروست دەکات, بەلام ئارامی دەکاتەوە.

ئەو کەسانەی حاڵەتی ئۆتیزمیان هەیە لە ژینگەیەکی ئاساییدا ئەم کێشانەیان هەیە:-

- دڵەراوکێ و (توتر) لە ژینگەی فێرکردنی ئاسایی, ئەمەش ڕێگر دەبێت لە فێرکردنی.
- خووگرتن بە ڕۆتینەوە.
- ئاستەنگی هەیە لە تێگەیشتن لە دەستپێکردن و کۆتایی چالاکییەکان و زنجیرەی ڕوداوەکانی ڕۆژ بە شێوەیەکی گشتی.
- ئاستەنگی هەیە لە گواستنەوە لە چالاکیەکەوە بۆ چالاکیەکی تر, یان لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر.
- ئاستەنگ لە تێگەیشتن لە قسەکان.
- ئاستەنگ لە تێگەیشتن لە جێگاکان و ڕوپێوییەکان (مساحات) لە ژینگەدا.
- فێرکردنی درك پێکردنی چاوی (الادراك البصری) پێ باشترە لە بری قسەکردن.

بۆ زاڵ بوون بە سەر ئەم کێشانەدا بەرنامەی ژینگەی ڕێکخراو هاتەکایەوە, بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لەم بەرنامەیە کار لە سەر پێنج لایەنی سەرەکی بکرێت لە ژێگەدا, ئەو پێنج لایەنەش ئەمانەی خوارەوەن:

- دروست کردنی ڕۆتینێکی سنوردار.
- ڕێکخستنی ڕوپێوییەکان(المساحات).

- خشتەی ڕۆژانە.
- ڕێکخستنی کار(چالاکی)
- فێرکردنی بینین (چاو – بصری)

بەم شێوەیە ڕۆتینێکی بە ڕوداوەکانی ڕۆژ و هەفتە بۆ منداڵەکە دروست دەکەی, (الشامی/٢٠٠٤/لاپەرە ٣٨و ٣٩)

دەکرێت ئەو خشتەیە بە شیوەی پانی یان ستوونی دابنرێت, وینەی ڕوداوەکان ڕۆژ و چالاکییەکانی پێوە هەڵبواسرێ, واتا هەموو چالاکییەکانی ڕۆژ وەك هەستان لە خەو و نان خواردن و چوونە توالێت (W.C)و یاری کردن و هتد, ئەمەنانە ئاسانکاری باش بۆ منداڵی ئۆتیزم دەکات, ئەو منداڵانەی توانای خوێندنیان هەیە دەکرێت بە نووسین ناوی ئەو چالاکییە یان ئەو شتەی کە وێنەکەی هەیە لە ژێری نووسرابێت, ئەمە هاوکاری باشی دەکات لە ناسینەوەی چالاکییەکاندا, لە هەمان کاتدا لەم ژینگە ڕێکخراوە بە وێنە منداڵی ئۆتیزم هێدی هێدی فێر دەبێت کەی دەست دەکات بە چالاکییەك و کەی کۆتایی دێت, چونکە ئەوان لە ژینگەیەکی ئاساییدا ئەو کێشەیان هەیە لە دەست پێکردنی چالاکی و کۆتایی هاتنی چالاکی, لەم بارەیەوە واتا لە سەر بەرنامەی (تیتش) دەتوانن لە (ئینتەرنێت) زیاتر بخوێننەوە.

٣-پێکس: PECS
(Picture Exchange Communication System)

سستەمی پەیوەندی لە ڕێگەی گۆڕینەوەی وێنە:-

ئەم بەرنامەیە بۆ ئەو منداڵانەیە کە لاوازییان هەیە لە پەیوەندی زمانەوانی، ئەو منداڵانە ئۆتیزم بن یان کێشەی زمان و پەیوەندی زمانیان هەبێت، لەم بەرنامەیەدا وێنە دەگوردرێتەوە بۆ دروست کردنی پەیوەندی، منداڵەکە ڕادەهێنرێت لە سەر ئەوەی وێنەی ئەو شتەی مەبەستێتی دەیدات بە دایکی یان هەر کەسێکی تر کە کاری لە گەڵدا دەکات، لە بەرامبەردا ئەو کەسەش ئەو شتەی دەداتێ، بۆ نموونە منداڵەکە خواردنێك یان یارییەکی دەوێت، دەبێت ڕاهێنرابێت کە ئەو وێنەیە بدات بە کەسی بەرامبەر و ئەویش لە بەرامبەردا ناوی یارییەکە یان خواردنەکە دێنێت و دەیداتە دەستی، لە کۆتاییدا و دوای ڕاهێنانێکی باش دەبێت منداڵ ڕستە دروست بکات، ئەگەر هاتوو نەیتوانی قسە بکات ئەوە دەبێت وینەی ڕستە هەبێت، بۆنموونە وێنەی (من، یاری یان خواردن، ئەمەوێت) بە وێنەکان ڕستەی (من ئاوم ئەوێت، یان من ئەمەوێت یاری بکەم) بەم شێوەیە دەتوانێت گوزارشت بکات و

رسته دروست بکات(سایتی فەرمی دکتۆرە رابیه الحکیم (www.childguidanceclinic.com

ئەم بەرنامەیە لە ساڵی (١٩٩٤) دانراوە, لەم سستەمەدا منداڵانی ئۆتیزم فێر دەبن پەیوەندی لە گەڵ کەسەکاندا دروست بکەن لە ڕێگەی وێنەوە, ئەوەش بۆ بە دەستهێنانی پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان, ئەم سستەمەش (شەش) قوناغە, لەم بەرنامەیەدا دەبێت بەو شتە (یاری یان خواردن) یان هەر شتێك کە لای منداڵەکە خۆشەویستە دەست پێ بکرێت, چونکە ئەگەر ئەوە شتەی کە دەمانەوێت ڕاهێنانی لە سەر بکەین لای خۆشەویست نەبوو, ئەوە خۆی بۆ ماندو ناکات, پاشان ئەو شتەی وەك قۆناغی یەکەم بە کار دێنین کە (وەك وتمان لای خۆشە ویستە) دەبێت دور بێت لە بەردەستی و نەتوانێت بە ئاسانی دەستی پێ بگات. (الشامی/٢٠٠٤/لاپەرە ١٤٠- ١٤٥)

لەم بەرنامەیەدا منداڵ زۆر پێویستی بە هاوکاری هەیە, ڕەنگە سەرەتا پێویست بکات بە هەموو جەستە ئاوکاری بکرێت, بەڵام ئەوەی گرنگە دەبێت هێواش هێواش ئەو هاوکارییانە کەم بکرێنەوە و منداڵ بتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت لە ئەنجامدانی هەر چالاکییەکدا, بۆ ئەوەی ڕابێت لە داهاتوو لە ژیانی رۆژانە پشت بە خۆی ببەستێت, ئەگینا هەتا هەتایە پشت بە دایك و باوك دەبەستێت لە بچووکترین تواناداد.

٤-بەرنامەی سن رایز: صن رایز (SON- RIES- PROGRAM):

ئەم بەرنامەیە لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردو دانراوە, لە لایەن دایك و باوكێكەوە, دوای ئەوەی منداڵەكەیان بە ئۆتیزم دەستنیشان كراوە, منداڵەكەیان ناوی (ڕاین) بووە, كاتێك دەستنیشان كراوە بە ئۆتیزم تەمەنی (١٩) مانگ بووە, شێوەی ئۆتیزمەكەی توند بووە, لە هەمان كاتدا ڕێژەی ژیرییەكەی (٣٠) بووە, واتا بیركۆڵش بووە, بەڵام دوای دانانی بەرنامەیەك كە بە بەرنامەی ماڵ دادەنرێت راین زۆر پێشكەوت و توانی قسە بكات و پەیوەندی دروست بكات, بە شێوەیەك كە لە منداڵی ئۆتیزم نەدەچوو, دواتر ڕاین توانی زانكۆش تەواو بكات و ببێتە كەسێك كە ڕاهێنان بە خێزانی منداڵانی ئۆتیزم بكات لەو سەنتەرەی كە باوكی دایمەرزاند لە ئەمەریكا.

ئەم بەنامەیە بەوە جیا دەكرێتەوە لە بەرنامەكانی تر كە گرنگی بە لایەنی كۆمەڵایەتی و پەیوەندی كۆمەڵایەتی منداڵی ئۆتیزم دەدات, ئەمەش بە بەشداری كردنی منداڵەكە و بە هەند وەرگرتنی ئارەزووەكانی منداڵەكە, ئەمەش بنەمای فێركردن و فێربوونە لە ڕێگەی یاری كردنەوە, لە هەمان كاتدا بە كارهێنانی ئارەزو و خۆشی لە گەڵ منداڵەكە, بۆ نموونە كاتێك

منداڵەکــە بــە جۆرێــك یــاری بــە دەســتەکانی دەکــات و دەیانجولێنێتـەوە لـە بـری ئـەوەی داوای لێبکەی واز بێنێت لـەو ڕەفتارە تۆش وەك ئەو یاری بە دەستەکانت بکە و بەشداری بکە لەم جوڵەیە, واباشترە لەم حاڵەتـە لـە بەرامبـەری بووەستیت تـا بتبینیـت, بەمـەش بەشـدارییەکی کۆمەڵایـەتیت کـرد, هەنـدێك پێیـان وابـوو ئـەم لاسایی کردنـەوە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە منداڵەکە ئـەو ڕەفتارانـەی لا خـۆش بێـت و دووبـارەی بکاتـەوە, بـەڵام ئەمـە لای (ڕایـن) باشـترین نموونـە بـوو, کـە بـووە هـۆی دروست کردنی پەیوەندی لە گەڵ باوکیدا.

سەبارەت بـەو منداڵانـەی زمـان بـە کـار نـاهێنن بـۆ پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی, یان بە شێوەیەکی تر بڵێین ئەو منداڵانەی کە قسە ناکەن, لەم بەرنامەیـە ڕێگەیـەك دانـراوە, ئـەویش ئەوەیـە کـەوا ئەو ووشانەی فێری دەبێت بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتیە, واتا سـود وەرگــرتن لــەو دەنــگ و ووشــانە بــە مەبەســتی پەیوەنــدی کۆمەڵایەتی, لە هەمان کاتدا ئەمە وەك یارییەکـە بـۆ منداڵەکـە, وەڵامدانەوە بۆ هەر دەنگێکی منداڵەکـە خـۆی لـە خۆیـدا گرنگـە, ئەگەر دەنگەکە هیچ مانایەکیشی نەبوو, باشتر وایە سەرەتا ئـەو ووشانە بە کار بێت کـە جوڵـەی لـە گەڵدایـە, بـۆ نموونـە کاتێـك دەڵێیــت لــە ســەرەوە, دەتوانیــت خــۆت بــەرز بکەیتــەوە بــۆ ئاماژەکردنی بۆ سەرەوە, دواتر دەتوانین ناوی ئەو شتانە بڵێیـت

کە دەتوانین بە ئاماژەش بە کاربێت, لە هەر کاتێکدا منداڵەکە ووشەکەی ووت یان تەنانەت پیتێکی لە ووشەکە ووت دەبێت دەستخۆشی لێبکرێت و هانبدرێت تا کارەکەی لا خۆشەویست و بەلەزەت بێت.

دەکرێت ئەم بەرنامەیە بە سێ قۆناغ ئەنجام بدرێت, قۆناغی یەکەم بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ کەسانی پسپۆر لەم بەرنامەیە خول بۆ خێزان دەکەنەوە, پاشان خێزان ئەو هەنگاوانەی فێربوون لە ماڵەوە لە گەڵ منداڵەکەیان جێبەجێی دەکەن بۆ ماوەیەکی دیاری کراو, پاشان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەنتەرە پسپۆرەی منداڵەکەی تێدایە بۆ تەواو کردنی قۆناغی دووەم کە ئەنجامدانی چالاکییەکان بوو لە ماڵەوە. (المغلوث/٢٠٠٦/لاپەڕە ٣٥-٣٧)

زۆر بەرنامە هەیە کە بۆ منداڵی ئۆتیزم و ڕاهێنانی منداڵی ئۆتیزم دانراوە کە نەمانتوانی لە کتێبەدا ئاماژەیان پێ بکەین و بیانخەینە روو , بۆیە مەرج نیە هەموو ئەو بەرنامانە بۆ کۆمەڵەی ئێمە بگونجێت, لە هەمان کاتدا نامانەوێت لێرەدا خێزان بخەینە گێژاوێکەوە لە نێو ئەو هەموو بەرنامانەدا, پاشان زۆر لەو بەرنامانە بە ئاسانی جێبەجێ ناکرێت, بۆیە

پێویستە خێزان و پسپۆران و ڕاهێنەران خولی تایبەت لە سەر ئەو بەرنامانە ببینن.

سەرچاوەکان

١- ئەفرام محەمەد حەسەن، نەخۆشیە دەروونییەکان، چاپی دووەم ٢٠٠٣چاپی سێهەم ٢٠١٢، چاپخانەی ئاوێنە.

١-ماجد نوری‌و د.ڕێزان دزەیی، ئۆتیزم، چاپخانەی خانی (دهۆك)، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.

٢- عادل عبدالله محمد، جداول النشاط المصور للاطفال التوحديين ، دار الراشد.

٣- جيهان احمد مصطفى، التوحد، كتاب اليوم (السلسلة الطبية)، العدد ٢٨٠ و ٢٨٩، دار اخبار اليوم، القاهرة، ٢٠٠٨.

٤-سوسن شاكر الجلبي، التوحد الطفولي (اسبابه - خصائصه - تشخيصه - علاجه)، الناشر مؤسسة علاء الدين للطباعة والتوزيع - دمشق - سوريا، الطبعة الاولى ٢٠٠٤.

٥- مورين ارونز - تيسا جيتنس،العلاج الامثل لمضرض التوحد - الاوتيزم - المشكلة والحل، دار الفاروق للنشر والتوزيع - مصر.

٦- ثناء حسن سليمان، اضطراب التوحد، الناشر: دار كيوان - دمشق، الطبعة الاولى ٢٠٠٧.

٧- عبدالجليل الاحمد، المرض الذي حير العلماء - التوحد، الناشر - دار الرضوان، حلب، ٢٠٠٥.

٨- احمد سليم النجار، التوحد واضطراب السلوك، الناشر دار اسامة للنشر والتوزيع، الاردن - عمان، ٢٠٠٦.

٩- د. فهد بن حمدالمغلوث/التوحد كيف نفهمه ونتعامل معه/ الطبعة الاولى ٢٠٠٦/مؤسسة الملك خالد الخيرية.

١٠- د. سهى احمد امين نصر/ الاتصال اللغوي للطفل التوحدي / الطبعة الاولى ٢٠٠٢/ دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع

١١- وفاء علي الشامي/علاج التوحد/ الطبعة الاولى ٢٠٠٤/

١٢- عبداللطيف مهدي زمام/ التوحد الذاتي عند الاطفال/٢٠٠٨/دار زهران للنشر والتوزيع-عمان الاردن

سەرچاوەکانی ئینتەرنیت

١-د. رابيه الحكيم www.childguidanceclinic.com
٢- اطفال الخليج ذوي احتياجات الخاصة – (www.gulfkids.com
٣- شكبة تحدي مرض التوحد في العالم العربي- http://www.autismarabia.com

بەشی دووەم

- ئۆتیزمو خێزان
- کاریگەریی ئۆتیزم لەسەر خێزان
- فێرکردنی منداڵی ئۆتیزم
- ئەو هۆکارانەی دەبنە گرفت لەبەردەم فێرکردن
- هەڵسەنگاندی منداڵی ئۆتیزم
- دروست کردنی پەیوەندی
- ئۆتیزمو ژینگەی دەرەوە
- ئۆتیزمو وێنە
- ئۆتیزمو قوتابخانە
- پلانو بەرنامە
- گەشەکردنی توانای ڕۆژانە لەڕێگە چالاکییەوە
- بەکارهێنانی ناوی شتەکان
- ئۆتیزمو بەهرەمەندی
- ئۆتیزمو دەربڕین
- ئۆتیزمو خۆشەویستی
- ئۆتیزمو پاداشت
- هەندێ ڕێنمایی بۆ خێزان

ئۆتیزم و خێزان

لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمان لەئۆتیزم ـ خود تەنیاییو جۆرو هۆکارو نیشانەکان و چارەسەرکردن کرد، کە پشتمان بەکۆمەڵێك سەرچاوە بەستبوو، بەڵام لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بەپشتبەستن بەئەزموونی خۆمان لەڕاهێنانـدا لەگەڵ منداڵانی ئـۆتیزم بخەینەڕوو، چونکە دڵنیاین، کە خێزانی کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بەڕێنماییو هاوکاری هەیە، تا بتوانێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ منداڵەکەیدا بکات، بەتایبەت کە بۆی دەردەکەوێت، منداڵەکەی ئۆتیزم لەگەڵدایە.

زۆر جار کە خێزانێك دەبینێت، منداڵەکەی لە(قسەکردن)و کۆمەڵێك توانای ڕۆژانە دواکەوتووە پەنا دەبات بۆ لای پزیشکی پسپۆری منداڵان، بەتایبەت ئەو خێزانانەی منداڵی تریان هەیەو ئەو منداڵانەش بێ کێشە بوونو هیچ دواکەوتنێکیان نەبووە، یان ئەو خێزانانەی منداڵێکیان هەبووەو درەنگ پێیان زانیوە، کە تووشبووە بەئۆتیزم، بۆیە بۆ منداڵی دووەم زووتر هەست بەدواکەوتنەکان دەکەنو زووتر خەمی دەخۆنو دەیانەوێت چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو خێزانێك منداڵەکەی هەندێ کێشەی هەبێتو بەکێشەی

نەزانن، ئەوە دەبێتە هۆی دواکەوتنی چارەسەر یان باشتر بوون، بۆیە دەبێت خێزان زۆر وریا بێت، لەوەی کە منداڵەکەی هەندێ دواکەوتنی هەبوو، یان هەندێ ڕەفتاری نامۆی هەبوو، دەبێت خەمی بخوات، چونکە لەو حاڵەتانەی کە پەیوەستن بەڕەفتارو لەمامەڵە دەردەکەوێت، پێویستە خێزان زوو خەمی ئەو منداڵە بخواتو هەموو هەنگاوەکان بنێت، تا زووتر هاوکاریی بکات، ئەگەر هاتوو منداڵەکە ئۆتیزمی بوو، ئەوە تا زووتر دەستنیشان بکرێت باشترە، چونکە تا لەتەمەنی منداڵیدا ئیشی (ڕاهێنان) لەگەڵدا بکرێت، ئەوە زیاتر ئومێدی باشتربوونی هەیە، نەك چارەسەر، چونکە تا ئێستا بەداخەوە چارەسەرێکی تەواو نییە بۆ ئۆتیزم.

بەداخەوە زۆر جار خێزانێك بەهۆی هەندێ کلتوورو دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە منداڵەکەی دەشارێتەوەو پێی شەرمە، کە منداڵێکی ئۆتیزمی هەبێت، یان ڕەنگە هەر نەزانێت ئۆتیزمە، بەڵام ئەم شاردنەوەیە گەورەترین زیان بەو منداڵە دەگەیەنێتو لەبەرەو پێشچوون لەتواناکاندا دوای دەخات، واتا تا زووتر منداڵەکە دەستنیشان بکرێت، ئەوە زووتر بەرەو پێش دەچێت، بێگومان بەڕاهێنانو دەستێوەردانی پێشوەخت بەرەو پێش دەچێت، نەك بەدانان لەچوارچێوەی چوار دیواردا، ئەو

ڕاهێنانەش دەبێت کەسانێکی شارەزا ئەنجامی بدەن، ئەگەر ئەو کەسە شارەزایانە نەبوون یان کەم بوون، ئەوە لەهەموو حاڵەتێکدا ئەو کەسە شارەزایانە هەرچەندە زۆر بن، وەك خێزان ڕۆڵ نابینن لەهاوکارییکردنی منداڵی ئۆتیزمدا، بۆیە ئێستا لەزۆر وڵات زیاتر خێزانەکان فێردەکرێن بۆ ڕاهێنانی منداڵی ئۆتیزم، چونکە بەداخەوە لەهەموو دونیا ئەم حاڵەتە (ئۆتیزم) لەزیادبووندایە.

دوو منداڵی ئۆتیزم لەیەك ناچن، لەڕووی نیشانەو هۆکارو ڕەفتارو زۆر شتی ترەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە تائێستا چارەسەرێکی گشتی بۆ منداڵی ئۆتیزم نەدۆزراوەتەوە، بۆیە کاتێك باس لەڕاهێنانێك دەکەین، مەرج نییە بۆ هەموو منداڵێکی ئۆتیزم بگونجێت، واتا دەبێت هەموو منداڵێکی ئۆتیزم بەرنامەی تایبەتی بۆ دابنرێت، ئەمەش بەهەڵسەنگاندن دەتوانرێت لایەنە بەهێزو لاوازەکانی دەستنیشان بکرێتو پاشان بەرنامەی بۆ دابنرێت، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا ئەوەی گرنگە خێزان بیزانێت دوو خاڵە، یەکەم: دەبێت خێزان زۆر ئارام بێت لەگەڵ منداڵەکەی لەهەموو کاتەکاندا، چونکە منداڵی ئۆتیزم درەنگ فێردەبنو شت وەردەگرن. دووەم: دەبێت خێزان سوور بێت لەسەر ئەوەی کە منداڵەکەی فێردەبێت، واتا هەوڵدان

لەهەر بوارێكدا لەگەڵی بدرێت ئەنجامی دەبێت، ئەمەش ڕاستییەكەو دەبێت خێزان بیزانێت.

هەموو ئەو هەنگاوانەی پێویستە بۆ منداڵی ئۆتیزم بنرێت لەلایەن خێزانەوە، بێگومان گرنگی هەیە، بۆیە پێویستە خێزان ئەوە بزانێت، ئەركێكی قورسی لەئەستۆیە، دڵنیاشین لەوەی ئەو خێزانانەی منداڵی ئۆتیزمیان هەیە، زۆر ماندوون‌و بوونی ئەو منداڵە كاری كردوەتە سەر هەموو ئەندامانی خێزان بێ جیاوازی، بۆیە ئاسان نییە، خێزانێك هەموو ژیانی بەهۆی منداڵێكی ئۆتیزمەوە بە بەرنامەو پلان بەڕێوە بڕوات، بەڵام ئەوەی گرنگە بیزانرێت، ئەوەیە ئەو بەرنامەو پلانانە زۆر شت بۆ خێزان‌و منداڵەكەش ئاسان دەكات، ئەمەش دەكەوێتە سەر سووربوونی خێزان لەسەر ئەو بەرنامەو پلانانەو ئاستی وەرگرتنی منداڵەكە.

کاریگەریی ئۆتیزم لەسەر خێزان

هەموو حاڵەتێکی کەمئەندامی یان خاوەن پێداویستی تایبەت لەزۆر ڕووەوە کاریگەریی لەسەر خێزان هەیە، بەتایبەت حاڵەتە دەروونیو عەقلییەکان، یان دەتوانین بڵێین ئەو حاڵەتانەی کە جەستەیی نینو دەستنیشانکردنیان ماوەیەکی زۆری دەوێت، ئۆتیزمیش دەچێتە ژێر ناوی ئەو حاڵەتانەوە، کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خێزان هەیە لەچەند ڕووەیەکەوە، وەك:

- لەڕووی مادییەوە: بەهۆی ئەوەی حاڵەتی ئۆتیزم دەستنیشانکردنی ئاسان نییەو ماوەیەکی زۆری دەوێت، بۆیە زۆربەی خێزانەکان چەندین وڵاتو چەندین پزیشکی پسپۆر دەکەن، تەنها بۆ ئەوەی بزانن، منداڵەکەیان چییەتی.
- لەڕووی دەروونییەوە یان مەعنەوییەوە: کاتێك خێزانێك منداڵەکەی بەئۆتیزم دەستنیشان دەکرێتو بەهۆی نەبوونی شارەزاییو ئەزموونەوە خێزان تووشی حاڵەتێکی دەروونی نالەبار ئەمەش کار دەکاتە سەر ژیانی بەشێوەیەکی گشتی.

- لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە: بەهۆی ئەوە منداڵی ئۆتیزم جووڵەی زۆرەو توانای گوزارشتی نییە، بۆیە زۆر جار لەلایەن کۆمەڵگەوە ڕەتدەکرێتەوەو سەرزەنشتی خێزان دەکرێت، بۆیە ئەمەش دەبێت هۆی دابڕانی خێزان لەکۆمەڵگەو لەبۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا.

لەهەمان کاتدا لەکاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی ئۆتیزم لەمنداڵەکەیداو تا کاتی دەستنیشانکردنی خێزان بەچەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت، لێرەشدا ئەو قۆناغانە دەخەینە ڕوو:

١. زەبری دەروونی (صدمة النفسية): کاتێك خێزان چاوەڕوانی لەدایکبوونی منداڵێك دەکات، بێگومان چاوەڕوانی منداڵێکی ساغو لەشدروست دەکات، کە هیچ کەموکوڕییەکی نەبێت، بەتایبەت کەموکوڕی جەستەیی، چونکە ئێستا بەهۆی زانستەوە دەتوانرێت پێش لەدایکبوون، کەموکوڕییە جەستەییەکان ببینرێت، بەڵام هیچ کات خێزان چاوەڕوانی منداڵێکی کەمتوانا یان چاوەڕوانی منداڵێك ناکات، کە کێشە لەمێشکیدا هەبێت، بۆیە کاتێك منداڵەکەی لەکۆمەڵێك توانا دوادەکەوێتو پزیشکێکی پسپۆڕ پێیان ڕادەگەیەنێت، کە منداڵەکەیان تووشبووە بەئۆتیزم، خێزان لێرەدا تووشی

زەبرێکـی دەروونـی خـراپ دەبێـت، بەتایبـەت کـە هـیچ زانیارییەکیان لەسەر ئۆتیزم نەبێتو پێیان بوترێت ئەم حاڵەتە چارەسـەری نییـە، ئەمـەش کاریگەرییـەکی زۆر خراپـی دەبێت لەسەر خێزان.

٢. ڕەتکردنـەوەو ئینکـارکردن: بێگومـان بـەهۆی ئـەوەی منداڵی ئۆتیزم لەڕووی جەستەییەوە هیچ کەموکورپیەکی پێوە دیـار نییـەو کێشەکان لەدواکـەوتنی گەشـەی مێشکدایە، بۆیـە خێـزان بەهـەموو شـێوەیەك ڕەتـی دەکاتـەوە، کـەوا منداڵەکـەی تووشـبوو بێـت بـەئۆتیزم، دەچـنە لای پزیـشکی تـرو چـەندین شیکاری بۆ دەکەنو ڕەنگە چەندین وڵاتی تر بکەن، تەنها لەبـەر ئەوەی کەوا دڵنیابن، لەوەی منداڵەکەیان هیچی نییە، یان ڕەنگە هـیچ نەکـەنو بڵـێن منداڵەکـەمان ئاسـاییەو تـەنها قـسەکردنی دواکەوتوەو خۆی باش دەبێت، یان بـەهۆی ئـەوەی کـەوا هۆکـارو نیشانەکانی ئۆتیزم ئاشکراو ڕوون نییە، کە خێزان پەنا ببات بۆ چـەندین شـێوازی چارەسـەرکردن، بـۆ نموونـە چـوون بـۆ لای (شـێخو مـەلا)، هەنـدێ جـار بـاوەڕ بـەوە دەکـەن، کـە پێیـان دەوترێت منداڵەکە جنۆکە لە لەشیدا هەیەو دەبێت دەربکرێت، یان پەنا بۆ چارەسەری سروشتیو دەرمانی گیایی دەبەن، ئەمەو چەندین شێوازی تر، کە بەپێی کۆمەڵگەکان دەگۆڕێت.

٣. هەستکردن بەتاوان: دوای قۆناغی زەبری دەروونیو ڕەتکردنەوە خێزان دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە منداڵەکەی دواکەوتوەو تووشبووە بەئۆتیزم، لێرەداو لەم قۆناغەدا خێزان هەست بەتاوان دەکاتو هەموو هۆکارەکە بۆ خۆی دەگەڕێنێتەوەو بەهەموو شێوەیەك لۆمەی خۆی دەکات، بۆ نموونە دەڵێت ئەگەر من ئەوەم نەکردایە، ڕەنگە منداڵەکەم وای لێ نەهاتایە، یان زۆر جار خێزان ڕەنگە وا هەست بکات، کەوا تاوانێکی کردوە، بۆیە خوای گەورە ئەم منداڵەی پێبەخشیوە، ئەو قۆناغانەی سەرەوە تووڕەبوونێك لای خێزان دروستدەکات، کە ئەنجامەکەی دەبێتە کێشەی خێزانیو ژنو مێرد، تەنانەت یەکتریش تاوانبار دەکەن، بەوەی کەوا ئەو هۆکار بووە بۆ دروستبوونی ئەم منداڵە.

٤. قبوڵکردنو چارەسەر: دواقۆناغ کە گرنگترین قۆناغە ئەوەیە، کەوا خێزان دەگاتە ئەو باوەڕەی، کەوا منداڵەکەی دواکەوتوەو تووشبووە بەئۆتیزمو دەبێت هاوکاریی بکات، لێرەدا بەدوای پسپۆڕانو شارەزایان دەگەڕێتو هەوڵی چارەسەردەداتو هەر چارەسەرێکی کە پسپۆڕان پێی بڵێن، باوەڕی پێ دەکات.

لێرەدا ئەوەی گرنگە بوترێت، لەکاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی ئۆتیزم لەسەر منداڵێك خێزان بەو قۆناغانەدا

تێدەپەڕێت، مەرج نییە هەموو خێزانێك بەو هەموو قۆناغەدا تێبپەڕێت، ڕەنگە خێزان هەبێت بەقۆناغی زیاتر لەو قۆناغانەدا تێبپەڕێت، مانەوەی خێزان لەقۆناغەکاندا لەخێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر جیاوازە، ئەوەی گرنگە خێزان بەکەمترین کات بگاتە قۆناغی کۆتایی (قبولکردنو چارەسەر)، چونکە دواکەوتنەو درەنگ گەیشتنە بەقۆناغی کۆتایی زیانی زیاتر بەمنداڵەکە دەگەیەنێت.

لەهەموو ئەو قۆناغانەدا پزیشكو پسپۆرانی کۆمەڵایەتیو دەروونی ڕۆڵی بەرچاو دەبینن، لەڕووی کەمکردنەوەی زەبرە دەروونی و لە ڕووی گەیشتن بەقۆناغی کۆتایی (قبولکردنو چارەسەر)، بەڵام بەداخەوە لەوڵاتی ئێمە ئەو پسپۆرانە بوونیان کەمەو تا ئێستاش نەبووەتە نەریتێك، کەوا لەکاتی دەستنیشانکردنی منداڵێکی ئۆتیزم هاوکاریی پێشکەش بەخێزان بکەنو ئارمییان پێ ببەخشن، ئەگەر ئەو ڕێنمایانەش هەبێت ئەوە بە شێوەیەك نیە کەوا خێزان بە تەواوەتی ئارام بکاتەوە.

فێرکردنی منداڵی ئۆتیزم

کاتێك دەڵێین فێرکردنی منداڵی ئۆتیزم، واتا ڕاهێنان‌و هەوڵدان بۆ بەرەو پێشبردنی منداڵی ئۆتیزم، لێرەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕاهێنان باشترین چارەسەرە بۆ ئەوان، فێرکردن لێرەدا بەمانای ئەو فێرکردنە نایەت، کە لەقوتابخانەدا منداڵ فێردەکرێت، بۆیە دەبێت خێزان‌و ئەو کەسانەی مامەڵە لەگەڵ منداڵی ئۆتیزمدا دەکەن، بزانن فێرکردن چی دەگرێتەوەو کام فێرکردن پێویستە پێش ئەوی تر بکەوێت، لێرەدا کۆمەڵێك لەو توانست‌و لایەنانە دەخەینە ڕوو کە پێویستە کاری لەسەر بکرێت:

- **توانستەکانی ڕۆژانە لای منداڵی ئۆتیزم:**

منداڵی ئۆتیزم بەوە ناسراوە، کە پێویستی بەهاوکاریی بەردەوام هەیە، بۆیە پشت بەدەوروبەر دەبەستێت لەبچووکترین توانا تا گەورەترین توانا، ئەگەر هاتوو دەوروبەر بەردەوام هاوکارییان کردو هەموو کارەکانیان بۆ ئەنجامدا، ئەوە بێگومان ئەو منداڵە بەهیچ شێوەیەك بەرەو پێش ناچێت‌و پشت بەدەوروبەر دەبەستێت لەدابینکردنی بچووکترین پێداویستی ڕۆژانەیدا.

کۆمەڵێك توانای سەرەکی لەهەموو مرۆڤێکدا هەیە، پێویستە بوونی هەبێت، ئەم توانستانە لای منداڵی ئاسایی

لەگــەڵ تەمەنیــدا گەشــەدەکات، بــەڵام لای منــداڵی ئــۆتیزم بەزەحمـەت گەشـەدەکات، بۆیـە پێویـستە لەسـەرەتاوە ڕاهێنـانی ئەو توانستانەی لەگەڵدا بکرێت، بێگومان توانستەکان زۆرن، کـە مرۆڤ لەژیانی ڕۆژانەی پێویستی پێ دەبەێت.

سەرەتا دەبێت، ئەوە بزانین، کە منـداڵ بەگشتی پێویـستی بـەوە هەیـە، کـە لەسـەر توانـستەکانی ڕۆژانــە فێربکرێـت، وەك نـانخواردنو چـوونە توالێـتو جـل گـۆڕین، گـۆرەوی‌و پـیڵاو لەپێکردنو ....هتد، ئەم توانـستانە بـۆ منـداڵی ئـۆتیزم قورسـەو پێویستی بەهاوکاری هەیە، بەڵام ئەگەر هـاتوو ڕاهێنـانی لەگـەڵ کرا، ئەوە بێگومان ڕادێت، بەڵام دیسانەوە لێـرەش دەڵـێین خێـرا ڕاهاتنو درەنگ ڕاهاتن لەمنداڵێکی ئۆتیزمەوە بـۆ منـداڵێکی تـر دەگۆڕێت. گرنگترین توانستەکانی ژیانی ڕۆژانە بریتییە لە:

١.نانخوادن بەسەربەخۆیی
٢. خۆگۆڕینو جل لەبەرکردن
٣. ددان شتن
٤. بەکارهینانی تەوالێت لەماڵ و شوێنە گشتییەکان
٥. خۆشتن
٦. ئەنجامدانی هەندی کاری ئاسانی نـاو مـاڵ وەك سـڕینی مێز, کۆکردنەوەی یارییەکانی خۆی.
٧. قژ داهێنان
٨. هەڵبژاردنی جلوبەرگی گونجاو بۆ کەشو هەوای گونجاو.

٩. بتوانێت زەڵاتەیەك بۆ خۆی ئامادە بكات.

١٠. بتوانێت خواردنێك ئامادە بكات.

١١. بتوانێت لەفەیك بۆ خۆی دروست بكات.

١٢. گرنگی دان بە نینۆك و پاك و خاوێنی.

ئەمەو چەندین تواناتر كە خێزان دەتوانێت منداڵەكەی لە سەر رابهێنێت, بۆ ئەوەی منداڵی ئۆتیزم لە داهاتوودا بتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت و چاوەروانی كەس نەكات كاتێك پێویستیەكی هەبوو, بۆ نموونە ئەگەر برسی بوو, كەسیش نەبوو خواردنی بۆ ئامادە بكات.

• توانستەكانی پێش قوتابخانە

ئەگەر منداڵی ئۆتیزم توانای قسەكردن هەبوو، لە توانستەكانی رۆژانە كێشەی نەبوو، دەبێت بۆ چوونە قوتابخانە ئامادە بكرێت، وەك منداڵێكی ئاسایی دەبێت ئەم توانستانەی باش بێت و ئامادە كرا بێت:

١. ناسینی ڕەنگەكان.

٢. ناسینی شێوەكان.

٣. ناسینی ژمارەكان.

٤. ناسینی قەبارە.

٥. جیاکردنەوەی دەنگەکان.
٦. توانای ماسولکەی بچووک (قەڵەم گرتن).
٧. ناسینی ئاراستەکان (ڕاستو چەپ، باکوورو باشوور).
٨. زانینـــی جیاوازییـــەکان لـــەنێوان لەیەکـــچووەکانو دژەکان.

ئەمــەو چــەندین توانــای تــر، کــە پێویــستە منــداڵ پــێش چوونە قوتابخانە بیانزانێت، یان چەندین توانا هەیە، کە دەبێت فێریـان ببێـت بـۆ ژیـانی ڕۆژانـەی، بـەڵام ئـەم توانانـە لەشـەو و ڕۆژێکـدا فێـر نابێـتو پێویـستی بـەڕاهێنانی بـەردەوام هەیـە، پاشـان ئـۆتیزم لـەو جۆرانەیـە کـە لەهـەموو تەمـەنی پێویـستی بـەهاوکاریی دەوروبـەر هەیـە، بۆیـە نابێـت خێـزان لەسـەرەتای ڕاهێنانەکانـــدا تووشـــی نائومێـــدی ببێـــت، کاتێـــك دەبینێـــت منداڵەکەی بەئاسانی فێرنابێت.

گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی فێرکردن

بێگومان زۆر هۆکارو فاکتەر هەیە، کە دەبنە گرفتو ڕێگر لەبەردەم فێربوونو بەرەو پێشچوونی منداڵی ئۆتیزمدا، بێگومان گرنگترین ئەو فاکتەرانە دواکەوتنی دەستنیشانکردنی حاڵەتی ئۆتیزمە لای ئەو منداڵە، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر دوای دەستنیشانکردن بکەین، ئەوە کۆمەڵێك گرفت هەیەو لێرە دەیخەینە ڕوو، تا خێزان زووتر هەوڵی چارەسەری ئەو گرفتانە بکات:

١- هەڵسوکەوتی دووبارە

هەڵسوکەوت یان ڕەفتاری دووبارە یەکێکە لەنیشانە سەرەکییەکانی ئۆتیزمو ڕێگرو بەربەستە لەبەردەم پرۆسەی فێرکردندا، ئەم هەڵسوکەوتانە بریتییە لە جوڵەی لەش یان بەشێکی لەش بە بەردەوامی یاخود خولانەوە بە دەوری خۆیدا ، یان یاری کردن و خوگرتن بە یاریەکی تایبەتەوە، ڕەفتاری دووبارە و یەك ڕێچکە زۆر شت دەگرێتەوە ، بەڵام ئەوەی گرنگە بزانرێت ڕەنگە هۆکاری ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتە دووبارانە نەبوونی بەرنامە و کاتی بەتاڵی زۆر بێت، چونکە منداڵی ئۆتیزم ناتوانێت خۆی بۆ خۆی کاتەکانی ڕێکبخات و کەی هیچ

کـارێکی نــەبوو برواتــە لای یارییــەکانی، بۆیــە ڕێکخــستنی بەرنامەی ڕۆژانە کارێکی زۆر گرنگە و دەبێت ڕەچاو بکرێت و کاتــە بەتاڵــەکان بــە کۆمــەڵێك یــاری زانــستی و فێرکـاری پــڕ بکرێتەوە بۆ گەشە کردنی تواناکانی ڕۆژانەی منداڵەکە، چونکە بە نەبوونی ئەو بەرنامەیە جولە و ڕەفتاری دووبارەی منـداڵ زیاد دەکات و بـە هەموو شێوەیەك پرۆسەی فێرکـردن قـورس دەبێت .

٢- جوڵەی زۆرو کەمی دانیشتن

زۆربەی منداڵانی ئۆتیزم ـ خودتـەنیایی جووڵـەی زۆریـان لەگەڵدایە، کە ئەمەش کاری کردوەتە سەر خێـزان بەشـێوەیەکی گـشتیو بووەتــە هــۆی دابڕانــدنی خێــزان لەکۆمەڵگـەو بۆنــە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەمەش وای کردوە، خێزان پەنا بۆ چەندین ڕێگەچـارە بـۆ هێورکردنــەوەو دانیــشتنی منداڵــەکانیان ببـات، تەنانــەت پــەنا بــۆ بــەکارهێنانی چارەســەر دەبەن،کـە لەلایــەن پزیشکەوە بۆیـان دەنووسـرێت، چونکە دانیـشتنی منـداڵ یەکەم هـەنگاوە بـۆ هـەموو ڕاهێنانێـك، کـە پێویـستە لەگـەڵی ئـەنجام بدرێت، ئەگەر منداڵی ئۆتیزم لەسەر مێـزو کورسـی دانەنیـشێت، ئـەوە هـەموو ڕاهێنانێـك لەگەڵیـدا بـێ سـوود دەبێـت، پاشـان ڕاهێنـانی لەسـەر دانیـشتن هاوکـارە بـۆ دانیـشتنی لەسـەر مێـزو کورسـی لەشـوێنە گـشتییەکاندا ، بۆیــە جووڵــەی زۆرو کــەمی

دانیشتن وەك هۆکارێك دەبێتە ڕێگر لەبەردەم فێرکردنو ڕاهێناندا.

دەبێت خێزان ئەو ڕاستییە بزانێت، کە ڕاهێنانی منداڵی ئۆتیزم لەسەر دانێشتن لەسەر مێزو کورسی پێویستی بەڕاهێنان هەیەو ڕەنگە ئەو ڕاهێنانە بەچەند ڕۆژێك ئەنجام بدرێتو ڕەنگە چەند مانگێك بخایەنێت، یان ڕەنگە پێویستی بەکاتێکی زیاتر بێت، بەڵام دەبێت خێزان لەو هەوڵانە بێ هیوا نەبێتو دڵنیا بێت منداڵەکەی لەسەر دانیشتن ڕادێت، ئەگەر ئەوان سووربن لەسەر ئەوەی کە ڕایبێنێت لەسەر دانیشتن.

سەرەتا پێویستە بۆ ڕاهێنانی منداڵی ئۆتیزم لەسەر دانیشتن مێزو کورسییەکی تایبەت هەبێت، لەوێوە هەوڵی دانیشتنی لەگەڵ دەدرێت بەتایبەت یاریی کردن، واتا ئەو یارییانەی کە ڕۆژانە لەماڵەوە دەیکات، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەسەرەتادا چەند یارییەك ئامادە بکرێت، بۆ ئەوەی لەهەر یارییەك بێزار بوو، ئەوە یارییەکی تری بخرێتە بەردەست، بەم شێوەیە ڕەنگە سەرەتا بۆ ماوەی پێنج چرکە دابنیشێت یان ڕەنگە زیاتر، بەڵام ئەوەی گرنگە، کە ئەمە سەرەتایەکە بۆ فێرکردنی منداڵ لەسەر دانیشتن، لەهەمان کاتدا دەبێت خواردنیش لەسەر مێزو کورسی بێت، بۆیە نابێت،

بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی بدرێتن خواردن بباتە جێگایەکی تر بیخوات، دەبێت خواردنەکەی لەسەر مێزو کورسی بۆی دابنرێت، ڕەنگە تووڕە ببێتو هاواربکاتو خواردنەکە بەجێبهێڵێت، بەڵام لەئەنجامدا برسی دەبێتو دەگەڕێتەوە، ئەوەی گرنگە دەبێت خێزان بەتوڕەبوونو هەڵچوونو هاوارکردنی منداڵەکە لاواز نەبێتو هەموو شتەکانی بخاتە بەردەست، بەو شێوەیە منداڵەکە ڕادەێت بۆ هەموو شتێك هەڵدەچێتو بەو شێوەیە هەموو مەبەستەکانی بەدەست دێنێت.

خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە ڕەچاوبکرێت، لەکاتی ئەنجامدانی ڕاهێنانەدا ئەوەیە نابێت جیاوازیەك لەنێوان دانیشتنی منداڵەکەو کەسی ڕاهێنەر هەبێت، بۆ نموونە نابێت منداڵەکە لەسەر کورسییەکی منداڵان دانیشتبێتو دایك یان باوك (کەسی ڕاهێنەر) بەپێوە بێت، یان لەسەر کورسییەکی بەرز دانیشتبێت، واتا دەبێت لەگەڵ منداڵەکە لەیەك ئاستدا بنو هەوڵ بدرێت، پەیوەندیی چاوی بەهێز بکرێت، چونکە منداڵی ئۆتیزم پەیوەندیی چاوی (سەیریکردنی چاوی بەرامبەر) نییە یان لاوازە، پەیوەندیی چاو سەرچاوەی هەموو چالاکییەکانی ترە، کە لەگەڵی ئەنجام دەدرێت.

٣- سەیرکردنی تەلەفیزیۆن

تەلەفیزیۆن‌و ئامێرەکانی تری پێشکەوتن (کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و مۆبایل) کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر منداڵ بەگشتی‌و منداڵی ئۆتیزم بەتایبەت هەیە، چونکە منداڵ لەکاتی دانیشتنی بەدیار ئەو ئامێرانەوە تەنها زانیاری وەردەگرێت‌و ناتوانێت هیچ شتێك ببەخشێت‌و پەیوەندی دروست بکات، سەبارەت بەمنداڵی ئۆتیزم ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، چونکە ئەوان کێشەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی‌و تێکەڵبوونیان هەیە لەگەڵ منداڵی ترو هاوتەمەنی خۆیان، ئەمەش بێگومان ڕێگر دەبێت لەبەردەم فێرکردن‌و ڕاهێناندا.

زۆر جار خێزانێك دەیگێڕێتەوە، کەوا منداڵەکەی بۆ چەندین کاتژمێر بەدیار تەلەفیزیۆنەوە بەبێدەنگی دانیشتوە، بێ ئەوەی کەس بێزار بکات، کە پێیان وابووە، منداڵەکەیان بێ کێشەو هێمنە، بەڵام لەگەڵ دواکەوتنی لەتواناکان بۆیان دەرکەوتوە، کە منداڵەکەیان کێشەی زۆرە، ئەمە ئەگەر منداڵەکە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەبووایە، یان تێکەڵ بەهاوتەمەنی خۆی بکرایە، ئەوە زووتر هەست بەو کێشەو دواکەوتنانە دەکرا.

دەبێت بەرنامەکانی منداڵی ئۆتیزم لەڕاهێنان‌و تەلەفیزیۆن‌و دەرچوون بۆ شوێنە گشتییەکان، هەمووی

بەبەرنامـە دارێـژدرابێت‌و کـاتی دیاریکراویـان خـۆی هـەبێت، سەبارەت بەتەلـەفیزیۆن پێویـستە کـەمترین کاتی بـۆ دابنرێـت، تەنانـەت ئەگـەر لەهەفتەیەکـدا یـەك یـان دوو جار بێـت‌و بـۆ ماوەی یەك کاتژمێر یان کەمتر، ئەوە باشترین بەرنامـە دەبێـت‌و منداڵی ئۆتیزم دوور دەکەوێتەوە لەتەلەفیزیۆن.

٤- بەتاڵی‌و بۆشایی

یـەکێك لەکێـشەکانی منـداڵی تووشـبوو بـەئۆتیزم ـ خـود تـەنیایی ئەوەیـە، کـە نابێـت بـەهیچ شـێوەیەك کـاتی بـەتاڵی هـەبێت، چـونکە ئـەوە دەبێتـە هـۆی دووبارەبوونـەوەی هەنـدێ ڕەفتار، کە بەڕەفتاری دووباره ناودەبرێت، ئەمەش وای لێدەکات، زۆرترین کات بەتەنیایی بەسەر ببات‌و خوو بەشتێکەوە بگرێت، کـە سـوودی پـێ نابەخـشێت، لەهـەمان کاتـدا زیـاتر گۆشـەگیر دەبێـت، یـان دەبێتـە هـۆی جوولـەی زیـاترو ئـازاردانی خـۆیی‌و دەرکردنی هەندێ دەنگ، کە دەوروبەری پێ بێزار دەبێـت، بۆیـە پێویـستە بـەردەوام بەرنامـە بـۆ سـەرقاڵکردنی منـداڵی ئـۆتیزم هەبێت‌و ببەسترێتەوە بەو جیهانـەی لەدەوروبەریـدا هەیـە، واتـا پەیوەندیی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دروست بکات، کە لەدەوروبەری دەژین، مەبەستمان لەبەرنامە لێرەدا ئەو بەرنامانەیە، کە سوود بەمنـداڵی ئـۆتیزم دەگەیـەنێت‌و بـەرەو پێـشەوەی دەبـات، بـە تایبـەت ئـەو بەرنامانـەی پەیوەنـدیی بەلایـەنی هەسـتەکانەوە هەیە.

٥-هەڵسوکەوتی تەنگەژاوی و بەرەنگاربوونەوە

زۆر جار هەندێ هەڵسوکەوتی منداڵی ئۆتیزم دەبێتە گرفت‌و ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی فێرکردن‌و ڕاهێناندا، ئەو هەڵسوکەوتانەش زۆر لایەن دەگرێتەوە، وەك ئازاردانی خۆی یان ئازاردانی کەسانی دەوروبەر، شکاندنی یاری‌و کەرەستەکانی ڕاهێنان، یان هاوارو قیژەو بێزارکردنی دەروبەر، ڕەنگە هەندێ جار لەپۆلدا ئەم ڕەفتارانە ئەنجام بدات، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەڵسوکەوتی بەرەنگاربوونەوەیە لەچالاکییەك یان ڕاهێنانێك، کە نایەوێت ئەنجامی بدات.

٦- کێشە هەستیارییەکان

کێشە هەستیارییەکان گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم فێرکردن‌و ڕاهێنانی منداڵانی ئۆتیزمدا، دەبێت ئەو کێشانە بەهەند وەربگیرێت‌و خێزان هەوڵبدات، هەموو ئەو لایەنە هەستیاریانەی منداڵەکەی بزانێت، کە ڕەنگە لەکاتێك لەکاتەکان ببێتە کێشە لەبەردەم فێرکردن‌و تەنانەت لەهەندێ حاڵەت‌و جێگادا ڕەنگە کێشەی گەورە دروست بکات، دەبێت خێزان بزانێت ئەو کێشە هەستیاریانە چییە، تا بەپێی هەستەوەرییەکانی یاری‌و فێرکردنی لەگەڵدا ئەنجام بدرێت، بۆنموونە هەندێ منداڵ هەستیاری بیستنیان هەیە، واتا

بەهەنـــدێ دەنـــگ بێـــزاردەبن و دوور نییـــە، هـــاوار نـــەکات و نەقیـژێنێت و پـەلاماری کەسـانی تـر بـدات، یـان ڕەنگـە هەنـدێ منداڵ بەجۆرێك بۆن بیزار ببن، واتا کێشەی بۆنکردنیان هەیـە، یان بەهەندێ ڕەنگ و تیشك بێزابن، ڕەنگە منداڵ هەبێت، حەز نـەکات، دەسـتی بگریـت، یـان لـەئامێزی بگریـت، منـداڵ هەیـە، کێـشەی تـامکردنی هەیـە، بۆیـە دەبیـنین هـەموو یارییـەك یـان کەرەستەی ڕاهێنان دەبات بـۆ دەمـی، ئەمانـەو چـەندین کێـشەی تـر، کـە دەبنـە ڕێگـر لەبـەردەم پرۆسـەی فێرکـردن و ڕاهێنانـدا، بۆیـە پێویـستە بزانێـت منداڵەکـەی چ کێـشەیەکی هەسـتیاری هەیە، تا ئەو کێشەیە چارەسـەر بکات، پـێش دەسـتکردن بەهـەر ڕاهێنانێـك ، بـۆ نموونـە خێزانێـك دەزانێـت منداڵەکـەی کێـشەی بیستنی هەیەو بێزاردەبێت و هاواردەکات و دەسـت بەگوێکانیـەوە لەژوورێکدا یان لەجێگایەکدا دەگرێت، بۆیە دەبێت بـەدوای ئـەو دەنگانە بگەڕێن، کـە ڕەنگـە بـوو بێتـە هـۆی بێزارکردنـی، ئەگـەر نەتوانرا ئەو دەنگە بدۆزرێتەوە، دەبێت ئـەو جێگایـە بگۆڕدرێـت و منداڵەکە بۆ جێگایەکی تر ببرێت، بەم شێوەیە بـۆ هـەموو لایەنـە هەسـتیارییەکانی تـر دەبێـت خێـزان بزانێـت، منداڵەکـەی لـە چ ڕوویەکـەوە کێـشەی هەیـە، تـا بـۆی چارەسـەربکات، بـەم شـێوەیە کەشێکی ئارام بۆ منداڵەکە دەخولقێت و زۆر بەباشـی چالاکییەکان ئەنجام دەدات و سوودیش وەردەگرێت.

هەڵسەنگاندی منداڵی ئۆتیزم

بێگومان منداڵی ئۆتیزم لەهەندێ لایەن‌و تواناداا زۆر بەهێزن‌و توانایەکی جیاوازیان هەیە بەبەراود بەکەسانی تر، ڕەنگە زۆر جار ئەمەش ببێتە کێشە بۆیان، لەهەمان کاتدا لەبەرامبەر ئەو توانایە لاوازییەکی زۆریان لەهەندێ لایەنی تر هەیە، ڕەنگە لاوازییان لەهەندێ توانای زۆر سادەدا هەبێت، بەتایبەت توانای گرنگیدان بەخۆیان لەژیانی ڕۆژانەدا، کە ئەمەش دیسانەوە کێشەیان بۆ دروست دەکات، چی لەناو خێزاندا، چی لەناو کۆمەڵگەو شوێنە گشتییەکاندا.

پێویستە هەموو خێزانێك لەکاتی ڕاهێنانی منداڵەکەی لیستێکی هەبێت، کە ماوەی جارێك هەڵسەنگاندن بۆ منداڵەکەی بکات، بەلام ئەوەی گرنگە لەو لیستە دەربکەوێت، منداڵەکە لەهەندێ لایەن هیچ کێشەی نییەو توانایەکی باشی هەیە، لەبەرامبەردا وەك باسمان کردن لەهەندێ لایەندا زۆر لاوازەو کێشەی زۆری هەیە، دەبێت خێزان لەو کاتدا گرنگییەکی باش بەلایەنە لاوازەکە بدات، ئەوەش بەبەکارهێنانی هەموو ئەو کەرەستانەی دەبنە هۆی بەهێزکردنی ئەو لایەنانە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت، بەهیچ شێوەیەك لایەنە بەهێزەکە پشتگوێ

بخرێت، چونکە ئەگەر ئەو لایەنە بەهێزانە پشتگوێ بخرێت، دەبێت کاتێکی تر خەمی ئەو لایەنانە بخورێتو گرنگی پێ بدرێت، بەم شێوەیە دەبێت خێزان لەبازنەیەکدا بەردەوام بخولێتەوە، کە ڕەنگە منداڵەکەی زۆر بەکەمی گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.

ئەم خشتەیە کۆمەڵێك لایەن دەگرێتەوە، کەوا منداڵی ئۆتیزم ڕەنگە کێشەی تێدا هەبێتو لەڕێگەی ئەو هەڵسەنگاندنەوە دەتوانرێت بەرنامە بۆ منداڵەکە دابنرێت، ئەم هەڵسەنگاندنە دەتوانرێت ماوەی جارێك ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە هەموو مانگێك یان دوو مانگ جارێك، ئەمەش لەسەر پێشکەوتنو بەرەوپێشچوونی منداڵەکە دەوەستێت.

هەڵسەنگاندی منداڵی ئۆتیزم

بێگومان منداڵی ئۆتیزم لەهەندێ لایەن و تواناداا زۆر بەهێزن و توانایەکی جیاوازیان هەیە بەبەراود بەکەسانی تر، ڕەنگە زۆر جار ئەمەش ببێتە کێشە بۆیان، لەهەمان کاتدا لەبەرامبەر ئەو توانایە لاوازییەکی زۆریان لەهەندێ لایەنی تر هەیە، ڕەنگە لاوازییان لەهەندێ توانای زۆر سادەدا هەبێت، بەتایبەت توانای گرنگیدان بەخۆیان لەژیانی ڕۆژانەدا، کە ئەمەش دیسانەوە کێشەیان بۆ دروست دەکات، چی لەناو خێزاندا، چی لەناو کۆمەڵگەو شوێنە گشتییەکاندا.

پێویستە هەموو خێزانێك لەکاتی ڕاهێنانی منداڵەکەی لیستێکی هەبێت، کە ماوەی جارێك هەڵسەنگاندن بۆ منداڵەکەی بکات، بەڵام ئەوەی گرنگە لەو لیستە دەربکەوێت، منداڵەکە لەهەندێ لایەن هیچ کێشەی نییەو توانایەکی باشی هەیە، لەبەرامبەردا وەك باسمان کردن لەهەندێ لایەندا زۆر لاوازەو کێشەی زۆری هەیە، دەبێت خێزان لەو کاتدا گرنگییەکی باش بەلایەنە لاوازەکە بدات، ئەوەش بەبەکارهێنانی هەموو ئەو کەرەستانەی دەبنە هۆی بەهێزکردنی ئەو لایەنانە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت، بەهیچ شێوەیەك لایەنە بەهێزەکە پشتگوێ

بخرێت، چونکە ئەگەر ئەو لایەنە بەهێزانە پشتگوێ بخرێت، چونکە رەنگە لە لایەنە بە هێزەکان هێواش هێواش بەرەو دواوە بڕوات „ ئەمەش وا دەکات خێزان کاتێکی تر خەمی ئەو لایەنانە بخورێتو گرنگی پێ بدات کە پێشتر منداڵ تێیدا هیچ کێشەی نەبوو، بەم شێوەیە دەبێت خێزان لەبازنەیەکدا بەردەوام بخولێتەوە، کە ڕەنگە منداڵەکەی زۆر بەکەمی گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.

زۆر جۆری هەڵسەنگاندن هەیە کە خێزان دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت بۆ هەڵسەنگاندنی منداڵەکەی ,هەندێ هەڵسەنگاندن هەیە وەك) پێپ ئار (PEP -کە خێزان خۆی دەتوانێت ئەو هەڵسەنگاندنە لە ماڵ ئەنجام بدات ,بەلام هەندێ جۆری تر هەیە وەك پێوەری دەرونی پەروەردەیی) پێی سری Psychoeducational Profile-Third Edition - PEP-٣)کە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە ,لەم بەرنامەی هەڵسەنگاندنە خێزان و کەسێکی پسپۆر و ڕاهێنەری منداڵەکە و منداڵەکە ئامادە دەبن ,زۆر پرسیار هەیە لەم جۆرە هەڵسەنگاندنە تەنها خێزان دەتوانێت وڵامی بداتەوە ,لە هەمان کاتدا هەندێ پرسیار هەیە رەنگە ڕاهێنەرەکە بتوانێت وڵامی بداتەوە ,بەلام هەندێ برگەی هەیە پێویستی بە منداڵەکەیە کە دەبێت ئەنجامی بدات

تا توانا و هەڵسوکەوتی باش و لاوازی دەستنیشان بکرێت ,ئەم بەرنامەیە بۆ منداڵانی تەمەنی دوو ساڵ بۆ حەوت ساڵ و شەش مانگ (٧:٦ - ٢) ئەنجام دەدرێت ,لەم پێوەرە زۆر لایەن هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت ,وەك) پەیوەندی زارەکی و نازارەکی , درك کردنی ,توانای گشتی ,ماسولکەی بچووك و گەورە , ڕەفتار...زۆر لایەنی تر (لە ئەنجامی ئەم بەرنامەیە بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ منداڵەکە دادەنرێت.

) ڤیلاند (Vineland Adaptive Behavior Scale -پێوەری فیلاند تایبەتە بە ڕەفتاری گونجاندنی) کۆمەڵایەتی ,(لەم پێوەرە زۆر لایەن هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت ,وەك) پەیوەندی کۆمەڵایەتی ,گرنگیدان بە خود ,خواردن ,گەشەی کۆمەڵایەتی , توانای جوڵە و زۆر لایەنی گرنگ کە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی منداڵەکەوە هەیە ,(لەم جۆرە هەڵسەنگاندنە دەبێت کەسانی پسپۆڕ و شارەزا ئەنجامی بدەن ,چونکە پێویستی بە کاتێکی زۆر و ئەزموونێکی باش هەیە ,ئەمە تەنها بە بەیەك ڕۆژ و بە یەك دانیشتن ئەنجام نادرێت ,ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە و پێویستە ئەو پسپۆڕە مامەڵەی تەواوی لە گەڵ ئەو منداڵە کردبێت تا بتوانێت وڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە ,ئیتر ئەو پسپۆڕە خێزان

بێت یان ڕاهێنەر یان هەر کەسێکی تر کە مامەڵەی لە گەڵ منداڵەکە کردبێت ,دیسانەوە بە پێی ئەم پێوەرە بەرنامە بۆ منداڵ دادەنرێت و پلانێکی بۆ سێ تا شەش مانگ دادەنرێت و کار لە سەر ئەو پلان و ئامانجانە دەکرێت .

دروست کردنی پەیوەندی

یەکێك لە کێشە گەورەکانی منداڵی ئۆتیزم نەبوونی پەیوەندیە لە گەڵ دەوربەردا, واتا لە گەڵ ئەو کەسانەی چاودێری دەکەن و ڕاهێنانی بۆ دەکەن, پەیوەندیش بە بنەمایی کاری ڕاهێنان و بەرەوپێشوون دادەنرێت, بە نەبوونی پەیوەندی پێشکەوتن زۆر لاواز دەبێت, بۆیە بوونی پەیوەندی مەرجی هەموو چالاکییەکە, لە هەمان کاتدا کاری یەکەم لە ڕاهێناندا لە گەڵ منداڵی ئۆتیزم بریتییە لە دروست کردنی ئەو پەیوەندییە, بێگومان پەیوەندیش پێویستی کات و شوێنی گونجاو هەیە, بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دروست کردنی پەیوەندی پێویستی بە کات هەیە و بە پێی ڕێژەی ئۆتیزمی منداڵەکە دەگۆرێت, بۆیە نابێت خێزان و پشپۆران و ڕاهێنەران لە دروست کردنی پەیوەندی بێهیوا بن.

ئایە ئەو پەیوەندییە چۆن دروست دەبێت؟

سەرەتا بۆ دروست کردنی پەیوەندی لە گەڵ منداڵی ئۆتیزمدا پێویستم بە پاڵنەر هەیە, واتا بۆ ئەوەی منداڵەکە رابکێشین بۆ لای خۆمان تا پەیوەندیمان لە گەڵ دروست بکات پێویستە بەو شتە دەست پێ بکەین کە لای منداڵەکە خۆشەویست و گرنگە, بۆ نموونە خواردن یان یارییەکی دیاری کراو یان هەر شتێك کە

منداڵەکە حەزی لێیە و بەردەوام پێیەتی و بۆ هەر جێگایەك بڕوات لە گەڵ خۆی دەیبات, واتا دەبێت هۆکارێك هەبێت بۆ ئەوەی منداڵی ئۆتیزم ناچار بێت پەیوەندی دروست بکات, بۆنموونە دەتوانرێت ئەو شتەی داوای دەکات یان حەزی لێیەتی لێی بشارێتەوە, بۆ ئەوەی پەیوەندی دروست بکات و هەوڵ بدات بگاتە ئەو شتە.

پێویستە منداڵەکە بە ناوی خۆی بانگ بکرێت, بۆ ئەوەی بزانێت مەبەستت ئەوە نەك کەسێکی تر.

دەبێت ئەو جێگایەی کار لە گەڵ منداڵەکە دەکەی شوێنێکی سادە و ئاسایی بێت و دوربێت لەو شتە هەستیاریانەی منداڵەکە ڕادەکێشێت, ئەمەش هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە کار دەکاتە سەر هەر پێنج هەستەکە (بینین, بیستن, تام کردن, بۆن کرد, دەست لێدان), واتا هەموو ئەو شتانەی کە ڕەنگە کاریگەری هەبێت لە سەر ئەم هەستانە دەبێت لەو ژورە یان ئەو جێگایە نەبێت کە تێیدا هەوڵ دەدرێت پەیوەندی لە گەڵ منداڵی ئۆتیزم دروست بکرێت, وەك (تەلەفیزیۆن, یان گلۆپی ڕەنگاو ڕەنگ, دەنگیّ بەرز ... تا دوای)

دەبێت ووشەی زۆر ئاسان و سادە بە کار بهێنرێت, واتا دەبێت ئەو شتەی دەتەویّ ئەو شتە بڵێیت نەك هەندیّ ووشە کە چەند

مانایەکی هەیە,هەوڵ بدە وێنە بە کار بێنە, چونکە منداڵی ئۆتیزم چاوی (واتا بینینی) بە هێزە.

منداڵی ئۆتیزم کاتێکی زۆری دەوێت بۆ تێگەیشتن لە ووشەو ئەو شتانەی پێی دەوترێت و داوای لێ دەکرێت, بۆیە پێویستە کاتێکی تەواویان پێ بدرێت بۆ تێگەیشتن.

پێویستە یەك فەرمان بە منداڵی ئۆتیزم بکات, یەك کەس فەرمان یان داواکاری لێ بکات.

ئۆتیزم و ژینگەی دەرەوە

منـداڵی ئـۆتیزم وەك منـداڵی ئاسـایی پێویـستی بەژینگـەی دەرەوە هەیـە، ڕەنگـە زیـاترش پێویـستی بەدەرچـوون و گـەڕان ببێت، ئەمەش کاریگەریی باشی لەسەر منداڵەکە دەبێت، دەبێت ئـەوەمان لەبەرچـاو بێـت، کـە ڕەنگـە سـەرەتا بەهەنـدێ جێگـا ڕانەیەت و هەڵبچێت و هەندێ ڕەفتاری نادروستی هـەبێت، بـەڵام دەبێـت دڵنیـابین کـە بەئاسـانی لەسـەر ئـەو جێگانـە ڕادێـت و لـەداهاتوو زیـاتر پێـی خـۆش دەبێـت کـە دەچێتە ئـەو جێگایـە، ئەوەی گرنگە لەو دەرچوونانە ڕەچاو بکرێت، ئەوەیە کە دەبێت ئـەو دەرچـوونانە بـەپلان بێـت، ئەگـەر وێنـەی ئـەو جێگایـە هـەبێت و پێـشوەخت بەوێنـە بـۆ منداڵەکـە ڕوونبکرێتـەوە، کـە دەڕوات بۆ ئەو جێگایـە، ڕەنگـە لەدڵـەڕاوکێ و هەڵـچوونی کـەمتر بکاتـەوە، بێگومـان ڕۆشـتنی لـەناکاو و بـێ بەرنامـە بـۆ هـەر جێگایەك بۆ منداڵی ئۆتیزم قورسە.

ژینگـــەی دەرەوە مەبەســـتمان لـــەبازاڕو باخـــچەکان و شوێنەگـشتییەکان و یـاری منداڵانـە، ئـەم جێگانـە بـۆ منـداڵی ئۆتیزم گرنگی هەیە، جگـە لەتێکـەڵبوونی منـداڵ بەهاوتەمـەنی خۆی، گرنگی تری زۆرە وەك ناسینی ئـەو شـوێنانەو یـاریکردن و

بەتاڵبوونەوە، چونکە منداڵی ئۆتیزم وزەیەکی زۆری تێدایەو پێویستە ڕۆژانە ئەو وزەیە خەرج بکات, پاشان لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت منداڵی ئۆتیزم وەك کەسێکی ئاسایی تەماشا بکرێت, تەنها ئەوە نەبێت کە هەندێ جیاوازی هەیە, بەم شێوەیە لە کۆمەڵگە دانابڕێت, بێگومان ئەو منداڵانەی ڕێژەی ئۆتیزمەکەیان زۆر توندە زیاتر پێویستیان بەوە هەیە بە بەرنامە ببرێنە ئەو جێگانە.

بردنە دەرەوەی منداڵ بۆ دەرەوەی خێزان و تێکەڵ کردنیان بە ژینگەی دەرەوە زۆر مەبەست و ئامانج دەگرێتەوە, گرنگترینیان ئەوەیە کە تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەکرێنەوە, هەرچەندە ئەم لایەنە کاری زۆر دەوێت, پاشان مەبەستێکی گرنگتر ئەوەیە کەوا دەبێت هەوڵ بدرێت منداڵی ئۆتیزم لە داهاتوو بتوانێت تاڕادەیەك پشت بە خۆی ببەستێت لە بەدەست هێنانی هەندێ پێداویستی ڕۆژانەی خۆی, ئەم کارە هەرچەندە قورس بێت, بەڵام لە کۆتاییدا ئەنجامی دەبێت.

ئەوەی گرنگە کە خێزان بیزانێت دەبێت هەموو ئەو دەرچوون و بردنە دەرەوەی منداڵی ئۆتیزم بە بەرنامە و پلان بێت, نابێت بە حەزو ئارەزووە منداڵەکە بێت, چونکە ئەوان یان بڵێین زۆربەیان تەواو بوون و تێر بوون و کاتێکی تر یان

سبەێنی تێناگەن، کە داوای کرد لە هەمان کاتدا دەیەوێت، بەڵام دەکرێت ئەم بەرنامە و بردنە دەرەوەی منداڵ وەك پاداشتێك لە گەڵیدا بە کاربێت، واتا پاداشت کردنی ڕەفتاری باش، لە هەمان کاتدا ئەگەر لە بەرنامەدا هەبوو ببرێتە دەرەوە و ڕەفتارێکی ناشیاوی نوواند، دەکرێت ئەو بەرنامەیە هەڵبووەشێتەوەو نەبرێت بۆ ئەو جێگایە و بۆی ڕوونبکرێتەوە لە بەر ئەوەی ئەو ڕەفتارە ناشیاوەت ئەنجامدا بۆیە ئەمرۆ ناڕۆیت بۆ باخچە یان بازار یاخود ماڵی فلان، بەم شێوەیە منداڵ فێری پاداشت و سزا دەبێت و سوودی دەبێت لە ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی.

ئۆتیزم و وێنە

منـدالّی ئـۆتیزم ناتوانێـت زنجـیرە بـۆ ڕووداوەکـانی ڕۆژ دابنێـت، واتـا نازانێـت پـاش کـەمێکی تـر چـی ڕوودەدات، یـان نازانێت چی ئـەرکێکی لەسـەرەو کـەی دەست پێدەکاتو لـەکوێ کۆتـایی دێـت، پەیوەنـدی شـتەکان بـە یەکـەوە لـە جێگایەکـدا نازانێت, بۆیە بەردەوام هەست بە دڵەراوکێ و ترس دەکات, بۆیە دەبێت بەردەوام ژینگەیەکی ڕێکخراو بۆ مندالّی ئۆتیزم هەبێت, لێـرەوە گرنگـی بەرنامـەکان دەردەکـەوێت، بۆیـە پێویـستە بەرنامەی تایبەت بۆ ئەو مندالانە دابنرێت، تا بتوانێت زنجیرە بۆ کارو چالاکی ڕۆژانەی دابنێت.

زۆر جـار ڕۆتـین لای منـدالّی ئـۆتیزم دەبێتـە کێـشە بـۆ خێزانەکە، بەڵام لەهەندێ حاڵەتدا خێـزان ناچار دەبێت، خـۆی ڕۆتین بۆ منداڵەکە دروست بکات، ئەو ڕۆتینەی بـەپێی بەرنامـە دروسـتدەکرێت کێـشەی نییـە، بـەڵام دەبێـت خێـزانیش خـۆی پابەنـدبێت بـەو ڕۆتینـەوە، ئـەگینا منـدالّ تووشـی بێـزاریو هەڵچوونو دڵەڕاوکێ دەبێت.

دەکرێـت بـەڕۆتین زنجیرەی ڕووداوەکـانی ڕۆژو هەفتـە بـۆ مندالّی ئۆتیزم دروست بکرێـت، واتـا هـەر لەبـەیانی کـە لەخـەو

هەڵدەستێت، تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە ناو جێگاو دەخەوێت، ئەمەش بەدانانی بەرنامەی ڕۆژانە دەکرێت، پاشان ئەو کارانەی یان ئەو چالاکییانەی پێویستە لەسەری ئەنجامی بداتو کەی دەست پێ بکاتو هەنگاوی دوای ئەو چالاکییە چییەو کەی دەبێت بوەستێتو کەی دەست بکات بەچالاکییەکی تر، ماوەی هەموو چالاکییەك چەند دەبێت، لەکوێ ئەو چالاکییە ئەنجام دەدات لەگەڵ کێ ئەنجامی دەدات، هەموو ئەم هەنگاوانە دەکرێت بەوێنەو هێماو بەرنامەو ڕێکخستنی ڕووبەری ئەو شوێنەی چالاکییەکەی تێدا ئەنجام دەداتو کاتی دەستپێکردنو کاتی کۆتایی هاتنی چالاکیەکانو ...هتد بۆ منداڵی ئۆتیزم ڕوون بکرێتەوە، ئەمە چالاکیو ئەرکەکانی بۆ ئاسان دەکات، بەڵام دروستکردنی ئەم ڕۆتینە تۆزێك بۆ خێزان زەحمەتو دەبێت ماوەیەك زۆر خۆیان ماندوو بکەن، تا ئەو ڕۆتینە دروست دەبێت، دوای ئەو ڕۆتینە هەموو شتێك بەئاسایی دەڕواتو منداڵی ئۆتیزم کێشەی کەمتر دەبێت، یان دەتوانین بڵێین ئەگەر هاتوو ژینگەیەکی بۆ ڕێکخرا، ئەوە دەبێت چاوەڕێی بەرەو پێشچوون بکرێت، چونکە منداڵی ئۆتیزم لەژینگەی ڕێکخراودا (منظم) زۆر بەباشی بەرەوپێش دەچێت.

وێنــەو هێمـا زۆر شـت بـۆ منـداڵی ئـۆتیزم ئاسـان دەکـات، بەتایبـەت ئـەو منداڵانـەی قسەناکەن، بۆیـە پێویـستە بـەردەوام وێنەی ئەو کەسانەی ڕۆژانە مامەڵەی لەگەڵ دەکـەنن لەبەرچاو بێت، دەکرێت وێنە بۆ زۆر شتی تـر لەگـەڵ بـەکاربێت، تەنانـەت بۆ ڕاهێنانی لەسەر قسەکردن، چونکە منـداڵی ئـۆتیزم وێنـەی لا ئاسانترە تا وشە.

بەڵام کاتێك منداڵی ئۆتیزم بەتەواوەتی ڕاهاتو توانایـەکی باشی لەچالاکییەکانی ڕۆژانـەدا هـەبوو و توانـای ئـەوەی هـەبوو زنجیرە بـۆ ڕووداوەکـانی ڕۆژ دابنێـت، پێویـستە لێـرەدا هێـواش هێـواش کـار بـۆ ئـەوە بکرێـت، ڕۆتـینی کـەم بکرێتـەوە، چـونکە بەردەوامبوون لەسەر ڕۆتین بەتایبەت کە توانای باش بێتن زۆر کێـشەو گرفتـی بـۆ دروسـتدەکات، هـەر وەك چۆن دروسـتکردنی ڕۆتین کاتو هەوڵی دەوێت، بەهـەمان شێوەش شـکاندنی ڕۆتـین کـاتو هـەوڵی دەوێـت، بـەڵام لەهـەردوو حاڵەتەکـەدا دەبێـت دڵنیابین هیچ شتێك ئەستەم نییە.

ئۆتیزم و قوتابخانە

زۆر جار منـدالّی ئـۆتیزم دوای ڕاهێنـانێکی بـاش دەتوانێـت قسەبکات، بێگومان ئەمەش بەهاوکاریی خێزان و کەسانی پسپۆڕ، ئەگـەر منـدالّی ئـۆتیزم دوای تەمـەنی قوتابخانـەش قـسەی کـرد، ئـەوە پێویـستە بـچێتە قوتابخانـە، مەبەسـتمان لەقوتابخانـەی ئاسـاییەو لەسیـستەمی پـەروەردەی تایبـەت، بـەلاّم ئەگــەر لەجێگایەك یان شارێك بوو، لەو جێگایـە مامۆسـتای پـەروەردەی تایبەتیش نـەبوو، ئـەوە هـەر پێویـستە ئـەو منداڵـە بـچێتە بـەر خوێندن، پێویستە خێزان لەم ڕووەوە سوور بێت و بەقسەی هیچ کـەس پەشـیمان نەبێتـەوە، بێگومـان کەسـانێك دەڵـێن سـوودی نیيـەو فێـری هـیچ نابێـت، بـەلاّم چـوونە خوێنـدن و ئامـانجی قوتابخانـە تـەنها فێربـوونی پیت و ژمـارە نییـە، منـدالّی ئـۆتیزم کێـشەی تێکـەڵبوونی هەیـە، هـەر کەسـێك تێکـەڵ بەکۆمەڵگـە نـەبێت، ئـەوە بـەرەو پـێش ناچـێت، نـەك تـەنها لـەڕووی کۆمەلاّیەتییـەوە، بـەڵکو لـەڕووی زمـان و پـەروەردەو زۆر شـتی ترەوە، چوونە بەر خوێندنی منداڵی ئۆتیزم زۆر سوودی هەیـە، هـیچ نـەبێت، فێـری کۆمـەڵێك سـستەمی کۆمەلاّیـەتی و وەسـتان

لەڕیزو دانیشتن لەپۆلو ... هتد دەبێت، کە ئەمە زۆر گرنگە بۆ منداڵی ئۆتیزم.

ژینگەی قوتابخانە بۆ منداڵی ئۆتیزم گرنگی تایبەتی هەیە، بەڵام بێگومان زۆر جار لەو ژینگەیە هەڵناکاتو بێزاردەبێتو ڕەنگە بەهۆی هەندێ دەنگدەرکردنەوە ببێتە هۆی تێکچوونی کەشوهەوای پۆلەکە، یان ڕەنگە خۆی بەو ژینگەیە هەڵنەکاتو ئازاری هاوپۆلەکانی بدات، کێشەکانی منداڵی ئۆتیزم لەقوتابخانە یان لەپۆلدا زۆرن، بەڵام گرنگترینیان ئەوەیە، کە ئەوان ناتوانن لەسەرەتاو کۆتایی چالاکییەکان تێبگەن، یان لەچالاکییەکەوە بچن بۆ چالاکییەکی تر، وشەکان بۆ ئەوان قورسنو مانای زیاتر لەماناکانی خۆیان هەیە، کات لای ئەوان مانای نییە، واتا ڕەنگە نەتوانێت چاوەڕوانی ئەوە بێت، کە هەموو وانەیەك کاتی دیاریکراوی خۆی هەیەو دەبێت ئەو کاتە کۆتایی بێت، ئینجا دەتوانێت بڕواتە دەرەوە، فێربوونی لەسەر وێنە پێ باشترو خۆشترە، تا نووسینو وشە، ئەمەو چەندین کێشەی تر، کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی منداڵی ئۆتیزم نەتوانێت لەقوتابخانە بەردەوام بێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کێشانە چارەسەرکرا، ئەوە زۆر بەئاسانی فێردەبێتو توانای دانیشتنی باش دەبێتو ڕەنگە بەئاسانیش قۆناغەکان ببڕێت، بۆیە پێویستە لەناو

قوتابخانـه کەسـانی پسپۆر یـان هـیچ نـەبێت، کەسـانێك لەگـەڵ منـداڵی ئـۆتیزم دابنرێـت، کـه خـولی بینیبێـتو شـارەزایی لەچـۆنێتی مامەڵـەکردن لەگـەڵ منـداڵی ئۆتیزمـدا هـەبێتو بەرنامـەی تایبـەتی بـۆ دابنرێـت، بـۆ نموونـه دروسـتکردنی ڕۆتینێکی ڕۆژانـه بـۆ وانـەکانو چوونه پۆلو جێگای تایبـەتی خۆی، پاشان لەکاتی دەرکردنی هەندێ دەنـگ، کە ڕەنگە ببێتـه هـۆی تێکـچوونی کەشـوهەوای پـۆل دەکرێـت، هەنـدێ کـارتی ڕەنگاوڕەنگ دروست بکرێت، کە لەو کاتانـە نیـشانی بـدرێت، بـۆ نموونــە کــارتێکی ســوورو لەســەری نووســرابێت، بەســە یــان نووسـرابێت، ئـەو ڕەفتـارە قبـول نییـە، منـداڵی ئـۆتیزم لەشتی بینـراو زیـاتر سـوود دەبینـنو فێـردەبن، بۆیـە واباشـترە، شـتە بەکارهاتووەکان لەپۆلدا بینراو بنو بەشێوەی وێنە بۆ منداڵەکە بـەکاربێت، دەبێـت ڕوونکردنـەوەی وانـەکان بـۆ منـداڵی ئـۆتیزم کورتو پوخت بێت، نابێت وشەی قورس بـەکاربهێنرێت، نابێـت پرسـیاری درێـژ لەمنـداڵی ئـۆتیزم بکرێـت، ئەگـەر هـاتوو ئـەو شـتانەو شـتی تـر، کـە بەپێویـست بزانرێـت بـۆ منـداڵی ئـۆتیزم دەسـتەبەر بکرێـت، بێگومـان منداڵەکـە بـەهێمنیو بـەبێ هـیچ کێشەیەك وانـەکانی ڕۆژانـەی دەباتـە سـەر، بـەڵام ئەمـە ئـەوە ناگەیەنێت، کەوا ئیتر ئەو منداڵە منداڵێکی ئاسایی دەبێتو هیچ

کێشەی نابێت، بۆیە دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت، جارێکی تر هەمان ڕەفتار دووبارە بکاتەوە.

بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین دەبێت ئەو قوتابخانەیە، کە منداڵی ئۆتیزمی تێدا دەبێت، قوتابخانەیەکی ئاسایی نەبێتو ئامادەکراو بێت، دەبێت ئەو مامۆستایە بۆ ئەو منداڵە دابنرێت، شارەزای باشی لەسەر ئۆتیزم هەبێتو خولی تایبەتی بینیبێت، بەم شێوەیە دەتوانرێت لەگەڵ تێکەڵکردنو بەرەو پێشچوونی توانا کۆمەڵایەتییەکان خزمەتی لایەنی تواناکانو فێرکردنو بەرەو پێشچوونیش بکرێت.

پلان و بەرنامە

یەکێك لەشتە هەرە گرنگەکان بۆ منداڵی ئۆتیزم بوونی پلان‌و بەرنامەیە، ئەگەر هاتوو خێزان توانی بەپلان‌و بەرنامە لەگەڵ منداڵەکەی بجووڵێتەوە، ئەوە دڵنیابێت منداڵەکەی زۆر بێ کێشە دەبێت و زۆر بە باشی کار و چالاکی و ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات و بەرەو پێش دەڕوات, ئەوەش لە سەر ئاست و توانای منداڵەکە لە لایەك و, پابەندبوونی خێزان بەو بەرنامەوە لە لایەیەکی ترەوە دەوەستێت, بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئیتر ئەو منداڵە پێویستی بە هاوکاری نابێت و بێ کێشە دەبێت, چونکە منداڵی ئۆتیزم کێشەی زۆرەو بەردەوام کێشەی نوێ سەرهەڵدەدات کە چاوەڕوان نەکراو بووە.

مەبەستمان لەپلان‌و بەرنامە چییە؟ بێگومان ناتوانرێت لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هەموو شت بەپلان‌و بەرنامە بەڕێوەبچێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین شتی لەناکاو و بێ بەرنامە منداڵی ئۆتیزم تووشی شڵەژان‌و دڵەراوکێ دەکات، جاری وا هەیە کە میوانێکی بێ بەرنامەی پێشوەخت دەڕوات بۆ ماڵێك کە منداڵی ئۆتیزمیان هەیە، ئەمە بۆ ئەو منداڵە قورسە بۆیە تێکدەچێت‌و هەندێ ڕەفتاری سەیر دەکات کە بەلای خێزانەوە نامۆیە، یان

بەهیچ شێوەیەك ناڕوات بەلای میوانەکەوە، هەر چەندە میوانەکە بیەوێت گرنگی پێبدات، لەهەمان کاتدا ڕۆشتن بۆ ماڵی ناسیاو و دۆست و خزم لەلایەن خێزانی ئۆتیزمەوە، دەبێت بە بەرنامەو پلان بێت، ئەگینا بۆ منداڵی ئۆتیزم کارێکی قورس دەبێت، ڕەنگە نەیەتە ژوورەوە، یان ئەگەر هاتە ژوورەوە، ڕەنگە هەندێ ڕەفتارو هەڵسوکەوت بکات، کە خێزان پێی شەرمەزار دەبێت، واتا نەك تەنها بۆ ماڵان منداڵی ئۆتیزم پێویستی بەبەرنامەی پێشوەخت هەیە، بەڵکو تەنانەت بۆ ئەو شوێنانەی کە خۆی حەز دەکات بۆی بڕوات، پێویستە بەرنامە هەبێت و پێشر بە وێنە ئاگاداربکرێتەوە, چونکە منداڵی ئۆتیزم ناتوانێت وەك کەسێك ئاسایی بزانێت داهاتوو چی دەبێت یان چی ڕوو دەدات، بۆیە پێویستە هەموو دەرچوونو هاتنی میوانو ...هتد بەبەرنامەو پلان بێت، لەم حاڵەتەدا دەبێت خێزان دڵنیا بێت، کە منداڵەکەی بەئاسانی فێری ئەو پلانو بەرنامانە دەبێتو لەسەری ڕادێت.

ئەو منداڵانەی کە قسە دەکەن و لە قسە کردن تێدەگەن دەکرێت بە ووتن چەند جارێك پێش ڕۆشتن بۆ هەر جێگایەك ئاگادار بکرێتەوە, ئەگەر منداڵێك لە تواناییدا هەبوو بنووسێت و بخوێنێتەوە, ئەوە باشترە بە نووسین بۆی بنووسرێت و داوای

لێبکرێت خۆی بیخوێنێتەوە, یان داوا لە خۆی بکرێت بۆ نموونە بنووسێت (سبەینێ دەڕۆین بۆ ....).

لە پلان و بەرنامەدا پێنج پرسیاری زۆر گرنگ هەیە کە دەکرێت وەڵامەکانی ئامادە بێت بۆ منداڵی ئۆتیزم, ئەو پێنج پرسیارەش بریتیە لە (چی, چۆن, کەی, لە کوێ, کێ), بۆنموونە چی: واتا ئەنجامدانی کارێك یان چالاکییەك (نان خواردنی نیوەڕۆ- بۆ نموونە) چۆن: بە دانیشتن لە سەر مێز و کورسی, کەی: سەعات (١٢) نیوەڕۆ, لە کوێ: لە مەتبەخ, کێ: تۆو دایەو بابە, بەم شێوەیە کارێکت بۆ منداڵەکە ئاسان کرد, ئەمەش بە دیاری کردنی کات و شوێن, دەتوانرێت ئەم پێنج پرسیارە بۆ هەموو مەبەستێك بە کار بهێنرێت, تەنانەت بۆ ڕۆشتن بۆ جێگایەك یان بۆ ماڵی کەسێك یان خزمێك, ئەمە دڵەڕوکێ و شڵەژان لای منداڵ کەم دەکاتەوە, بەڵام کێشەکان و ڕەفتارە نەگونجاوەکان بنبڕ ناکات, بێگومان کەمیان دەکاتەوە.

هەر لە بەرنامەو پلاندا دەبێت ئامانجەکان دیاری کراو بێت لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکان, واتا دەبێت بە پێی کێشەو گرفتەکانی منداڵەکە بەرنامەو پرۆگرام دابنرێت, دەبێت ئەو ئامانجانە دیاری بکرێت کە دەکرێت کاری لە سەر بکرێت, واتا دەبێت ئامانجەکان ئامانج ڕوون و ئاشکرا بن کە لە تواناد

هەبێت جێبەجێ بکرێت, واتا ئامانجی خەیاڵی نەبێت, دەبێت ئەو ئامانجانە بۆ ماویەکی دیاری کراو دابنرێت, بۆ نموونە بۆ ماوەی سێ تا شەش مانگ چەند ئامانجێك دادەنرێت و کاری لە سەر دەکرێت, دوای ئەو ماوەیە دەبێت پێداچوونەوە بۆ ئامانجەکان بکرێت تا بزانرێت چەند لەو ئامانجانە جێبەجێ کراوە و هاتووەتە دی, ئەگەر دەرکەوت زۆربەیان نەهاتوونەتە دی دەبێت ئەوە بزانین کە کێشەمان هەیە لە دانانی ئامانجەکان, ئەگەر زۆربەی هاتبووە دی ئەوە دەتوانین کار بۆ ئامانی تر بکەین.

بۆ هەموو پلان و بەرنامەو دیاری کردنی ئامانج پێویستە هەڵسەنگاندن هەبێت, بۆ هەڵسەنگاندیش زۆر بەرنامە هەیە کە بۆ منداڵی ئۆتیزم بە کار دێت, ئەو بەرنامانەش هەموو لایەنەکانی منداڵەکە دەردەخات, بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنە دەتوانرێت ئامانج و پلان و بەرنامە دابنرێت.

لە ئامانج داناندا وەك ئاماژەمان پێدا نابێت خەیاڵی بین, دەبێت ئەو ئامانجانەی دادەنرێت بەراستی لە تواناندا هەبێت کاری لە سەر بکرێت, دەبێت ئامانجەکانش پۆلێن کراو بێت, ناکرێت ئامانجێك دابنرێت بۆ ئەوەی لە ماوەی سێ یان شەش مانگ منداڵ فێری قسەکردن بکرێت, لە کاتێکدا منداڵەکە

هێشتا لە توانایدا نیە دابنشێت, یان لـە توانایـدا نیـە گرنگـی بـە خـۆی بـدات و لـە توانـا سـەرەتاییەکانی ڕۆژانـەی کێـشەی هەیـە, ئەمە و چەندین کێشەی تر کە دەبێـت لـە سـەرەتای ئامانجـەکان دابنرێـت و کـاری لـە سـەر بکرێـت, پاشـان و دوای سـەرکەوتن و هاتنە دی ئامانجەکان دەکرێت ئامـانجی تـر دابنرێـت و کـاری لـە سەر بکرێت.

ئۆتیزم و یاری کردن

یاری کردن و دیاری کردنی کاتێك بۆ یاری کردن بۆ منداڵ بە گشتی کاریگەر خۆی هەیە, بەڵام بۆ منداڵی ئۆتیزم گرنگیەکی تایبەتی هەیە, بۆیە دەبێت ئەو لایەنە فەرامۆش نەکرێت و گرنگی تەواوی پێبدرێت, بەڵام ئایە چ جۆرە یارییەك بۆ منداڵی ئۆتیزم گرنگە, ئایە کاتی ئەنجامدانی ئەو یارییانە کەی ببێت و کێ لە گەڵیدا ئەنجامی بدات؟

منداڵی ئۆتیزم کێشەی زۆرە, یەکێك لەو کێشانە ناتوانێت خۆی یارییەکانی هەڵبژێرێت و یاری پێ بکات, ئەگەر یارییەکەشی هەڵبژارد ئەوە ڕەنگە نەتوانێت وەك خۆی یاری پێ بکات, یان بڵێین ناتوانێت وەك منداڵێکی ئاسایی یاری پێ بکات و خەیاڵ بەکار بێنێت لە یارییەکاندا, یان ڕەنگە ئەگەر وازی لێبێنیت کاتێکی زۆر بەو یارییەوە بە سەر بەرێت, ئەمەش بەراستی پێویستی بە هاوکاری بەردەوام هەیە, بۆ ئەوە ئەو یارییە بە شێوەیەکی دروست بە کاربێنێت.

یارییەکان دەبێت یاری مەبەستدار بێت, واتا لە هەموو یارییەکدا دەبێت کۆمەڵێك یان ئامانجێك بپێکین, چونکە ڕەنگە لە ڕێگەی ئەو یارییانەوە منداڵی ئۆتیزم فێری کۆمەڵێك

ڕەفتاری دروست ببێت، دەتوانین فێری بکەین چۆن چاوەڕوانی ڕۆڵی خۆی بێت، کەی ڕۆڵی تەواو دەبێت، فێری خەیاڵ ببێت لە یاری کردندا، یان چۆن لە یارییەکەوە بڕوات بۆ یارییەکی تر، ئەمە و چەندین ئامانجی تر کە دەکرێت لە یارییەکدا بیپێکین، بێگومان ئەنجامدانی یارییەکی لەم جۆرە پێویستی بە دروست کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە کە منداڵی ئۆتیزم نیەتی یان بەلاوازی ئەو پەیوەندییەی هەیە، لێرەدا زمانی پەیوەندی گەشە دەکات، منداڵی ئۆتیزم لەزەت لە یاری کردن دەبینێت، زۆر کێشەی ڕەفتاری لە ڕێگەی یاری کردنەوە چارەسەر دەکرێت، منداڵ لە یاری کردندا بڕوای بە خۆی دەبێت کاتێك ڕۆڵی پێ دەدرێت.

پێویستە هەموو ئەندامانی خێزان کاتێك دابنێن بۆ یاری کردن لە گەڵ منداڵە ئۆتیزمەکەیان، چونکە هەموو خێزان ڕۆڵی هەیە لە پرۆسەی چارەسەر، پاشان ڕەنگە لە گەڵ هەندێك لە ئەندامانی خێزاندا زۆر بە باشی پەیوەندی دروست بکات و گەشە بکات.

ئەوەی گرنگە لە یاری کردندا ئەوەیە بەردەوام دەبێت ناوی منداڵەکە بووترێت، بۆ ئەوەی یەکەم: ناوی خۆی بزانێت،

دووەم: بۆ ئەوەی بزانێت مەبەستمان ئەوە نەك كەسێكی تر، پاشان ڕۆڵی خۆی دەزانێت.

جۆری یارییەكان بە پێی ئاستی منداڵەكە دەگۆڕێت، دەكرێت هەندێ یاری كۆمەڵایەتی بەكار بهێنرێت، دەكرێت یاری ئاسایی بەكار بهێنرێت، وەك ئۆتۆمبێل، بووكە شووشە، یان هەر یارییەكی تر كە پێویستی بە دانشتن هەبێت، ئەم ئەگەر منداڵەكە جووڵەی زۆر بوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو یارییانەوە دانیشتنی كۆنترۆڵ بكرێت، یان دەكرێت لەو یارییانەوە دەست پێبكەین كە خۆی حەزی لێیەتی، ئەمەش بەمەبەستی دروست كردنی پەیوەندی لەگەڵیدا، بەڵام ئەوەی گرنگە نابێت بهێڵین ماوەیەكی زۆر خەریكی ئەو یارییە ببێت، پاشان ئەگەر بە شێوەیەكی هەڵە یاری بەو یارییە دەكرد دەبێت بۆی ڕاست بكەینەوە.

خاڵێكی تر كە زۆر گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین، ئەویش بە كارهێنانی منداڵی ئاسایی بۆ یاری كردن لە گەڵ منداڵی ئۆتیزمدا، بۆ ئەوەی منداڵی ئۆتیزم فێری لاسایی كردنەوە كۆپی كردنی منداڵی ئاسایی ببێت، بۆ نموونە كاتێك یارییەك ئەنجام دەدەین لە گەڵ منداڵێكی ئۆتیزم و لەكاتی تەواو بوونی ڕۆڵی خۆی پێی دەڵێین بووەستە، بەڵام ئەو ناوەستێت، دەكرێت

منداڵە ئاساییەکە بهێنین و لە سەر هەمان چالاکی یاری لە گەڵدا بکەین و لەو شوێن و کاتەی بە منداڵە ئۆتیزمەکە ووتمان بووەستە و نەوەستا لێرەدا بە منداڵە ئاساییەکە دەڵێین بووەستە، بێگومان دەوەستێت، ئەم چالاکییە چەند جارێك دووبارەی دەکەینەوە، لە ئەنجامدا دەبینین منداڵە ئۆتیزمەکە بە هەمان شێوە تێگەیشتنی دەبێت بۆ ووشەی بووەستە، ئەم کردارەش لە ژیانی ڕۆژانەی پێویستی پێی دەبێت، بۆیە دەتوانین هەموو ئەو چالاکییانە بە کاری دێنین ئامانجەکەی فێرکردنی توانایەکی گرنگ بێت بۆ منداڵی ئۆتیزم، بەلام دەبێت لە کاتی یاری و چالاکیی لەم جۆرە لایەنە هەستیارییەکانی منداڵەکە بزانین بۆ ئەوەی تووشی کێشە نەبین لە گەڵیدا.

ئێمە بەردەوام دەبێت ئەوە دووبارە بکەینەوە کە مەرج نیە منداڵی ئۆتیزم بە یەکجار پەیوەندیمان لە گەڵدا دروست بکات و بەشداری یارییەکان بکات، ئەمە لە سەر ئاست و ڕێژەی ئۆتیزمی منداڵەکە دەوەستێت، ڕەنگە ماوەیەکی زۆر بخایەنێت، بۆیە نابێت بێ هیوا ببین و کۆڵ بدەین، چونکە لە ئەنجامدانی چالاکی لەم جۆرە منداڵی ئۆتیزم بە تێپەڕبوونی کات گەشەی

باش دەکات و بەرەوپێش دەڕوات, ئـەوەش گرنگـە بیـزانین تـوڕە بوون و هەڵچوون ئەنجامەکان دوا دەخات.

گەشەکردنی توانای ڕۆژانە لەڕێگەی چالاکییەوە

پێویستە بەردەوام منداڵی ئۆتیزم بەئیشێکەوە سەرقاڵ بکرێت، چونکە هەر ئەرك‌و فەرمانێك جێبەجێی بکات، دەبێتە هۆی بەرەو پێشچوونی، لە هەمان کاتدا نەبوونی چالاکی و بوونی بۆشایی دەبێت هۆی دواکەوتن و زیاد بوونی ڕەفتاری دووبارە, بەلام پێویستە بزانین چۆن ئیشێك یان کارێك بەمنداڵی ئۆتیزم ڕادەسپێرین‌و داوای لێدەکەین جێبەجێی بکات، چونکە منداڵی ئۆتیزم وەك منداڵی ئاسایی لەفەرمانەکان تێناگات، بۆیە زۆر ئاساییە، لەکاتێکدا کارێکی پێ ڕادەسپێردرێت بەباشی‌و وەك خۆی ئەنجام نەدات، بۆ نموونە کۆنترۆڵێکی بدرێتە دەست‌و داوای لێبکرێت بیبات بۆ کەسێك، ڕەنگە کۆنترۆڵەکە فڕێ بدات، یان بیبات بۆ کەسێکی تر، یاخود بیبات بۆ ژوورێکی تر، ئایە چی بکرێت لەم حاڵەتە باشە؟

کاتێك باوك یان دایك یان هەر کەسێکی تر دەیانەوێت ئیشێك بەمنداڵی ئۆتیزم بکەن، ئەوە پێویستە سەرەتا ئەو کەسەی کارەکەی پێ ڕادەسپێرێت (بۆ نموونە ناردنی کۆنترۆڵێك بۆ کەسێك)، ئەوە پێویستە ئەو کەسە بەدەستێکی دەستی

منداڵەکە بگرێتو دەستەکەی دیکەی بخاتە پشتی منداڵەکە، تا کۆنترۆڵەکە دەگەیەنێتە کەسی مەبەست، لەم کاتەدا دەبێت کەسی بەرامبەر بێدەنگ بێت، تا کۆنترۆڵەکە دەگاتە دەستی، ئەم پرۆسەیە ڕەنگە چەند ڕۆژێك بخایەنێت، یان چەند هەفتەیەك، بەڵام دەبێت دڵنیابین لەوەی کە قۆناغێك هەیە دوای ئەم قۆناغە کەوا پێویست ناکات دەستی منداڵەکە بگرینو تەنها بەداواکردنیو فەرمان پێکردنی ئەوە کارەکە جێبەجێ دەکات، لەم کاتەدا پێویستە هەموو پێکەوە دەستخۆشیو ئافەرینی لێبکەنو چەپڵەی بۆ لێبدەن، کە ئەمە هاندەرێکی باشە، بەڵام ئەگەر هاتوو هەر کەسێك لای خۆیەوە بانگی منداڵەکەی کردو داوای لێکرد کۆنترۆڵەکەی بۆ ببات، ئەوە منداڵەکە سەری لێ تێکدەچێت و کارەکە وەك خۆی جێبەجێ ناکات, واتا دەبێت یەك کەس فەرمانی پێبکاتو ئەگەر هەڵەی کرد، ئەوە دەبێت هەر ئەو کەسە هەڵەکەی بۆ ڕاست بکاتەوە. ڕەنگە لە سەرەتای ئەم چالاکییە وا پێویست بکات بە هەموو جەستە هاوکاری منداڵەکە بکرێت, بەڵام دەبێت هێدی هێدی ئەم هاوکارییە کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی منداڵەکە پشت بە خۆی ببەستێت و باوەڕی بە خۆی هەبێت, دەبێت خێزانیش باوەڕیان

پێی هەبێت, ئەم باوەڕ بوونە کاریگەری باشی دەبێت لە ئایندەدا بۆ منداڵەکە.

چالاکییەکی تر کە دەکرێت، لەگەڵ منداڵی ئۆتیزمدا بەکاربێت، ئەوەش لەکاتی ئامادەکردنی خواردنو ڕازاندنەوەی مێز, دەکرێت هەندێ قاپو کەوچكو ئەو شتانەی کە ترسی شکاندی نییە، بەمنداڵی ئۆتیزم بدرێت، تا بیباتە سەر مێزی نانخواردن، ئەمە جگە لەوەی کە چالاکییەو توانای منداڵی ئۆتیزم زیاددەکات، لەهەمان کاتدا کاریگەریی هەیە کەوا فێری یارمەتی دان ببێت، پاشان لەڕێگەی ئەم چالاکییەوە پەیوەندیی دروست دەکات، ئەگەر لەماوەیەکی دیاریکراودا لەم چالاکییانە سەرکەوتووبوو، ئەوە زۆر بەئاسانی دەتوانێت شتێك بدەیتە دەستو بیبات بۆ کەسێك لەژوورێکی تر، لەم چالاکییە ناوی کەسەکانو ژوورەکان شتی تر فێردەبێت.

بۆ پاکڕاگرتنی خۆیو ئەو شتانەی بەکاری دێنێت، دەتوانرێت ڕاهێنانی لەگەڵ بکرێت، بۆ نموونە کاتێك بە(کلینس) دەمو لوتی پاك دەکەیتەوە، هەر بەخۆی (کلینسەکە) بخە سەتڵی خۆڵەکەوە، بێگومان سەرەتا چەند جارێك پێویست دەکات، دەستی بگریت، بەڵام دواجار دەبینیت، چەند بە

ئاسانی‌و بێ هاوکاریی کەس خۆی (کلینسەکە) دەخاتە سەتڵی خۆڵەکەوە.

ئەوەی گرنگە خێزان بیزانێت، ئەوەیە کە نابێت لە یەك کاتدا دوو فەرمان بەمنداڵی ئۆتیزم بکرێت، بۆ نموونە داوای لێبکرێت، شتێك ببات بۆ کەسێك‌و شتێك بێنێت، چونکە ئەوان کێشەیان لەتێگەشتن لەفەرمانەکان‌و جێبەجێکردنیان هەیە، ئەگەر لەیەك کاتدا دوو فەرمان یان زیاتری پێ بکرێت، بێگومان هیچیان ئەنجام نادات‌و بەم شێوەیە پێش ناکەوێت.

ئەوە سەرەتای ئیشکردنە بەمنداڵی ئۆتیزم، دەبێت دڵنیاش بین لەوەی کە منداڵی ئۆتیزم فێری ئەو بەهرانە دەبێت، بەڵام دەبێت دایك‌و باوك دان بەخۆیاندا بگرن‌و لەسەر ئەوە سووربوون کە منداڵەکەیان فێری زۆر شت دەبێت‌و بەرەو پێش دەچێت، نموونەی ئەم حاڵەتانەش لای زۆر خێزان هەیە.

بەکارهێنانی ناوی شتەکان

پێویسته لەگەڵ منداڵی ئۆتیزم ناوی هەموو شتەکان لەماڵو لەشوێنە گشتییەکاندا بەکاربهێنرێت، کاتێك شتێکی پێشکەش بەمنداڵی ئۆتیزم دەکرێت، دەبێت ناوی ئەو شتەی پێ بوترێت، تەنانەت چاوی کەوتە سەر هەر شتێك، پێویستە ناوی ئەو شتەی پێ بوترێت، بەڵام دەبێت وتنی ناوی شتەکان بەهێمنیو لەسەرخۆو دووبارە بێت، تا باش تێی بگات، ڕاستە زۆر لەمنداڵانی ئۆتیزم قسەناکەن، بەڵام ئەوان دەبیستنو بەبیستنی ناوی شتەکان ئەو ناوانە لەمێشکیاندا کۆدەکەنەوەو دواتر شتەکان دەناسنەوە، منداڵی ئۆتیزم وەك منداڵی ئاسایی بەتێپەڕبوونی کاتو گەورە بوون، فێری شتەکان نابن، ئەوان پێویستیان بەهاوکاری هەیە، ڕەنگە تەمەنی منداڵێکی ئۆتیزم بگاتە پێنج ساڵ یان زیاتر، بەڵام لەڕووی زمانو قسەکردنەوە وەك منداڵێکی تەمەن ساڵ یان کەمتر بێت، بۆیە دەبێت خێزان زۆر بەهێمنیو لەسەرخۆ بێت لەگەڵ منداڵی ئۆتیزمدا.

هەندێ منداڵی ئۆتیزم دەتوانن زمانی ئاماژە بەکاربێنن، واتا کاتێك پێویستی بەشتێك دەبێت بەئاماژە داوای دەکات یان دەستی کەسێك دەگرێتو دەیبات بۆ لای ئەو شتەی مەبەستێتی،

تا ئەو شتەی پێ بدات، بەڵام لەم حاڵەتەدا پێویستە ناوی ئەو شتە بوترێت، کە دەدرێتە دەستی، واتا پێویستە هەموو شتێك دەبێت وەك خۆی ناوی بوترێت بۆ منداڵی ئۆتیزم‌و چاوەڕێی ئەوە نەبین، یەکسەر ناوی شتەکان فێربن‌و بیڵێنەوە، ئەم پرۆسەیە دەبێت بەردەوام بێت. دوور نییە منداڵی ئۆتیزم لەداهاتوودا فێری ناوی شتەکان ببێت، چونکە منداڵی ئۆتیزم تا نۆ ساڵیش ئومێدی هەیە کە قسە بکات, پاشان لە بەر ئەوەی منداڵی ئۆتیزم لایەنی هەستیاری بینینیان بە هێزە بۆیە زۆر بە ئاسانی شتەکان دەناسنەوە, بۆیە واباشترە ئەو شتەی ئەوە داوای دەکات و مەبەستێتی کەسی بەرامبەر (دایك بێت یان هەر کەسێکی تر) ئەو شتە بخاتە لای دەمی و ناوی شتەکە بڵێت, بۆ نموونە کاتێك منداڵەکە داوای ئاو دەکات, پەرداخەکە دەخەیتە لای دەمت و دەڵێیت ئاو, ئاو دەخۆێت, ئااااو, بەم شێوەیە لە بەر ئەوەی منداڵەکە ئەو شتەی مەبەستە دەوەستێت و سەیری دەم و چاو و جوڵەی دەم دەکات کاتێك دەڵێت ئاو.

زۆر جار پێویستە وێنە لەگەڵ منداڵی ئۆتیزمدا بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە وێنەی ئەندامانی خێزان‌و وێنەی ئەو شتانەی ڕۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، چونکە منداڵی ئۆتیزم

بینین‌و بیستنی پێکەوە باشترە, دەتوانین بڵێین هەستیاری بینینی بەهێزترە.

لەکاتی قسەکردن لەگەڵ منداڵی ئۆتیزمدا پێویستە ئاماژەش بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە وشەی (وەرە) لای منداڵی ئۆتیزم هیچ مانایەکی نییە، بەڵام لەکاتی بەکارهێنانی وشەی (وەرە) بەدەست ئاماژە بکرێت، ئەوە ئاسانترە، یان پرسیارکردن سەبارەت بەئاوخواردنەوە، بۆ نموونە (ئاو دەخۆیتەوە؟) بۆ کەسێکی ئاسایی زۆر ئاسانەو بەکاتێکی زۆر کەم وەڵام دەداتەوە، کە ئایە ئاو دەخواتەوە یان نا، بەڵام بۆ منداڵی ئۆتیزم (ئاو دەخۆیتەوە؟) هیچ مانایەك ناگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر لەو کاتەش ڕاستەوخۆ سەیری چاوەکانت بکات، بۆیە دەتوانیت بەپەرداخێك ئاماژە بکەیت‌و لێی بپرسیت (ئاو دەخۆیتەوە؟)، بێگومان ئەگەر قسە نەکات، ئەوە وەڵام ناداتەوە، ڕەنگە دەستت بگرێت، ئەگەر ویستی ئاو بخواتەوە، یان بڕوات‌و هیچ ئاماژەیەکی نەبێت، بۆ ئەوەی کە ئاو ناخواتەوە، یان بەپێچەوانەوە ئەو منداڵانەی قسەدەکەن، ڕەنگە کێشەی لەڕاناوەکاندا هەبێت، پێدەچێت بەهەمان شێوە بڵێت (ئاو دەخۆیتەوە؟)، کە مەبەستی ئەوەیە (بەڵێ ئاو دەخۆمەوە)، یاخود ڕەنگە ناوی خۆی بڵێت، بۆ نموونە (شوان ئاو

دەخواتـــەوە)، واتـــا (بـــەڵێ ئـــاو دەخۆمـــەوە)، ئـــەم حاڵەتـــەش بـــەڕاهێنان باشـــتر دەکرێـــت، واتـــا بەڕاســـتکردنەوەی وەڵامـــەکان بەتێپەڕبوونی کات بەدروستی دەڵێت (بەڵێ ئاو دەخۆمەوە).

سەبارەت بەناوی منداڵەکە، پێویستە بـەردەوام نـاوی خـۆی بـەکاربهێنرێتو لەهـەموو جێگاکـان بـەو نـاوەوە بـانگ بکرێـت، نـەك بەچـەند نـاو و نازناوێکـەوە بـانگ بکرێـت، بـەم شـێوەیە تووشـی سەرسـوڕمان دەبێـتو وەڵامدانـەوەی نابێـت بـۆ هـیچ ناوێك، لەو ناوانەی بۆی دانراوە.

ئۆتیزمو بەهرەمەندی

زۆر منداڵی ئۆتیزم هەیە، کە توانایەکی باشی لەبوارێك لەبوارەکاندا هەیە، بۆ نموونە وێنەکێشان، مۆسیقا, یان ژمارەو بیرکاری یان هەر بوارێکی تر، بەڵام مەرج نییە وەك منداڵێکی ئاسایی خەیاڵ لەکاتی وێنەکێشاندا بەکاربهێنێت، یان بەپێچەوانەوە کە وێنەی مرۆڤێك دەکات، لەشێکی جوانی پێ دەبەخشێت، بەڵام سەرو قژی ئاژەڵێکی دەخاتە سەر، هەندێ منداڵ هەیە، کە زۆر حەزیان لەئاژەڵەو لەکاتی وێنەکێشاندا زۆر بەجوانی وێنەی ئاژەڵ دروست دەکەن، بێگومان ئەم بەهرەو توانایە لەپڕداو هەر لەخۆیەوە سەرهەڵنادات، واتا پێویستی بەڕاهێنانو هاوکاری هەیە، کاتێك خێزان بینی، منداڵەکەی قەڵەم دەگرێتو دەتوانێت لەسەر (وەرەقە) شت بنووسێت، یان وێنەیەك بکێشێت، پێویستە هاوکاری بکاتو هەموو پێداویستییەکانی وێنەکێشانی بۆ دابین بکاتو پرس بەکەسێکی شارەزایی بواری وێنەکێشان بکاتو وێنەکانی منداڵەکەی بۆ ببات، بەم شێوەیە دەتوانرێت بەهرەکەی پەرەی پێ بدرێت.

بۆ هاندانی منداڵی ئۆتیزم لەسەر وێنەکێشان دەکرێت جێگایەکی بۆ تەرخان بکرێت لەماڵەوە بۆ وێنەکێشانو هەموو

ئەو وێنانەی دەیکێشێت، بۆی هەڵبواسرێت لەجێگایەك کە خۆی ببینێت، بەڵام هەندێ منداڵ هەیە ڕەنگە حەزنەکات، کەسانێکی تر بێنو سەیری وێنەکانی بکەن، یان لەکاتی وێنەکێشاندا سەیربکرێت، بۆیە پێویستە خێزان سروشتی منداڵەکەی خۆی بزانێت، پاشان ئەو هەنگاوانە بنێت، واتا نابێت کەسێکی تر بڕێت بۆ سەیرکردنی وێنەکانی، ئەگەر زانرا منداڵەکە پێی خۆش نییە کەس سەیری وێنەکانی بکات.

هەر منداڵێك بەگوێرەی تواناو ئارەزووی خۆی بەهرەیەکی تایبەتی هەیە، ئەم بەهرەیەش بەڕاهێنانو مامەڵەی ڕۆژانە دەردەکەوێت، پێویستە خێزان کاتێکی باش دیاری بکات بۆ گرەودان بەو بەهرەیە، ڕەنگە منداڵێکی ئۆتیزم لە (ئەلکترۆنیات) توانایەکی باشی هەبێت، یان لەوەرزش، بۆیە دەبێت خێزان ئەو باوەڕە لای خۆی دروست بکات، کەوا منداڵەکەی لەو بەهرەو توانایە دەتوانێت پێش بکەوێت, نابێت ئەو توانایە پشت گوێ بخرێت لە بەر ئەوەی ئەو منداڵە حاڵەتی ئۆتیزمی هەیە و ڕەنگ نیە پێش بکەوێت, بە پێچەوانەوە زۆر منداڵی ئۆتیزم هەیە کە ناتوانن پەیوەندی لە گەڵ کەسەکاندا دروست بکەن, چونکە ناتوانن قسە بکەن و گوزارشت لە هەستەکانیان بکەن, بۆیە دەبینین پەیوەندی لە گەڵ شتەکاندا زیاترە, ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ بەرەو پێشچوونی لە بەهەرەیەکدا.

ئۆتیزم‌و دەربڕین

منداڵی ئۆتیزم کێشەی لەدەربڕنی هەستەکانی هەیە، واتا ناتوانێت وەك منداڵێکی ئاسایی گوزارشت لەهەستەکانی بکات، یان دەتوانین بڵێین ناتوانێت هەستەکانی وەك خۆی‌و لەکاتی خۆیدا بەکاربهێنێت، هەر ئەمەشە دەبێت هۆی دڵەراوکێ (قلق)و ڕەفتاری دووبارەو یەك ڕێچکە.

زۆربەی منداڵانی ئۆتیزم پەیوەندیی چاویان لاوازە، واتا سەیرکردنی چاوی کەسی بەرامبەر، یان بەهیچ شێوەیەك سەیری چاوی بەرامبەر ناکەن، یان هەندێ جار بۆ چەند چرکەیەکی زۆر کەم سەیری چاوی بەرامبەر دەکەن‌و بەخێرایی چاویان دەخەنە سەر شتێکی تر، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە، چونکە چاو بەسەرچاوەی گوزارەشت دادەنرێت، پاشان چاو و پەیوەندیی چاو هاوکارە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەرەو پێشچوونی تواناکان.

منداڵی ئۆتیزم توانای دەربڕینی نییە، یان لاوازە، بێگومان دەربڕینیش مەبەستمان لەقسەکردن یان زمانی ئاماژەیە، نەبوونی ئەم دەربڕینەش کێشە بۆ خێزان‌و دەوروبەر

دروستدەکات، کاتێک منداڵێک هەڵبچێت‌و تووڕە ببێت، یان بگرێ‌و نەتوانێت دەریببڕێت، کە بۆچی دەگرێ‌و چی دەوێت، چونکە هەموو رەفتارێك پاڵنەرێکی هەیە, ڕەنگە ئەو رەفتارەی ئەوان بریتی بێت لە داوا کردنی شتێتك, لێرەدا وێنەو بەکارهێنانی وێنە ڕۆڵی خۆی دەبینێت، ئەمەش بەو شێوەیەی کە منداڵ فێربکرێت، ئەو شتەی مەبەستێتی بەوێنە داوای بکات، بێگومان ڕاهێنانی منداڵی ئۆتیزم لەسەر وێنە کارێکی ئاسان نییەو کاتێکی دەوێت تا منداڵەکە فێرببێت، بەلاّم ئەوەی گرنگە بزانرێت ئەوەیە کە منداڵ فێردەبێت‌و زۆر بەئاسانیش بەکاری دێنێت، ئەو منداڵانەش کە قسەدەکەن، ئەوە لەداهاتوودا کیشەی ئەوتۆیان لەدەربڕین‌و گوزارشتدا نابێت، بەبەراود بەو منداڵانەی هیچ قسە ناکەن.

مرۆڤ بۆ ئەوەی دەربڕینی هەبێت پێویستی بە زمانی وەرگرتنە (اللغة الاستقبالية) واتا دەبێت لە مانای ووشەکان تێبگات, چونکە ئەگەر زمانی وەرگرتنی نەبێت (اللغة الاستقبالية) ئەوە ناتوانێت گوزارشت بکات, منداڵی ئۆتیزم لەم رووەوە کێشەی هەیە, واتا زمانی وەرگرتن یان بڵێین لایەنی وەرگرتنی لاوازە یان نیەتی, ئەمەش دەبێت هۆی لاوازی لایەنی دەربڕین و گوزارشت کردن بۆ داواکارییەکانی, بێگومان ئەم

لایەنە بە مامەڵە و هەڵسەنگاندن دەردەکەوێت, بۆیە گەر هاتوو دەرکەوت منداڵی ئۆتیزم لایەنی وەرگرتن و دەربڕینی لاواز بوو دەبێت بە بەرنامە هەوڵ بدرێت ئەو لایەنەی بە هێز بکرێت, ئەمەش دەبێت لە لایەن کەسانی شارەزاو پسپۆڕەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و دواتر بەرنامەی تایبەتی بۆ دابنرێت.

ئۆتیزم و خۆشەویستی

منــدالی ئــۆتیزم وەك هــەموو منــدالێك پێویــستی بەخۆشەویـستی هەیـە، بۆیـە پێویـستە بـەردەوام دایـكو بـاوك (خێـزان) خۆشەویـستی خۆیـان بـۆ منداڵەكـە دەربخـەن، بـەڵام پێویستە ئـەو خۆشەویـستییە خۆشەویـستی بێـت نـەك بـەزەیی، چـونكە خۆشەویـستیو بـەزەیی دوو شـتی زۆر جیـاوازن، خۆشەویـستی هـانی خێـزان دەدات، كـە بـەردەوام هاوكـاریی پێشكەش بەمنداڵەكە بكات بەپێچەوانەی بەزەییەوە، كە هـەموو شـتەكان پێـشكەش بەمنـداڵ دەكرێـت، لەبەرئـەوەی جیـاوازە لەمنداڵـەكانی تـر، ئەمـەش گـەورەترین زیـان بەمنـداڵی ئـۆتیزم دەگەیەنێتو خێـزانیش لەپێـشكەش كردنـی هاوكـاریو ڕاهێنـان سارد دەكاتەوە، یان ڕاهێنانـەكان بـە خواسـتی منداڵەكـە دەبێـت، لـەكاتی تووڕەبـوونو هەڵـچوونی منـداڵی ئۆتیزمـدا، پێویـستە لـەئامێزی بگیرێـتو سـەری بخرێتـە بـاوەش (دایـك یـان بـاوك)، ئەمـە جگـە لـەوەی هێمنـی دەكاتـەوە، لەهـەمان كاتـدا هەسـتی خۆشەویـستی پـێ دەبەخـشێت، كـە ئـەوان بـەردەوام پێویـستیان بەوە هەیە هەموو خێـزان ئـەو خۆشەویـستییەیان بـۆ دەربخات، لێـرەدا ئـەوەی پێویـستە بێـزانین ئەوەیـە، كـە دەبێـت ئـەو

خۆشەویستییە لەلایەن هەموو ئەندامانی خێزانەوە وەك یەك بێت، لەهەمان کاتدا ئەو خۆشەویستییە نابێت ببێتە ڕێگر لەبەردەم ڕێنماییکردنی منداڵی ئۆتیزم، وەك چۆن دەبینین هەندێ خێزان بەهۆی خۆشەویستییەکی زیادەوە هەموو شتێکیان خستوەتە بەردەم منداڵەکەو لەهەر ڕەفتارێکی هەڵەشدا پێی ناوترێ هەڵەیە، واتا ئەمە خۆشەویستی نییە، بەڵکو ئەمە بەزەییە، بەڵام خێزان بەخۆی نەزانیوەو وای زانیوە خۆشەویستی بۆ منداڵەکەی هەیە، بێگومان ئەمەش فێری هەندێ ڕەفتاری دەکات، کە دواتر لەلایەن کەسانی ترەوە هەوڵ بدرێت، ڕێگری لێ بکرێت، لەهەر ڕەفتارێك بەتوندی تووڕە دەبێتو لەسەر ڕەفتارەکەی سوور دەبێت، هەر چەندە ڕەفتارەکەی هەڵە بێت، واتا مامەڵە کردن لە گەڵیدا زۆر قورس دەبێت و لە توانای کەسدا بێت ڕێگری لە رەفتارە هەڵەکانی بکات.

ڕەنگە هەندێ جار کە خێزان دەبینێت منداڵەکەی وڵامدانەوەی بۆ سۆزو خۆشەویستی نییە، بەتایبەت بۆ دایك، بۆیە پێیان وایە بەخشینی خۆشەویستیش بۆی سوودی نییە، بەڵام ئەمە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە، چونکە منداڵی ئۆتیزم ئەگەر سەرەتاش لەخۆشەویستی تینەگات، بەڵام بەتێپەڕبوونی

کات و دوای ڕاهێنانی بەردەوام دەبینن، چەند وڵامدانەوەی بۆ خۆشەویستی هەیە, بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی مامەڵەی لە گەڵدا دەکەن و هاوکاری دەکەن و خۆشەویستی پێ دەبەخشن.

زۆر جار دەبینین لە خێزانێکدا منداڵێکی ئۆتیزم زاڵە بە سەر هەموو ئەندامانی خێزان و هەموو کۆنترۆڵیماڵەکە بە دەستی ئەوە, ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا ئەو خۆشەویستیەی پێی بەخشراوە, بەزەیی بووە, نەك خۆشەویستی, بۆیە دەبێت ئەو خۆشەویستیە نەبێتە ڕێگر لە بەردەم سزادان و پاداشت کردن, چونکە ئەمە زیان بە منداڵی ئۆتیزم دەگەیەنێت, بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونی بکەمەوە, دەبێت خێزان ئەوە لە بیر نەکات ڕەنگە منداڵی ئۆتیزم هەمان ئەو خۆشەویستیەی لە دەرەوە دەست نەکەوێت, بۆیە دەبێت مامەڵە کردن لە گەڵ منداڵی ئۆتیزم بە شێوەیەك بێت کە بگونجێت لە گەڵ ژینگەی دەرەوەی خێزان, وەك قوتابخانەو باخچەی ساوایان و سەنتەرە تایبەتەکان.

ئۆتیزم و...
پاداشت و سزا

کاتێك کە منداڵی ئۆتیزم قسەناکاتو ناتوانێت گوزارشت لەهەستەکانی بکات، یان کاتێك شتێکی پێشکەش دەکرێت، ناتوانێت خۆشییەکانی بەشێوەیەکی دروست دەربڕێت، ئیتر خێزان پێی وایە، پاداشتکردنی منداڵی ئۆتیزم سوودی نییە، بەپێچەوانەوە زۆر سوودی هەیە، بەڵام فێرکردنی منداڵی ئۆتیزم بۆ پاداشت وەك هەموو ڕاهێنانەکانی تر کاتی دەوێت.

شێوازی پاداشتکردنی منداڵی ئۆتیزم چۆن دەبێت؟ ئایە هەر وەك منداڵێکی ئاسایی پاداشت دەکرێت، یان شێوازی پاداشتکردنەکەی جیاوازە؟

دەبێت خێزان بزانێت چی شتێك لای منداڵەکەی گرنگەو حەزی لێیەتی، ئەو شتە یاری بێت، یان خواردن یان هەر شتێکی تر، بەمەرجێك ئەو شتە سوودبەخش بێت، بۆیە ئەو شتە وەك پاداشت بەکاردێت، واتا هەر کارێکی لەگەڵ ئەنجام بدرێت، ئەگەر هاتوو بەباشی ئەنجامی دا، ئەوە دەبێت پاداشت بکرێت، بۆ نموونە کارێکی پێ ڕادەسپێریت، یان لەکاتی ئەنجامدانی ڕاهێناندا، دەکرێت لەکۆتاییدا منداڵەکە پاداشت بکرێت، بەو

شتەی حەزی لێیەتی، بۆ نموونە حەزی لەیاری جۆلانێ یان ترامپۆلی یان هەر یاریەکی تر بێت، دەکرێت ڕێگە پێ بدرێت، ئەو یارییە بکات، دوای ئەنجامدانی چالاکییەکەی یان ڕاهێنانەکەی، یان خواردنێك یان بردنە دەرەوە بۆ جێگایەك کە پێی خۆشەو پێشتر ڕۆشتوەتە ئەو جێگایە، بێگومان دەستخۆشیو ماچکردنو لەئامێزگرتنی بەردەوام وەك پاداشت گرنگی خۆی هەیە، بەم شێوەیە منداڵەکە زۆر بەباشی چالاکییەکان ئەنجام دەدات، ئەگەر دڵنیابوو، دوای ئەو چالاکییە پاداشت هەیە، بەڵام دەبێت ئەو کەسە خاوەن بڕیاربێتو بەئەنجام نەدانی ئەو چالاکییە، نابێت منداڵەکە پاداشت بکرێت، لەکاتێکدا ئەگەر منداڵەکە هەوڵیدا، چالاکییەکە ئەنجام بدات، بەڵام هەڵەی کرد، دەکرێت هاوکاری بکرێت، ئەگەر بەباشی چالاکییەکەی ئەنجامدا ئەوە پێویستە پاداشت بکرێت، بەم شێوەیە هاوکاریی منداڵ دەکرێتو هاندەدرێت بەرەو پێش بچێت، ئەوەی گرنگە بزانێت ئەوەیە، دەبێت پاداشتەکە دیاربێتو منداڵەکە بیبینێت. بۆ ئەوەی منداڵ لەپاداشتو هاندان تێبگات، پێویستە سەرەتا بەو یاریانە دەست پێ بکرێت، کە خۆی حەزی لێیەتیو چێژیان لێوەردەگرێت، لێرەوە فێردەبێت لەپاش ئەنجامدانی کاری باش پاداشت دەکرێت، دواتر

دەکرێت، هەنگاو هەنگاو یاری‌و ئەرکی قورس تری پێ ڕابسپێنرێت‌و لەئەنجامدا پاداشت بکرێت، تەنانەت خێزان دەتوانێت لەئەنجامی هەر ڕەفتارێکی باش پاداشتی بکرێت. خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە، کە دەبێت خێزان‌و ڕاهێنەران‌و ئەوانەی لەگەڵ منداڵی ئۆتیزمدا کاردەکەن، بیزانن، ئەو خاڵە ئەوەیە کە نابێت، پاداشت وەك بەرتیل بەکاربهێنرێت، واتا نابێت بەمنداڵەکە بوترێت، وەرە ئەم چالاکییە یان ئەم کارە ئەنجام بدە، پاشان خواردنت دەدەمێ، یان بوترێ ئەمە بکە، دواتر دەتبەم بۆ جێگایەك، یاخود لەدوورەوە پاداشتەکەی نیشان بدرێت‌و پێی بوترێت، وەرە دانیشە، پاشان ئەو شتەت دەدەمێ، لێرەدا منداڵ فێری بەرتیل دەبێت‌و لەداهاتوودا هیچ کارو چالاکییەك ئەنجام نادات، ئەگەر پاداشت نەبێت، لە هەمان کاتدا ئەوە گرنگە دەبێت پاداشت هێدی هێدی کەم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی منداڵەکە فێر نەبێت تەنها بە پاداشت کارێك ئەنجام بدات، واتا دەکرێت هێدی هێدی ئەو پاداشتە وەك پاداشت بە کار نەهێنرێت، بەڵکو بە بێ ئەنجامدانی ئەرك و کارو چالاکییەکان دەکرێت ئەو شتەی (یاری یان خواردن یان هەر شتێك بێت) بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بخرێتە بەردەستی، لە هەمان کاتدا واباشتر شێوازی کەم کردنەوەی ئەو پاداشتە بە

بەرنامە بێت، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو بۆ ماوەی (١٥) خولەك دانیشت و كارو چالاكییەكانی ئەنجامدا پاشان پاداشت كرا، دەكرێت دوای چەند ڕۆژێك ماوەی كارو چالاكییەكان زیاتر بكرێت، واتا لە (١٥) خولەكەوە بكرێت بە (٣٠) خولەك، واتا دوای (٣٠) خولەك پاداشت بكرێت، بەم شێوەیە دوو ئامانج دەپێكیین، یەكەم: پاداشت كەم دەكرێتەوە و تا وای لێدێت پاداشت نامێنێت، دووەم: منداڵەكە فێر دەبێت ئارام بگرێت و فێر ببێت چاوەڕوان بێت.

دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت دەبێت تەنها بە پاداشت كار نەكەین لە گەڵ منداڵی ئۆتیزمدا، واتا ئەو كاتەی لە سەر ڕەفتاری باش پاداشت دەكرێت، دەبێت لە سەر ڕەفتار و هەڵسوكەوتی هەڵەش سزابدرێت، لێرەدا مەبەستمان لە سزا لێدان و ئەشكەنجە نیە،چونكە لێدان و توندوتیژی كاریگەری خراپی دەبێت و منداڵی ئۆتیزم دوادەخات لە بەرەو پێش چوون، بەڵكو مەبەستمان لە سزای (معنەووی) واتا لێسەندنەوەی پاداشتەكەو ڕێگە پێنەدان بە یاری كردن بەو یارییانەی حەز ئەكات یارییان پێ بكات، یان كۆكردنەوەی ئەو یاریانەی بڵاوی كردەوەتەوە، یاخود هەندێ جار پێویست دەكات زیاتر لە ئەركێكی پێ ڕابسپێردرێت وەك سزا، بۆ ئەوەی زیاتر

رون بێت بۆ هەموو لایەك ئەم نموونە دەخەینە روو, ئەگەر هاتوو منداڵی ئۆتیزم ڕەفتارێکی خراپی نواند, وەك بڵاو کردنەوەی یارییەکانی یان شکاندنی هەندێ شت, بۆ ئەوەی ئەم ڕەفتارە زیاد نەکات, دەبێت منداڵەکە سزا بدرێت, بۆ نموونە هەموو یارییەکانی پێ کۆ دەکرێتەوە, ئەگەر بە سزادان ئەم ڕەفتارە کەم نەبووەوە یان بنبڕ نەبوو , ئەوە دەکرێت لە یەك کاتدا دوو سزا بدرێت, بۆ نموونە یارییەکانی پێ کۆدەکرێتەوە و دواتر کارێکی تر پێ ئەنجام بدرێت, بەم شێوەیە کە بۆی دەرکەوت ڕەفتاری باش پاداشت دەکرێت و ڕەفتاری خراپ سزادەدرێت, دەبینیت ڕەفتارە باشەکان زیاتر دەبێت, چونکە ئەمە بریتیە لە رێکخستنی ڕەفتار, بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت پاداشت و سزا و کاریگەریەکانی لە سەر منداڵی ئۆتیزم لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر جیاوازە, ڕەنگە زۆر بە زووی کاریگەری لە سەر منداڵێك دەربکەوێت, ڕەنگە ماوەیەکی زۆر بخایەنێت, بۆیە پێویستە خێزان و پسپۆران و ڕاهێنەران لەم رووەوە تووشی بێهیوایی نەبن و کۆڵ نەدەن, چونکە دڵنیابن کاریگەری دەبێت.

هەندێ ڕێنمایی بۆ خێزان

١.پێویستە خێزان جیاوازی منداڵەکەی بەبەربەست سەیرنەکات، چونکە ئەو جیاوازییە زۆر جار دەبێت بەخاڵی بەهێز لەداهاتوودا. دەبێت خێزان سووربێت، لەسەر ئەوەی منداڵەکەی فێر دەبێت. ڕەنگە فێرکردنی بچووکترین توانا ماوەیەکی زۆر بخایەنێت، بۆیە نابێت خێزان تووشی بێ ئومێدی ببێت، بەپێچەوانەوە ڕەنگە زۆر بەخێرایی ڕابێتو بەرەو پێش بچێت.

٢. پێویستە خێزان ئەو خاڵانە بزانێت، کە دەبنە هۆی هەڵچوونو تووڕەبوونی منداڵەکە، چونکە بەنەزانینی ئەو هۆکارانە هەڵچوونو تووڕەبوونی منداڵ زیاددەکاتو دوور نییە ئازاری خۆی یان کەسانی بەرامبەر بدات.

٣. هەندێ منداڵ هەست بەبرسێتی ناکەن، بۆیە پێویستە خێزان ئاگاداری ئەم خاڵە بێتو بەبەرنامە کاتی ژەمەکانی خواردنی دیاری بکات، دەکرێت ئەم بەرنامەیەش بەوێنە بێت، بەپێچەوانەوە هەندێ منداڵی ئۆتیزم هەیە، هەست بەتێربوون ناکەنو بەردەوام هەست دەکەن، برسیانەو ڕەنگە ئەگەر وازی لێبێنن، لەسەر خواردن هەڵنەسێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا

کێشەیەو بەتێپەڕبوونی کات منداڵەکە زۆر قەڵەو دەبێتو توانای ڕاهێنانو جووڵەی نامێنێتو دوور نییە، مادە ژەهراوییەکانی لەشی زیادنەکات.

٤. ڕەنگە منداڵەکەت لەشتی مەترسیدار نەترسێت، وەك چوونە جێگایەکی بەرز، بەپێچەوانەوە ڕەنگە لەهەندێ شت بترسێت، کە مەترسیدار نین، بۆ نموونە ترس لە مێرووله، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا نابێت، تووڕەببنو ئازاری بدەن، پێویستە زۆر بەهێمنی فێربکرێت، چی مەترسیدارەو چی مەترسیدار نییە، بەتێپەڕبوونی کات دەبینن زۆر بەئاسانی ڕادێت.

٥. نابێت منداڵەکەت لەژینگەی دەرەوە داببڕێت، چونکە ژینگەی دەرەوە هاوکاریی دەکات بۆ فێربونو تێکەڵبوونو زۆر شتی تر.

٦. منداڵەکەت پێویستی بەوە هەیە، لەکاتی ئەنجامدانی هەر کارێکی باش پاداشتی بکەی، ئیتر ئەو پاداشتە خواردن بێت، یان یاریکردن، یان هیچ نەبێت لەباوەشکردنو هاندانی.

٧. هەندێ جار منداڵەکەت بەهۆ یان بەبێ هۆ هاواردەکاتو تووڕە دەبێت، بۆیە باشتر وایە، لەو جێگایە دووری بخەیتەوە، چونکە ڕەنگە شتێك بووبێتە هۆی ئەو هەڵچوونە، بەڵام بۆ تۆ

هەو هۆکارە نەزانراوە، یان هیچ نەبێت هەوڵ بدە، هەموو ئەو شتانەی دەنگی هەیە، بێدەنگی بکەی، بۆ نموونە تەلەفیزیۆن.

٨. ڕەنگە هەندێ جار منداڵەکە بەجلەکانی بێزاربێت، بۆ نموونە بلوزەکەی یان قەمسەڵەکەی یان جلێکی تازە، بۆیە دەبێت ئەو جلانەی دابکەنرێت، کاتێك هەستکرا بووەتە هۆی بێزاربوونی.

٩. نابێت هەوڵی گۆڕینی ڕەفتاری منداڵەکە بدەی لەو جێگانەی ڕەفتارێك دەنوێنێتو بۆ تۆ ئەو ڕەفتارە دەبێتە مایەی شەرمەزاریت، چونکە ئەوان کەسانی لادەر نین، تا هەوڵ بدرێت ڕەفتاریان بگۆڕدرێت.

١٠. ئەو منداڵانەی سەر دەجووڵێننەوە بۆ پێشەوە یان دواوە، بۆ ئەوەی ئەو سەر جووڵاندنە نەبێت هۆی کەوتنی یان بەرکەوتنی بەر شتێکی ڕەقو ئازاری بدات، باشتر وایە، کورسی جووڵاو (کورسی هزاز)ی بۆ بەکاربێنن.

١١. زۆربەی منداڵانی ئۆتیزم ڕەفتاری ئازاردانی خۆی یان بەرامبەری دەبێت، ئەمەش حاڵەتێکی باش نییە، بەڵام دەتوانرێت ئەم ڕەفتارەی کەم بکرێتەوە.

١٢. تۆ بەتەنها نیت، کە منداڵی ئۆتیزمت هەیە، دڵنیابە، کە کەسانی تر هەیە، منداڵی ئۆتیزمیان هەیە، بەڵام ژیانیش لێرەدا

کۆتایی نایەتو ناوەستێت، دڵنیاش بەکەسانێك دەبێت هاوکاریت بکات.

١٣. قوتابخانە باشترین جێگایە بۆ ڕاهێنانو گەشە کۆمەڵایەتیو تواناکانی منداڵ، بۆیە ئەگەر منداڵەکەت توانای قسەکردنی لەقوتابخانە هەبوو، بێبەشی مەکەو گوێ بەقسەی دەوروبەر مەدە، دڵنیابە کەسانێك دەڵێن، منداڵەکەت بۆ قوتابخانە نابێتو دەبێتە هۆی تێکچوونی ژینگەی پۆل، بەڵام ئەوەی گرنگە نابتوانرێت هەوڵ بدرێت ژینگەی ئەو قوتابخانەیە لە بار بێت بۆ منداڵەکە .

١٤. منداڵی ئۆتیزم کاتی خەوتن و هەڵسان لە خەو نازانێت، ئەوەش پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە تا ڕابێت، بەڵام دڵنیابە کە ڕادێت.

١٥. منداڵی ئۆتیزم لە ووشەی (عەیبە) تێناگات، بۆیە ئەو ووشەیەی لە گەڵدا بە کار مەهێنە.

١٦. هەوڵبدە کە قسە دەکەی لە گەڵ منداڵەکەتدا لە گەڵ ووشەکان ئاماژە بە ووشەکان بکە، واتا جوڵە لە گەڵ ووشەکاندا بە کار بێنە.

١٧. کورتترین و ئاسان ترین ووشە و ڕستە لە گەڵ منداڵی ئۆتیزم بە کار بێنە.

کورتەیەك لەسەر نووسەر:

ڕەحمان عەلی قادر

لەساڵی ١٩٧٧ لەناوچەی زەنگاباد لەگەرمیان لەدایکبووە.

خوێنـــدنی ســـەرەتای و ئامـــادەیی لـــە ئۆردوگـــای ڕزگـــاری تەواوکردوە.

ســـاڵی ٢٠٠٢ زانکـــۆی ســـلێمانی/کۆلێـــژی زانـــستە مرۆڤایەتییەکان/بەشی کۆمەڵناسی تەواوکردوە.

ســـاڵی ٢٠٠٣ وەك پـــسپۆری کۆمەڵایـــەتی لەچاکـــسازی (بەندیخانە) دامەزراوەو تا ٢٠١٠ لەوێ کاری کردوە.

لەســـاڵی ٢٠١٠ وە وەك پـــسپۆری کۆمەڵایـــەتی لەســـەنتەری ئۆتیزم کاردەکات.

E.mail: rahmanali٢٠٠٦@hotmail.com
Facebook: Rahman Ali رحمن علي

ئۆتیزم...

ئۆتیزم بریتیە لە شڵژان یان تێکچوونی گەشەی دەمارەکانی مێشك ، ئەمەش کاردەکاتە سەر کارو فەرمان و چالاکیەکانی مێشك، لە سێ بوواری سەرەکیدا گرفت بۆ منداڵ درووست دەکات :

1- پەیوەندی زارەکی و نازارەکی.

2- پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

3- رەفتاری دووبارەو یەك رێچکە(گرنگیدان بە شتێك).

ئەم نیشانانە لە سێ ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدا دەردەکەوێت.

تا ئێستا لە جیهاندا بەتەواوەتی هۆکاری تووش بوون بە **ئۆتیزم** نەزانراوە، تا دێت رێژەکەشی لە زیادبووندایە، کوڕان لە کچان زیاتر توشی **ئۆتیزم** دەبن.

ئۆتیزم پەیوەندی بە چینی کۆمەڵایەتیەوە نیە وەك؛(هەژاری و دەوڵەمەندی، خوێندەوار و نەخوێندەوار ..)

15701

PAO
ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی
Public Aid Organization

کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستان
ASK
Autism Society of Kurdistan